

ئەو گوڵلانەی دەنرێن
بە گەنجانەوە، دەبێت
بنرێت بە گەندەڵییەوە
٤


ڕاپەڕینە
جەماوەرییەکانو قەیرانی
پارادایمی شۆڕش
٢٢


مافی سەرۆکبوونی
تاڵەبانیو بارزانی
دەمێکە بەسەرچووە...
٢١

دەسەڵات حساب
بۆ بڕیارەکەی
پەرلەمان ناکات
٨



تەزکییەی حیزبیی
دامودەزگاکانی
بادینان دادەپۆشێت
١٩


# رۆژنامە


کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات
ژمارە (٦٢٣) سێشەممە ٢٠١١/٣/١ نرخ (٧٥٠) دینار www.sbeiy.com


## لەژێر فشاردا (٧) رفێندراو لە هەولێر ئازادکران

# (٦٨) زانای ئاینیی لە هەولێر:
# خۆپیشاندان مافێکی شەرعییەو تەقەکردن حەرامە

ئەلەند مەحوی

دەیان مامۆستای ئاینیی پارێزگای هەولێر خۆپیشاندان بە مافێکی شەرعیی دەزانن و بە فشاری لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانیش (٧) رفێندراو لە هەولێر ئازاد دەکرێن.

لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەکەی دوێنێیدا چەند پەرلەمانتارێکی دەستنیشانکرد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو کەسانەی کە لەم هەفتەیەی رابردوودا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە هەولێر رفێندرابوونو بێسەرو شوێن بوون، هەر دوێنێش لەژێر فشاری ئەو لیژنەیەدا (٧) رفێندراو بە کەفالەت ئازاد کران.

کاروان ساڵح، ئەندامی ئەو لیژنەیە ئێوارەی دوێنێ لەکاتی ئازادکردنی رفێندراوەکاندا لە بنکەی پۆلیسی خانەقا لە هەولێر بە رۆژنامەی راگەیاند: "چاوەڕوانی ئازادکردنی ئەو (٧) کەسەین، کە لە چەند رۆژی رابردوودا لە هەولێر دەستگیرکراون، کەفالەت بۆ هەر (٧) کەسەکەیان کراوەو ئازاد دەکرێن".

ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی خستە روو "لە راپۆرتەکەماندا داوامانکردووە بە زووترین کات سەرۆکایەتی پەرلەمان، حکومەت پابەند بکات بە لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە تەقەکردنو پەلاماردانو هەڵکوتانە سەرماڵی خەڵکیان بەسەردا ساغ دەبێتەوەو پێویستە متمانەیان لێ بسەندرێتەوەو لە هەر پۆستێکدابن لا بدرێنو سزا بدرێنو دەربکرێن".

لەلایەکی دیکەوە، (٦٨) زانای ئاینیی ئیسلامیی پارێزگای هەولێر، رایانگەیاند: تەقەکردن بە رووی خۆپیشاندەراندا حەرامەو نەهی کراوەو خۆپیشاندانیش مافێکی شەرعیی و شتێکی باشە.

بۆ ل٦ و ٧



گۆڕەپانی سەرای سلێمانی، چەندین هەزار خۆپیشاندەر لەکاتی نوێژی هەینیدا فۆتۆ: سیروان رەشید

## یەکێتیی ئەورووپا داوا لە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەکات، توندوتیژیی بەکارنەهێنن

رۆژنامە

لە راگەیەنراوێکدا، کاسرین ئاشتۆن، وەزیری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، داوا لە دەسەڵاتدارانی عێراقو هەرێمی کوردستان دەکات، دان بە خۆیاندا بگرن لە کاتی خۆپیشاندانەکانداو گیانو سەلامەتیی خۆپیشاندەران بپارێزن.

وەزیری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، لە راگەیەنراوەکەدا ئاماژەی بەوە داوە: ئازادیی رادەربڕین، کۆڵەکەی سەرەکیی دیموکراسییە.. بەڵام زۆر بەداخەوە هەواڵی گیانلەدەستدانی هاوڵاتییانی مەدەنیمان پێگەیشت بەتایبەتی لە سلێمانیو هەندێ شوێنی تر، سەرەخۆشی خۆشمان ئاراستەی خانەوادەی قوربانییەکان دەکەین.

هاوکات، جەختی لەوە کردووەتەوە کە پێویستە: داواکاریی هاوڵاتییان لەڕێی پرۆسەیەکی سیاسییو دیموکراسییەوە وەڵام بدرێتەوەو نابێت بە هیچ شێوەیەک هێز لەم پرۆسەیەدا بەکاربهێنرێت.

ئەم راگەیەنراوەی یەکێتیی ئەورووپا، لە دوای داوایەکی بەپەلەی گرووپی سپی شاری سلێمانی دێت کە داوای لە رێکخراوەکە کردبوو، فشار بخاتە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ ئەوەی توندوتیژیی لە بەرامبەر خۆپیشاندەران بەکارنەهێنن.

## کۆبوونەوەی یەکێتیو گۆڕان...یەکێتی ئامادەیی نیشانداوە
# چەند گۆڕانکارییەکی پەیوەست بە سیستمی حوکمڕانیی بکرێت

رۆژنامە

کۆبوونەوەی یەکێتیو گۆڕان تائێستا لە چوارچێوەی گفتوگۆدا ماوەتەوەو یەکێتیش ئامادەیی نیشانداوە هەندێک گۆڕانکاریی لە سیستمی حوکمڕانیدا بکرێت.

دوێنێ بۆ جاری دووەم وەفدی بزووتنەوەی گۆڕانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی کۆبوونەوە، ئەوەش پاش کۆبوونەوەی هەینی رابردوو لەنێوان هەردوولا کە لە ماڵی نەوشیروان مستەفا ئەنجام درا.

لەپاش کۆبوونەوەکەی دوێنێ، وەفدی گۆڕان لە روونکردنەوەیەکدا رایگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا وەفدی گۆڕان بە راشکاویی باری سەرنجی خۆی دەربارەی چارەسەری قەیرانی سیاسیی هەرێمی کوردستان روونکردەوە، لەپێش هەموویانەوە پێویستیی هێنانەوەی رەشنووسی دەستووری هەرێمو یاساکانی پەیوەندیدار بە سیستمی سیاسییەوە بۆ گفتوگۆو چاککردنو هەڵوەشانەوەی حکومەتی ئێستای هەرێمو پێکهێنانی حکومەتێکی کاتیی نوێ کە هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدات.

لەلایەکی دیکەوە ماڵپەڕی دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بڵاویکردەوە؛ سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی دوێنێی نێوان یەکێتیو گۆڕان بڵاویکردەوە؛ کە "لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا بەوردیی باسی دۆخی ئێستاو گوێگرتن لە مافی دیموکراسیو رەوای خەڵکی خۆپیشاندەر بە ئاراستەی هێمنانەو دوور لە کێشە لەگەڵ هۆکاری سەرهەڵدانی رووداوەکانیان باسیان لێوە کرا، هاوکات چۆنییەتی چارەسەرکردنی هۆکارو ئەنجامی کێشەکانیشیان خرانە روو، باسیشیان لە چارەسەری بنەڕەتیو هەنووکەیی هێنایە پێشەوەو

بۆ ل...٢٠

## گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ، پرۆژەیەکی چاکسازیی پێشکەش دەکەن

رۆژنامە: هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ، سەرقاڵی گفتوگۆو کۆبوونەوەن بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی چاکسازیی بنەڕەتی لە کوردستانو پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەکەن، وەک ئەوەی رێکەوتوون لەسەری کاتێک دیاری دەکەن بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی پرۆژەکەیان.

چەند رۆژێکە هەرسێ حیزبی ئۆپۆزسیۆن (بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی) لەسەر ئاستێکی باڵا سەرقاڵی کۆبوونەوەو ئامادەکارین بۆ داڕشتنو چۆنیەتی پێشکەشکردنی پرۆژەکەیان، ئەوەش دوای چەند جارێک داواکاریی بۆ چاکسازیی سیاسییو ئیداریی لە هەرێمی کوردستانو خۆپیشاندانی نارەزایی هاوڵاتییانی هەرێمەکە دێت.

زیاتر لە ل...٢٠ دایە



## بۆچی سەرای سلێمانی چەقی خۆپیشاندانەکانە

ل...٥



## جگە (٪١٧)ەکە، هەرێم لە چەند سەرچاوەیەکی ترەوە پارەی دەست دەکەوێت

ل...١٥



## رەوەندی کوردیی لە (١٠) وڵاتی ئەورووپاو ئوستراليا دێنە سەر شەقام

٤

نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر: راپۆرتمان لەبارەی مامەڵەی دەسەڵات لە بەرامبەر خۆپیشاندەران بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووە

# خۆپیشاندانەکان بەردەوام دەبێت... (٨) کوژراو و (٢٠٠) بریندار هەیە

**راپۆرتی: پەیامنێرانی رۆژنامە**

خۆپیشاندانەکانی چەند رۆژی رابردووی سلێمانیو شارو شارۆچکەکانی دیکە، نزیکەی (٢٠٠) بریندارو (٨)کوژراوی لێکەوتەوەو نارەزایەتییەکانیش تادێت فراوانتر دەبێت.

گەرمیان ئەحمەد (١٢) ساڵ، یەکەم قوربانیی رۆژی هەینی خوێناویی خۆپیشاندانەکانی گەرمیان بوو، رۆژی هەینی (٢/٢٥) لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی لەدوای نوێژی هەینییەوە خۆپیشاندان ئەنجامدرانو بە هۆی توندوتیژییو تەقەکردنی هێزە ئەمنییەکانو لە کەلارو چەمچەماڵیش بە هۆی تەقەی پاسەوانەکانی بارەگا حیزبییەکانی پارتیو «چەکداری نەناسراوەوە (٣) کەس گیانیان لەدەست داو زیاتر لە (٣٥) کەسیش بریندار بوون».

## هەڵەبجە

رۆژی پێشتریش خۆپیشاندان لە هەڵەبجە ئەنجامدراو بە هۆی دروستبوونی توندوتیژییو پێکدا هەڵپژانو شەڕە بەردو تەقەکردنەوە لەنێوان خۆپیشاندەرانو هێزە ئەمنییەکاندا مفەوەزێکی پۆلیس بە ناوی (سەرکار حەمە سەعید) گیانی لەدەست دا.

دوابەدوای ئەو خۆپیشاندانەی هەڵەبجەو دروستبوونی توندوتیژییو شەهیدبوونی ئەو پۆلیسەوە، هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی رێکخەرانی خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە دەستپێکراوەو فەرمانی دەستگیرکردنی چەند کەسێک دەرچووە.

هەر رۆژی خۆپیشاندانەکەو رۆژی دواتریش (١٦) کەس لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکرانو دواتریش سەرچاوەکانی پۆلیس رایانگەیاند: سەرجەم دەستگیرکراوەکان ئازاد کراون.

## کەلار

هاوشێوەی سەرجەم شارو شارۆچکەکانی دیکە، رۆژی هەینی خۆپیشاندانێکی گەورە لە شارۆچکەی کەلار ئەنجامدراو سەرەتای خۆپیشاندانەکە لەبەردەم قوتابخانەی لەیلا قاسمی بنەڕەتی، کە دەکەوێتە نزیک بازاڕی کەلار بە هێمنیی بەڕێوەچوو، دواتر ئاراستەی خۆپیشاندانەکە گۆڕا بەرەو ناوبازاڕی شارەکەو نزیک مەکتەبی رێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتو بە هۆی دروستبوونی توندوتیژییو شەڕە بەردو وەڵامدانەوەی هێزە ئەمنییەکانی پاسەوانانی بارەگاکەی پارتی، مێرد منداڵێکی (١٧) ساڵە بە ناوی (بیلال ئەحمەد) گیانی لەدەست داو (٢٦) کەسیش بریندار بوون، چوار لە بریندارەکانیش بەهۆی سەختیی برینەکانیانەوە رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کران، کە دوو رۆژ دوای برینداربوونی یەکێکیان بەناوی (محەمەد رەشید موراد) تەمەن (٦٥) ساڵ، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

رۆژانی دوای خۆپیشاندانەکەش لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی شارەکەوە هەڵمەتێکی دەستگیرکردن دەستپێکردووە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی رۆڵیان هەبووە لە رێکخستنی خۆپیشاندانەکەدا.

## چەمچەماڵ

لە قەزای چەمچەماڵیش رۆژی هەینی خۆپیشاندانێکی بەرفراوان بەڕێوەچوو، سەرەتا خۆپیشاندەران لە ناوەڕاستی بازاڕ (فولکەی شێخ رەزای تاڵەبانی) نوێژی هەینییان بە (جەماعەت) کردو دواتر چەند وتارێک خوێندرانەوە، پاش کەمێک لە بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکە ئاراستەکەی گۆڕا بەرەو قایمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ، دوای ئەوەی لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە بەردبارانی بینای قایمقامیەت کرا، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە تەقەکردن بڵاوەیان پێکراو خۆپیشاندەران بەرەو خۆرئاوای شارەکە رۆیشتنو ئاراستەی خۆپیشاندانەکە گۆڕا بەرەو لقی (١٩)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە نزیکەی (١٠٠) مەتر لە قایمقامیەتەوە دوورەو بە هەمانشێوە بە تەقە هەوڵی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران دراو تەقەکردنی پاسەوانەکانی لق بووە هۆی کوژرانی منداڵێکی تەمەن (١٢) ساڵ بە ناوی (گەرمیان ئەحمەد)و (٤) کەسی دیکەش بریندار بوون، کە برینی هەندێکیان بە هۆی بەردو شووشەی شکاوەوە بووە.

رۆژی دواتریش خۆپیشاندەران لە هەمان شوێنی پێشوویان کۆبوونەوەو خۆپیشاندانێکی هێمنانەو دوور لە توندوتیژییو لەژێر کۆنترۆڵی هێزێکی ئەمنی گەورەدا سازداو چەند داواکارییەکیان خستە بەردەم بەرپرسانی ئیداریی ناوچەکەو کوردستانو رای گشتییو داوای دەستگیرکردنو دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کوشتنو تەقەکردن لە هاوڵاتییانیان کرد، سەرەڕای داواکارییەکانی رۆژی پێشووتریشیان.

هەمان رۆژ خۆپیشاندان دەربەندیخانیشی گرتەوەو خۆپیشاندەران لە سەنتەری شارەکە کۆبوونەوەو دوای دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی رۆژانی رابردوو، چەندین دروشمو وتار خوێندرانەوەو داوا لە سەرجەم چینو توێژەکان کرا بچنە ریزی خۆپیشاندەرانەوە.

هەمان رۆژ لە شارۆچکەی عەربەتیش خۆپیشاندانو نارەزایی بەڕێوەچوو بە وتنەوەو هەڵگرتنی چەندین دروشمی جۆراوجۆراو خوێندنەوەی چەند وتارێک خۆپیشاندانەکە سازکراو بە هێمنییو دوور لە هەر توندوتیژییەک کۆتایی پێهێنرا.

## سەیدسادق

زۆربەی چینو توێژەکانی شارۆچکەی سەیدسادقیش رۆژی هەینی رژانە سەرشەقامەکانو بە وتنەوەو هەڵگرتنی چەندین دروشم لە ناوبازاڕی شارۆچکەکە خۆپیشاندانێکیان رێکخست.

خۆپیشاندانەکەی سەیدسادقیش بەدەر نەبوو لە توندوتیژییو شەڕە بەرد لەنێوان خۆپیشاندەرانو هێزەکانی ناوخۆو هێزە ئەمنییەکان روویداو خۆپیشاندەران بەرەو رووی ناوچەی سورێنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوونەوە بەهۆی توندوتیژییو شەڕەبەردو تەقەکردنەوە (٤) کەس بریندار بوون.

لە خۆپیشاندانەکەدا زیاتر لە هەزار کەس لە گەنجانو دانیشتووانی ئەو شارە بەشداربوون، وێڕای پشتیوانییان لە خۆپیشاندانەکانی سەرای ئازادیی، داوای ئەنجامدانی چاکسازییو نەهێشتنی گەندەڵییو باشترکردنی ژیانیان دەکرد.

## بتوێنو پشدەر

لەگەڵ بەردەوامیی خۆپیشاندانو نارەزاییەکانی چینو توێژە جیاوازەکانی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دژی ناعەدالەتیو گەندەڵییو تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، ئێوارەی پێنجشەممە (٢/٢٤)، خۆپیشاندان لە شارۆچکەی چوارقوڕنە دەستپێکرد.

لە خۆپیشاندانەکەدا هاوڵاتییان پشتگیریی خۆیان بۆ خۆپیشاندانی جەماوەریی شارەکانی دیکەی کوردستان دووپات کردەوەو داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتو سزادانی ئەو کەسانەیان کرد، کە سەروەتو سامانی میللەتیان بەهەدەر داوە.

بۆ رۆژی پێنجەم، لەسەر یەک هاوڵاتییانی شاری رانیەی دەروازەی راپەڕین بە سەرجەم چینو توێژە جیاجیاکانەوە رژانە سەر شەقامەکانو لە بەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزارییو کەموکوڕییو بۆ پشتیوانیکردن لە چاکسازیی سیاسیی، خۆپیشاندانیان ئەنجامداو بێ هیچ رووداوێکی توندوتیژیی کۆتایی پێهێنرا.

هەر لە خۆپیشاندانەکەدا چەند پەرلەمانتارێکی عێراقو هەرێمی کوردستانیش بەشدارییان تێدا کرد.

لە شاری قەڵادزێش بە بەشداریی جەماوەرێکی بەرفراوان خۆپیشاندان دەستپێکرد، لە خۆپیشاندانەکە جەماوەری ئامادەبوو پشتگیریی خۆیان بۆ داوای جەماوەری سلێمانی دەربڕیو ئیدانەی هەر کردەیەکی توندوتیژییان کرد، کە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکاربهێنرێت.

## کۆیە

وەک نارەزایی بەرامبەر هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەران بە گوللەو شەهیدکردنی خۆپیشاندان رۆژی (٢/٢٣)ش بە بەشداریی هەزاران هاوڵاتی گرووپی دەنگ لە سنووری قەزای کۆیە خۆپیشاندانێکی جەماوەریی فراوانیان ئەنجامداو یاداشتێکی (١٠)خاڵییان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد.

## ناوشاری سلێمانی

خۆپیشاندانەکانی سەرای ئازادیی لە سلێمانی پێی نایە (١٢)ەیەمین رۆژییەوەو رۆژانە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە بەرفراوانیی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێتو سەرجەم چینو توێژە جیاجیاکان بەشداریی دەکەنو لەدوا هەنگاویشدا ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش دوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بڕیاریان دا بچنە ریزی خۆپیشاندەرانەوە.

لەدەیەم رۆژی خۆپیشاندانەکەدا (بۆمبێکی) دەنگیی لە مەیدانی ئازادیی تەقێنرایەوە بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانو بەوهۆیەوە خۆپیشاندەران بە کوچەو کۆڵانەکانی نزیک مەیدانی ئازادیی بڵاوبوونەوەو بەهۆیەوە خۆپیشاندەران رووبەڕووی هێزە ئەمنییەکان بوونەوە لە ئەنجامی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران لەبەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانی گەنجێک بەناوی (ئومێد جەلال) گیانی لەدەست داو زیاتر لە (١١) کەسیش بریندار بوون. بەگوێرەی سەرچاوە پزیشکییەکانیش لە سەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە تا ئێستا لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان نزیکەی (٢٠٠) کەس بریندار بوونو (٨) کەسیش گیانیان لەدەست داوە.




# قادر عەزیز: بڕیارمانداوە تێکەڵاوی خۆپیشاندانەکان بین

**سەنگەر کوردە**

لە راگەیەنراوێکدا حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ تەواوی پشتیوانیی خۆی بۆ خۆپیشاندەرانی کوردستان ئاشکرا کردو سەرۆکی حیزبەکەش دەڵێت: «بڕیارمان دا تێکەڵاوی خۆپیشاندەران بین».

بەپێی بەلاغی دوا کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتی قادر عەزیز، ئەو حیزبە پشتگیرییو پشتیوانیی خۆی بۆ خۆپیشاندانەکانی کوردستان دووپاتکردەوەو تێیدا هاتووە: «داوا لە سەرجەم کادیرو ئەندامو لایەنگرانی حیزب دەکەین، پشتگیریی لە خۆپیشاندانی مەدەنیو دیموکراسییانەی خەڵکی کوردستان بکەن، چونکە تەنیا فشاری راستەوخۆی خەڵک دەستەبەری ناچارکردنی دەسەڵاتە بە گۆڕانو چاکسازیی لەم هەرێمەدا».

لەو بارەیەوە قادر عەزیز، سەرۆکی حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ، بۆ رۆژنامە وتی: «کۆبوونەوەکەی سەرکردایەتی تەنیا بۆ پشتیوانیی نەبووە لە خۆپیشاندان، چونکە دەمێکە ئەو پشتیوانییەمان کردووەو ئەوە ئەلفو بایە بۆ حیزبێکی وەک ئێمە، بۆیە لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارمان دا تێکەڵاوی ئەو خۆپیشاندانانە بین، کە ئێستا هەموو چینو توێژەکانی کوردستان تێکەڵاوی دەبن».

ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە خۆپیشاندانەکان مەدەنینو داواکانی، داخوازیی رەوای خەڵکی کوردستاننو ناکرێت حیزبێکی وەک ئەوان پشتیوانیی نەکاتو تێکەڵی نەبێت، «بەڵکو دەبێت تێکەڵاوی ببێتو هەوڵبدات خۆپیشاندان بەردەوام بێتو نەوەستێت، چونکە وەستانی ئەو خۆپیشاندانانە، مردنی هیواکانی خەڵکە».

# گۆڕان، UN لە کوشتنی خۆپیشاندەران ئاگادار دەکاتەوە

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

فراکسیۆنی گۆڕان، نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوشتنو رفاندنو رەشبگیریی خۆپیشاندەرانی کوردستان ئاگادار دەکاتەوەو داواشیان لێدەکات، فشاربخەنە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ دەستهەڵگرتن لەو کارانە.

رۆژی ٢/٢٧، وەفدێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد لە شاری هەولێر.

لەوبارەیەوە، پەیام ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەسەر داوای نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان، سەردانمان کردنو لەگەڵ نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانو بەرپرسی مافەکانی مرۆڤ لە جنێف کۆبووینەوەو ئاماری وردی کوشتنو بریندارو دەستگیرکراوەکانی چەند رۆژی رابردووی خۆپیشاندانەکانی شارەکانی هەرێممان بە بەڵگە پێشکەشکردنو ئەوەمان پێڕاگەیاندن، کە دەسەڵاتدارانی هەرێم، بە گوللە وەڵامی خۆپیشاندەرانیان داوەتەوەو شاڵاوێکی رەشبگیرییو رفاندنی هاوڵاتییان دەستپێکردووە».

وتیشی: «نەتەوە یەکگرتووەکانمان لە ئاڵۆزیی رەوشی هەرێمو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ئاگادارکردەوەو داوامان لێکردن فشاربخەنە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم، بۆئەوەی دەست لە کوشتنو بڕینو رەشبگیریی هەڵبگرن».

ئەوەشی خستەڕوو، نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانو بەرپرسی مافەکانی مرۆڤ لە جنێف، ئەوەیان خستەڕوو کە راپۆرتێک لەو بارەیەوە بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان بەرزدەکەنەوە.

هەواڵ و راپۆرت

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پشتیوانیی لە خۆپیشاندەران دەکات

رۆژنامە: ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا بڕیاریاندا بە کۆی دەنگ پشتیوانیی بکەن لە داواکاریی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

کاوە عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند: لە دانیشتنی رۆژی شەممەی ئەنجومەندا دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی عێراقو ناوچەکە بە گشتیی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەن لە لیستە جیاوازەکان بە کۆی دەنگو بەوپەڕی سەربەرزییەوە راوبۆچوونی خۆیان دەربڕیو پشتیوانیی خۆیان بۆ داواکارییو مافە رەواکانی خۆپیشاندەرانی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕیو دواتر هەموو لایەک کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە روونکردنەوەیەک دەر بکەن.



## گەڕانەوە بۆ باوەشی خەڵک

سەرنووسەر

ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر، لایەنە سیاسییەکانی کورد بە دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە، پێویستیان بە دانیشتنو لێکتێگەیشتنو دۆزینەوەی چارەسەر هەیە، پڕوپاگەندەی تەخوینو گۆشەگیرکردن لای هاوڵاتییانو لایەنە سیاسییەکان ئاشکرابوونو هیچ کاریگەرییەکیان نەماوە.

دەسەڵات، پێویستی بە موراجەعەو چاکسازیی خۆیو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی شەقام هەیە، ئۆپۆزسیۆنیش پێویستی بە رێکخستنی ریزەکانی هەیەو داوا هەنووکەییو دوورمەوداکانی لەیەکدی جیابکاتەوە.

دانیشتنەکەی نێوان شاندی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بزووتنەوەی گۆڕان لە رۆژی هەینی رابردوودا، لەکاتێکدا بووکە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە پارێزگای سلێمانیو دەوروبەری روو لە فراوانبوون بوونو بارودۆخی هەولێریش لە چاوەڕوانیو پەنگخواردنەوەی رقو بێزاریی هاوڵاتییانی بەرامبەر هەڵسوکەوتو شانۆگەرییەکانی دەسەڵات، لە ئەستوربووندا بوو، لەم بارودۆخەدا، دانیشتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان کارێکی باشو ژیرانەیە، دابەزینە لە لوتبەرزییو خۆدانەواندنە بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکانو نزیکبوونەوەشە لە داخوازییو داواکارییەکانی شەقام، کە بەدڵنیاییەوە تەنیا هی شەقامی سلێمانی نییە، بەڵکو سەرای سلێمانی بووەتە بڵندگۆی هەموو کوردێکی ئەم کوردستانە لە زاخۆوە تا خانەقین.

گرنگ ئەوەیە، لەم دانیشتنەو هەر دانیشتنێکی تردا چەند راستییەک لای ئامادەبووان بەرجەستە بووبێت، کە یەکەمیان: بۆ کوشتنی کاتو دوورخستنەوەی خەڵک نەبێت لە شەقام، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە بگرێت کە کێشەکان ئەوەندە گەورەو ئاوساون، بوار بۆ مانۆڕ یان ئارایشکردن نەماوەو دەبێت بە بڕوای تەواوەوە دەسەڵات پێش ئۆپۆزسیۆن درکی بەوە کردبێت کە گەمەکە بەرەو کۆتایی دەڕواتو هەموو کارتەکانیش لەدەست گۆڕانو ئۆپۆزسیۆندا نینو ئەمڕۆ شەقامیش داواکاریی خۆی هەیەو بە حەبی موسەکینو پینەوپەڕۆ رازی نابێت.

دووەمیان: بڕواهێنانی دەسەڵاتە کە دەبێت چاکسازیی سیاسیی بەپەلە ئەنجام بداتو بە ئیدانەکردنی تەقەکردنو کوشتنی هاوڵاتییان دەستپێبکاتو بەهیچ شێوەیەک ئەومەسەلەیە نەبەستێتەوە بە بەردهاویشتن، یاخود شکاندنی جامو شووشەی بارەگاکان.

سەرۆکی هەردوو حیزب، لەجیاتی حیزبو دامودەزگاکانیان، داوای لێبووردن لە هاوڵاتییانیان بکەنو بەباشترین شێوە قەرەبوویان بکەنەوە.

شانبەشانی ئەو هەنگاوانە، دەبێت چەند بڕیارێک دەربکرێت کە ببنە مایەی دروستکردنی متمانە لای هاوڵاتییانو ئۆپۆزسیۆن، بەوەی کە دەسەڵات بە هەموو ئەو یاساو بڕیارانەدا بچێتەوە کە کۆدەنگیی نیشتمانییان لەسەر نییەو پردی متمانەو کاری هاوبەشی نەهێشتووە.

بەدەنگەوەهاتنی دەسەڵات، دەبێتە هۆی دارشتنی بەرنامەیەکی تۆکمەی چاکسازیی سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتی، کە خۆی لە داخوازییەکانی بەیانە حەوت خاڵییەکەی بزووتنەوەی گۆڕانو داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانو ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی گشتیی دەبینێتەوە.

ئەم داخوازییو هەنگاوانەی سەرەوە، جێبەجێ نابنو ئەو دانیشتنانەش بەرناگرن ئەگەر ئیرادەیەکی راستەقینەی بەهێز لای هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار نەهاتبێتە ئاراوەو درکیشیان بەوە نەکردبێت کە دروشمو بەڵێن لەلایەکو هێزو چەکو پارە بەبێ پشتگیریی هاوڵاتییان لەلایەکی تر، تەنیا شکستی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

## گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ، پرۆژەیەکی چاکسازیی پێشکەش دەکەن

سەنگەر جەمال

هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ، سەرقاڵی گفتوگۆو کۆبوونەوەن بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی چاکسازیی بنەڕەتی لە کوردستانو پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەکەن، وەک ئەوەی کە رێکەوتوون لەسەری کاتێک دیاریی دەکەن بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی پرۆژەکەیان.

چەند رۆژێکە هەرسێ حیزبی ئۆپۆزسیۆن (بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی) لەسەر ئاستێکی باڵا سەرقاڵی کۆبوونەوەو ئامادەکارین بۆ دارشتنو چۆنیەتی پێشکەشکردنی پرۆژەکەیان، ئەوەش دوای چەند جارێک داواکاریی بۆ چاکسازیی سیاسییو ئیداریی لە هەرێمی کوردستانو خۆپیشاندانی ناڕەزایی هاوڵاتییانی هەرێمەکە دێت.

جەلال جەوهەر، ئەندامی وەفدی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئامادەکارییەکانی پرۆژەکە لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئاماژەی بە خاڵە سەرەکییەکانی پرۆژە «هاوبەشەکەیان» کردو روونیکردەوە؛ کە هێشتا پرۆژەکە تەواو نەبووەو گفتوگۆی لەسەر دەکەنو وتی: «ئەو پرۆژەیەی بەدەستمانەوەیە بۆ چاکسازیی لە هەرێمی کوردستان، چەند لایەنێک دەگرێتەوە، ئەوانیش: رەشنووسی دەستوور، حکومەتو پەرلەمانی هەرێمی کورستانو دەسەڵاتی دادوەریی».

باسی لەوەشکرد؛ بڕیارە پرۆژەکەیان چەند لایەنی دیکەش لەخۆ بگرێت، کە بە لای ئەوانەوە گرنگە وەک مەسەلەی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس، هەروەها هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکانو ئەکتیڤکردنی لیژنەی نەزاهەو دامەزراندنی دەستەی نەزاهەی کوردستان، وتیشی: «هەمواركردنەوەی هەندێک پرۆژەیاسا، وەک یاسای خۆپیشاندانو گەڕاندنەوەی موڵکو سەروەتی دەستبەسەرداگیراوی هاوڵاتییانو حکومەت لە لایەن دەسەڵاتدارانو حیزبەکانەوە لەناو پرۆژەکەدا جەختی لەسەر دەکەنەوە».

بەپێی وتەی هەڵسووڕاوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، لەناو پرۆژە چاکسازییەکەیاندا ئاماژەیان بە چۆنیەتی مامەڵەی نێوانی ئەحزابو حکومەتو چەسپاندنی سەربەخۆیی لە زانکۆکانو ناوەندەکانی خوێندنی باڵاو دابەشکردنی داهاتەکان بە شێوەیەکی عادیلانە کردووە، ئەوەشی خستە روو؛ کە ئەوەی بە لایانەوە گرنگەو جێگیریان کردووە، ئەوەیە کاتێکی دیاریکراو (سەقفێکی زەمەنی)یان داناوە، وتیشی: «تائێستا رەشنووسی پرۆژەکە ئامادە کراوەو دوای رێککەوتن لەسەری پێشکەشی ئەو دەسەڵاتو لایەنەی دەکەین کە پێویستە».

## دوای پێنج مانگ دواکەوتن، حکومەت بودجە دەنێرێتە پەرلەمان

بەرزان عەلی حەمە

لەکاتێکدا کە هێشتا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند نەکراوە، سەرۆکی حکومەت وردەکاریی بودجەی ساڵی ٢٠١١ ئاشکرا دەکاتو ئۆپۆزسیۆنیش داوای لێپێچینەوەی لێ دەکات لە پەرلەمان، چونکە وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، ئەوە ئیشی پەرلەمانە، نەک سەرۆکی حکومەت.

کاردۆ محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بەوە دەکات، ئەو وردەکارییە ئیشی سەرۆکی حکومەت نییە، «ئەمە زیاتر رووکارێکی ئیعلامییە بۆ ئەوەی باس لەو پێشنیازە بکات کە حکومەت دەیەوێت بیکات، بەڵام جارێ بودجەکە پەسەند نەکراوەو هەتا پەسەندیش نەکرێت، ئەو گرنگییەی نابێت، ئەو وردەکارییانەی بودجە کە وا باس دەکرێت بۆ ئەوەیە کە بڵێت، ئەمە دەستکەوتەکانمانە، لەکاتێکدا هێشتا بودجەکە پەسەند نەکراوە».

کاردۆ محەمەد، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دەبوو بودجەکە مانگی (١٠)ی رابردوو بهاتایە، بەڵام ئێستا ئەوە مانگی سێیەو تازە دێت، «ئێمە سەبارەت بەو بڕیارانە یاداشتێکمان وەکو ئۆپۆزسیۆن پێشکەشکردووە، کە سەرۆکی حکومەت بێتە پەرلەمانو هەم روونکردنەوەو هەم لێپێچینەوە بکرێت لەسەر ئەو دۆخانەی ئێستاو رابردوو کە لە کوردستان روو دەدەن».

## خەباتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەردەوامە

زمناکۆ ئیسماعیل

دوو رۆژە لە دەرەوەی خواستی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی، خوێندکاران درێژەیان بە خۆپیشاندانو مانگرتنی سەرتاسەریی داوەو بڕیارە تا جێبەجێکردنی داواکانیان بەردەوام بن.

هەرچەندە لە یەکشەممەی رابردووەوە بە فەرمانی وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمو سەرۆکایەتی زانکۆ چالاکییەکانی خوێندکاران راگیران، بەڵام گرووپی زانکۆی سلێمانی درێژەیان بە خۆپیشاندانو مانگرتنی خۆیان داوەو ناڕەزایەتییەکان درێژەیان هەیە.

دلێر عەبدولخالق، لە گرووپی زانکۆ، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هاوکاریی پێشووی حکومەتو سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ ئەوەبوو، تەنیا یەک هەفتە چالاکییەکانمان بەردەوام بنو دواتر خوێندکارەکان بچنە محازەراتەوە، بەڵام ئێمە لەژێر فشاری خوێندکاراندا درێژەمان بە چالاکییەکانمان داوەو مانگرتنی سەرتاسەریمان راگەیاندووە».



ناڕەزایی خوێندکاران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دوای دانیشتنیان لەگەڵ بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتو وەزیری خوێندنی باڵا، نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێکو هاوکات سیاسەتی حکومەتیش بەرامبەر خۆپیشاندەران گۆڕاوە، لەو چوارچێوەیەدا شەوی یەکشەممە چادرگەی مانەوەی خوێندکارەکان لەناو زانکۆ لە لایەن پۆلیسو ئاسایشەوە لابراوە.

دلێر، ئاماژەی بەوەشکرد؛ مانەوەی چالاکییەکان لە زانکۆ لەبەر ئەوە بوو دەسەڵات ویستوویەتی دەنگی خوێندکاران کپ بکرێتو ئەو فشارە گەورەیەی لەناو زانکۆ لەسەر حکومەت هەیە کۆتایی پێ بهێندرێت، وتیشی: «تەنیا جێبەجێکردنی داواکانی خەڵکو هەوڵی حکومەت بۆ چاکسازیی بە پەلە، خوێندکاران هێور دەکاتەوە».

## کارمەندانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە هەڕەشەی هەڵوێستوەرگرتن دەکەن

رۆژنامە

کارمەندانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە، داوای باشترکردنی باری ژیانو گوزەرانیانو زیادکردنی مووچەو کرێی کارکردنیان دەکەنو هەڕەشەی گرتنەبەری رێگەی مەدەنی دەکەن بۆ بەجێهێنانی داخوازییەکانیان.

لە یاداشتێکی (١٢) خاڵیدا، کە ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی کارگەی چیمەنتۆی یەکگرتووی تاسڵوجەیان کردووە، وێڕای خستنە رووی ئەو ناعەدالەتییەی کە لە کارگەکە هەیە، ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە چەند کەسێکی کەم نەبێت، کرێکارانو کارمەندانی کۆمپانیاکە سوودمەند نەبوون لە قازانجو سوودەکانی کۆمپانیاکە.



هەروەک داوا دەکەن، کە پەیڕەوو پرۆگرامی کۆمپانیاکە ئاشکرا بکرێت لە بوارەکانی: کاری سەرەڕاییو زیادەی ساڵانەو داهێنان، سەفەر، چۆنیەتی گەشەپێدانیو رێکخستنو ئەژمارکردنی قازانجی ساڵانە بۆ هەموو کارمەندانی کارگەکە، زیادکردنی مووچە بە شێوەیەک لەگەڵ هەڵاوسانی ئابووریدا بگونجێت، هەیکەلی رێکخستنی کارگەکە ئاشکرا بکرێت، کار بە یاسایەکی یەکگرتوو بکرێت بۆ کارگەی بازیانو تاسڵوجە، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەو گرێبەستی کارگەکە لەگەڵ کۆمپانیای دابینکردنی خۆراک بۆ کرێکاران بە هۆی خراپیی خواردنەکانەوە.

هاوکات ئەو کارمەندانە رۆژی ٢٠١١/٢/٢٧یان، وەک دوا مۆڵەتیش بۆ کارگەکە دانابوو بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییو داواکارییەکانیانو ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ گرتنەبەری شێوازی دیکە.

## پاشماوەی...
## کۆبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان...

سەرەنجامیش، گۆڕینەوەی بیروڕایان پێکەوە، بەتایبەتی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی تری بەشدار لە پەرلەماندا بۆ هەموو مەسەلەیەکی سیاسیی، یاسایی، خزمەتگوزارییو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بە گونجاوترین رێگەی چارەسەر داناو هەردوولا روانگەی سیاسیی خۆیان بە راشکاوی خستە روو، لەدوا سەرەنجامدا بەردەوامیی گفتوگۆ بە پێویست زانرا.

لە روونکردنەوەکەی یەکێتیدا هاتووە: «یەکێتی دوای گوێگرتن لە بۆچوونەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، بە رۆشنیی باسی ئەوەی کرد، باشترین رێگەی چارەسەرکردن گفتوگۆیە لەگەڵ لایەنە سیاسییە کاریگەرەکانی ئێستای کوردستان، بۆئەوەی پێکەوە هەم بەرنامەی چارەسەرکردن پەسەند بکەینو هەم مەسئولییەتی چارەسەرکردنەکەش قبووڵ بکەین، بەتایبەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم بۆچوونەش پەسەندکرا.

بەگوێرەی زانیارییەکان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەردوو ئەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ گۆڕان ئەنجامیداون، ئامادەییان تێدابووە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختو گەڕانەوەی رەشنووسی دەستوورو هەموارکردنەوەی چەند پرۆژەیاسایەک کە بەلای رای گشتیی خەڵکی کوردستانەوە جێگەی نیگەرانییە.

هەروەها سەبارەت بە گۆڕانکاریی لە حکومەتدا وەفدی یەکێتی لەگەڵ دروستکردنی حکومەتی نیشتمانیی بنکە فراواندان بە بەشداریی لایەنەکانی دیکە، بەڵام وەفدی گۆڕان لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی حکومەتو دروستکردنی حکومەتێکی کاتیی (حکومەتی تەکنۆکرات)دانو ئامادە نین بچنە ناو حکومەتی بنکە فراوانەوەو بەشداریی تێدا بکەن.

کۆبوونەوەکەی دوێنێی نێوان یەکێتیو گۆڕان، هەروەک کۆبوونەوەی رابردوو لە چوارچێوەی گفتوگۆدایەو هیچ بڕیارێکی تێدا نەدراوەو هیچ وادەیەکیش بۆ کۆبوونەوەی ئایندە دیاریی نەکراوە.



«بەشداربوون لەمجۆرە کۆبوونەوانەدا، باشترە لەسەدان نوێژی بێناوەڕۆک لەمزگەوتەکاندا»

# بۆچی سەرای سلێمانی چەقی خۆپیشاندانەکانە؟

ڕاپۆرت: سیروان ڕەشید

چەندین هەزار کەس بەشێوەی خۆڕسکو بەبێ جیاوازیی تەمەنو بیروبۆچوونی سیاسییان، ڕۆژانە لەبەردەرکی سەرای سلێمانی «سەرای ئازادیی» لە دژی سیستمێکی سیاسیی ڕاپەڕیون.

شەپۆلێکی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیستمی حوکمڕانیی وڵاتان، ڕویکردووەتە ناوچەکە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا). هەموو ئاماژەکانی خرۆشانی جەماوەر لە هەرێمی کوردستان، ئاماژە بۆئەوە دەکەن، کە باهۆزی گۆڕانکارییەکە هەرێمی کوردستانیشی گرتووەتەوە، بەوپێیەی لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە نەیانتوانیوە سیستمێکی حوکمڕانیی تەندروست پیادەبکەن.

ڕەخنەو ناڕەزایی سەرەکیی هاوڵاتییانی کوردستان لەدەسەڵاتداران، بریتییە لە، بوونی گەندەڵییەکی زۆر لەناو دەزگاکانی حکومەتو ئیفلیجی دامەزراوەی پەرلەمانو سیستمی قەزاو هەیمەنەی حیزب بەسەر ئەو دامەزراوانەوەو بوونی هێزەچەکدارەکان لەژێر چنگی حیزبداو جوڵاندنیان بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکان.

بەردەرکی سەرای سلێمانی کە ئێستا بە «سەرای ئازادیی» ناودەبرێت، گۆڕەپانێکی گەورەیەو دەکەوێتە سەنتەری ناو شاری سلێمانی. ئەم گۆڕەپانە لەناو بازاڕدا شەقامەکانی بێکەسو مەولەویو کاوەو سابوونکەرانو گۆرانو پیرەمێرد بەیەک دەبەستێتەوە، کە ئێستا چەقی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شارەکەیە.


ئەم جێگەیە، «بەردەرکی سەرا»، هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە شوێنی ڕاپەڕینو خۆپیشاندانی خەڵکی سلێمانی بووە کە بۆ یەکەمجار ئیعلانی یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی تێدا کراو مێجەر نۆئێل لە ١٩١٨/٢/١٧دا لەبەردەرکی سەرا ڕایگەیاند: کە شێخ مەحمود مەلیکی کوردستانە، بەوەش یەکەمین ئەزموونی سیاسیی حوکمڕانیی کورد لەسەدەی بیستەم دەستپێکرد.

لە ساڵی ١٩٣٠، لەبەردەرکی سەرا، یەکێک لەخۆپییشاندانە گەورەکانی خەڵکی شارەکەی بەخۆیەوە بینیوە کە بە شەڕی بەردەرکی سەرا ناودەبرێتو بۆ یەکەمجار خەڵکی ئەو شارە پەنایان بردە بەر خەباتی سیاسیی ئاشتییانە بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان.

هەروەها بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی لەعێراقدا، سەرای سلێمانی شوێنی خۆپیشاندانو ناڕەزایەتیی خەڵکی سلێمانی بووە، بەرامبەر بەستەمی داگیرکەران. لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یشدا، سەرای سلێمانی چەقی خۆپیشاندانو سەرهەڵدان بوو بەرامبەر ڕژێمی بەعسی رووخاو.

ڕەفیق ساڵح، شارەزای مێژووی سلێمانیو بەڕێوەبەری بنکەی ژین بۆ بوژانەوەی کەلەپوورو ڕۆژنامەگەریی، وتی: «مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئێستاش سەرای سلێمانی بووەتە مەیدانی خۆپیشاندانو ناڕەزایی خەڵکی ئەم شارە بەرامبەر ناعەدالەتی ئیداریو ئابووریو خراپیی سیستمی فەرمانڕەوایی ئەم هەرێمە».

ئێستا (١٣) ڕۆژە خۆپیشاندان لە بەردەرکی سەرای سلێمانی بەردەوامە، د.فاروق ڕەفیق کە ڕوناکبیرێکی دیاری کوردە، لەگەڵ ناسک قادری هاوسەریو گرووپێکی دیکە ئیدارەی خۆپیشاندانەکە دەکەن، وتی: «داواکارییەکانی ئێمە بریتیین لە دەستپێکردنی چاکسازیی ڕاستەقینە بۆ باشکردنی سیستمی حوکمڕانیی لەم هەرێمە».




دیمەنی خۆپیشاندەران لەکاتی نوێژی هەینیدا لە بەردەرکی سەرا

فۆتۆ: سیروان ڕەشید

خۆپیشاندانەکان تەنیا لەناو شاری سلێمانی نەوەستاون، بەڵکو پەلیان هاویشتووە بۆ شارو شارۆچکەکانی دیکەی گەرمیانو ڕانیەو هەڵەبجەو قەزای کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێریشی گرتووەتەوە، کە لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لە (٢٠٠) بریندارو (٧) کوژراو لە ئەنجامی تەقەی هێزە ئەمنییەکان دژ بەخۆپیشاندەران کەوتووەتەوە.

توڕەییو فراوانبوونی خۆپیشاندانی سلێمانیو شارۆچکەکانی دیکە، لەوەوە زیاتر کڵپەی سەندووە کە لە (٢/١٧)ی مانگی ڕابردوودا ژمارەیەک چەکداری پارتی دیموکراتی کوردستان بەگوللە ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوەو گەنجێکی تەمەن (١٤) ساڵانیان بەناوی ڕێژوان عەلی کوشتو دەیانی تریشیان بریندارکرد. کە ئێستا «١٧ی شوبات» وەک ڕۆژێکی مێژوویی ڕەشی شارەکە ناوبانگی دەرکردووە.

لە ئێستادا ئەو گرووپەی خۆپیشاندانەکەی سلێمانی بەڕێوەدەبەن، کەوتوونەتە بەردەم هەڕەشەیەکی «زۆر»ی دەزگا ئەمنییەکانو حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە مەبەستی وازهێنان لەخۆپیشاندانەکانو چۆڵکردنی سەرای ئازادیی.

هێمن کەریم کە یەکێک لە هەڵسوڕێنەرانی خۆپیشاندانەکەیە، وتی: «چەند ڕۆژێکەو بەچەند ڕێگەیەک فشارێکی زۆری هەڕەشەمان لەسەرە بە مەبەستی دەستبەرداربوونی گرووپی بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانەکە، لەکاتێکدا ئێمە دەمانەوێت بەئاشتی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران بێتەدی».

هێمن، وتیشی: سەرای ئازادیی، بووەتەماڵمان، بووەتە جێگەی ژوانمان، هەتا مافی خۆپیشاندەران جێبەجێ نەکرێت، وازناهێنین.

بەکر تۆفیق، بە ٧١ ساڵ تەمەنەوە کە ئەفسەرێکی خانەنشینە، هەرلەیەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکەی سلێمانی، هاوشان لەگەڵ جەماوەر لەگۆڕەپانی سەرای سلێمانی ئامادەدەبێت، وتی: «میللەت لە دەسەڵاتداران هەستاوە، تازە چاکسازییو پاکسازییش دادیان نادات».

خاڵی سەرنجڕاکێش لەو خۆپیشاندانانە ئەوەیە کە گەنجان بەشێوەیەکی خۆڕسک لەماڵەکانیان هاتوونەتە دەرو ئاپۆرەی جەماوەرییان بەستووەو خۆیان سەرکردایەتی خۆیان دەکەن.

گەنجێک بەناوی سامان ئازاد کە تەمەنی (٢٤) ساڵە، وتی: «دەبێت پەرلەمانو حکومەت هەڵبوەشێنەوەو هەڵبژاردنێکی شەفافو ئازاد بۆ پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم ئەنجامبدرێت».

خۆپیشاندەران، پەیامێکیان هەیە کە بریتییە لە «بەئاشتی وازهێنانی دەسەڵاتدارانی یەکێتیو پارتی».

کچێکی گەنجی تەمەن (٣١) ساڵ بەناوی سەناریا جەعفەر کە لەگەڵ پۆلێک لە دکتۆرەکانی هاوڕێی بەجلی پزیشکییەوە لەناو ئاپۆرەی خۆپیشاندانەکەدا بوو، وتی: «ئێمە حکومەتێکمان دەوێت کە خزمەتی خەڵک بکات، بەسە گەندەڵیی، بەسە ئەوەتا میللەت لەگەندەڵکاران ڕاپەڕیوە».

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، ئاپۆرەی جەماوەری خۆپیشاندەر لەبەردەرکی سەرای سلێمانی بۆ دەیان هەزار کەس بەرزبووەوە، هەروەک ڕۆژی پێشتریش لەلایەن دەستەی سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکە ڕاگەیەنرابوو کە نوێژی جومعە لەگۆڕەپانەکە دەکرێت.

مامۆستا محەمەد نەسروڵڵا کە بە حەماسێکی زۆرەوە وتاری ڕۆژی هەینی (٢/٢٥)ی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە، وتی: «گەندەڵییو نادادپەروەریی دژی بنەماکانی ئاینی ئیسلامن، هەربۆیە داواتان لێدەکەم، مەیدانەکە چۆڵنەکەن تا مافو داخوازییەکانتان مسۆگەر دەکرێتو بانگەوازیش دەکەم کە جەمەماوەری هەولێرو دهۆک بێنە دەنگ».

نوێژخوێنانی خۆپیشاندەر، ناوبەناو بە چەپڵەلێدانو تەکبیری (اللّٰه اکبر) سەرسامیی خۆیان بە قسەکانی وتاربێژ گوزارشت دەکردو لە کۆتایی قسەکانیشیدا مەلا محەمەد نەسروڵڵا بەشداریکردنی هاوڵاتییانی لە خۆپیشاندانەکاندا بە جیهاد لەپێناوی خوادا لەقەڵەمداو وتی: «بەشداربوون لەمجۆرە کۆبوونەوانەدا، باشترە لەسەدان نوێژی بێناوەڕۆک لەمزگەوتەکاندا».

---

د. پێشڕەو حەمەجان*



## گەندەڵیی کەڵەکەبوو پاڵنەری ناڕەزایی شەقامە

کاتێک شەقامی سلێمانی بۆ جارێکی تر لە (٢/١٧) و ڕۆژانی دواییدا زەنگی دا بە گوێی دەسەڵاتدا، کاتێک گەنجانی ئەم شارە هاوارەکانیان بردەوە سەر جادە، بینرا کە ڕۆژانە ئەم زەنگە دووبارە لێدەدرێتو ئەم هاوارە بەرزتر دەبێتەوەو پانتاییەکەی فراوانتر دەبێتو وەک دەزانین ئەم هاوارە یەکەم هاوار نەبووەو دواهاواریش نابێت، بێگومان ئەگەر ئەم ئازارەی جەماوەر چارەسەر نەکرێت، دەبێتە نەڕەی شێرێک کە تەڕو وشک پێکەوە ڕادەماڵێت.

وەک ئاشکراشە کە ئەم ڕەوشەی سلێمانی، ماوەیەکە بووەتە بابەتی مشتومڕی نێو خێزانو زانکۆو بازاڕو ڕۆژنامەو هۆڵی کۆبوونەوەکانی حکومەتو پەرلەمانو پارتەکانو چەندین لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوەو بۆ دەکرێت، وەک چۆن لێرەولەوێ دەوترێت، ئەمە دەستی دەرەکییە، یان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی بزووتنەوەی گۆڕانو یەکگرتوو و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان هانی گەنجان دەدەن، یان ئەم دیاردەیە لاساییکردنەوەی گەلانی ناوچەکەیە، یان ئەمانە کەسانی ئاژاوەگێڕیان تیادایە، یان ئەم دیاردە توندوتیژییەو دواجار خۆمانو ئەزموونەکەمان دەبێت باجەکەی بدەینو چەندان لێکدانەوەی تری بۆ دەکرێت.

دەگونجێت کە هەریەک لەم لێکدانەوانانە بە ڕێژەی کەم تا زۆر دروست بن، دەکرێت پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان هۆکاری لاوەکی بن بۆ ڕژانە سەر شەقامی گەنجان، دەکرێت ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی تونسو میسرو لیبیاو ماڵپەڕی پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکانی فەیسبووکو تویتەرو کەناڵە ئاسمانییەکانی جیهان، کاریگەرییان هەبێت لە وروژاندنی تووڕەیی لای گەنجانی هەرێمەکەمانو بە دور نازانرێت کە کەسانی ئاژاوەگێڕو شڕەخۆرو سیخوڕ لە کاتی نەمانی ئاسایشو ئارامیدا خۆیان بخزێننە ناو خۆپیشاندەرانەوەو پاشان بۆ بەدەستهێنانی مەرامە گڵاوەکانیان، خۆپیشاندانەکان بە ئاڕاستەیەکی خراپدا ببەن، بەڵام لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، دەبێت ئەوە بزانین کە خۆنیشاندانەکانی شارو شارۆچکەکان، لایەنگری هەموو حیزبێکی لەخۆی گرتووە، بۆیە هیچ لایەنێکی سیاسیی ناتوانێت خۆی بە خاوەنی ئەم ناڕەزاییەی شەقام بزانێت تەنیا جەماوەر خۆی نەبێت، بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت چارەسەرێکی لۆجیکیو بنەڕەتی بۆ ئەم ڕەوشە ئاڵۆزە بدۆزینەوە، گەڕانەوەیە بۆ لای جەماوەر، گەڕانە بەدوای ئەو هۆکارە سەرەکییەی کە جەماوەری ڕژاندووەتە سەر شەقام، تا ناڕەزاییە کەڵەکەبووەکانی چەندین ساڵەیانی تیادا خاڵی بکەنەوە، گەڕانە بەدوای ئەو ڤایرۆسەی کە سەرتاپای لاشەی دەسەڵاتی سیاسیی ئەم هەرێمەی نەخۆش خستووەو خەریکە ئەزموونەکەمان لەباردەبات لەبەرچاوی هەموومان‌دا، ئەویش ڤایرۆسی گەندەڵییە، ئەو گەندەڵییەی کە گەورەترین هەڕەشەیە بۆ لەباربردنی ئەزموونەکەمان، ئەو گەندەڵییەی کە کەمینە دەیکاتو زۆرینە باجی دەدات. کەواتە، ئەگەر دەسەڵات بە هۆی گەندەڵییەکانییەوە بیانوو نەداتە دەست جەماوەر، ئەوا ئەو هۆکارە لاوەکییانەی تر بە تەنیا ناتوانن ئەم ناڕەزاییە دروست بکەن، بۆیە لێرەوە بە سەرۆکی هەرێمو حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستانو سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ناو دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیش دەڵێم، نەک پێنج حیزب، بەڵکو سەدان حیزبیش لەسەر مێزێک کۆببنەوە، نەک دروشمو بەڵێنێک، بەڵکو سەدان دروشمو بەڵێنی جوان بڵێنەوە، نەک ئەم هاوارە، بەڵکو سەدان هاواری تر کپکەنەوە، نەک حەڤدە خاڵ، بەڵکو سەدان خاڵیش لە هۆڵی پەرلەمان بهۆننەوە، نەک ئەم شارە، بەڵکو هەموو شارەکانی ئەم هەرێمە بێدەنگ بکەنەوە، ناتوانن دانیشتووانی ئەم هەرێمە لەگەڵ دەسەڵات ئاشت بکەنەوە تا گەندەڵیی ئیدارییو حیزبیی بە کردار لە ڕیشەدا نەبڕنەوە.

* مامۆستای کۆلێژی یاساورامیاری لە زانکۆی سلێمانی

راپۆرت

## (NRT) کەمپەینێک رادەگەیەنێت

رۆژنامە: لە راگەیاندنێکدا، رادیـۆو تـەلـەفـزیـۆنـی نـالـیـا، کەمپەینی پشتیوانیو داواکاری هاوڵاتیانی سەبارەت بە سوتاندنی کەناڵەکە راگەیاندو هەڕەشەی ئەوەشیانکردووە، ئەگەر لە ماوەی (١٠) رۆژدا داواکاریەکانیان جێبەجێ نەکرێت، ناچاردەبن پەنا ببەنە بەر دادگای لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی.

لـەو راگـەیـەنـراوەیـانـدا کە وێنەیەکی بۆ رۆژنامەش نێردراوە هاتووە: «داواکراوە سەرجەم ئەو کەسانەی دەستیان لە سووتاندنی کەناڵەکەدا هـەبـووە، بـدرێن بە دادگاو هاوکات حکومەت بەڵێن بدات گیانی کارمەندانی ناو کەناڵەکە بپارێزێت».

ڤینۆس فایەق، بەڕێوەبەری کەمپینەکە رایگـەیـانـد: لـەلای خۆمان بەڵگەمان لایە سەبارەت بـەو کەسانەی دەستیان هەبووە لـە سـووتـانـدنـی کـەنـاڵـەکـەمـان، بـەڵام لـە ئـێـسـتـادا چـاوەڕێـین لیژنەی لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە دەرەنجامەکان رابگەیەنێت.

جەلالی عومەری ساماغا

## ئەو گوللانەی دەنرێن به سنگی گەنجانەوە دەبێ بنرێن بە گەندەڵییەوە

**نامەیەکی کراوە بۆ:**
**بەڕێز سەرۆک کۆماری عێراق، جەنابی مام جەلال**
**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، جەنابی کاک مەسعود بەرزانی**
**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**
**بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان**

وێنەی ئەو گەنجانەی لە شارو شارۆچکەکانماندا دەکوژرێنو بریندار دەکرێن، کە لەم دووری وڵاتەوە دەیانبینم، هانم دەدەن ئـەم نامە کـراوەیـەتـان بۆ بنووسم، پاش ئەوەی دەیان نامەی رەسمییو نهێنیم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران نارد، کاتێ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بووم، بۆیە، ئەوەی دەیڵێم تازە نییە بۆ ئەوان. ئەمڕۆش کە خۆمم خانەنشین کردووە، ناتوانم بێدەنگ بم لە ئاست ئەو هاوارەی کوردستانی گرتووەتەوە دژی گەندەڵییو گەندەڵیش خوێن دەڕێـژێ تەنیا بۆ مانەوەی خۆیو دەسەڵاتو ئیمتیازەکانی.

هەزار هاوار بکرێو ئەو گەنجە خۆپیشاندەرانە بە منداڵو مەزنو سەرەڕۆو گێرەشێوێن لە قەڵەم بدرێن، راستییەک هەیە نە خۆتان، نە دەسەڵاتو نە کەناڵەکانتان ناتوانن بیشارنەوە، ئەویش ئەوەیە کە خەڵک بێزارەو دژی گەندەڵییە، ئەو گەندەڵییەی کە جەنابتان زۆر باش دەیبینن لەبەردەمتانو لە پشتتان، لە راستتانو لە چەپتان، بێ ئەوەی جووڵەیەک بکەن بۆ چارەسەرکردنی!

هەر تەنیا بۆ بیرخستنەوە، لە سلێمانی (٨٦) گەندەڵ دراونەتە دادگا بە مەبەستی ئیجرائاتی پێویست بۆ لێپرسینەوەو وەرگرتنەوەی ملیارەها دینارو ملیۆنەها دۆلار کە لە بودجەی حکومەتو موڵکی میللەت بە ناهەقو نـاڕەوا خـوراون، جگە لەو (٢٧٢٥) راپۆرتەی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە گرنگەکانیان نێردراون بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران، بۆچی ئاشکرای ناکەن کە ئیجرائات بەرامبەر کێ وەرگیراوەو کێ هیچی بەرامبەر نەکراوە، تەنانەت ئەوانەی راپۆرتیان لەسەر نووسراوە، جگە لەوەی ئیجرائاتیان لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو پلەشیان بەرز کراوەتەوە؟! بۆیە کار گەیشتە ئەوەی رۆژنامەکان بنووسن کە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی بوونەتە خێرو بەرەکەت بۆ گەندەڵکاران؟! بۆچی زیاتر لە ساڵێکە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامی ئەو داوا فەرمییەی دیوانی چاودێریی سلێمانی نەداوەتەوە، کە داواکـراوە راپۆرتەکان پاش ساڵێک ئاشکرا بکرێنو بخرێنە بەردەم میدیاکانەوە؟ بۆچی رێگە لە دادگا دەگیرێ ئەرکی خۆی بێنێتە دی؟ ئایا دادوەران نایانەوێ گەندەڵکاران بانگ بکەنو سزای تاوانباران بدەن؟ یا دەستێک هەیە رێگرییان لێ دەکات؟ ئەی لە هەردوو بارەکەدا، ئەرکی سەرشانی ئێوە نییە لێیان بپرسنەوەو بیانپارێزن بۆ ئەوەی کاری خۆیان بەجێ بێنن؟

پاش بیست ساڵ لە حوکومڕانیی کوردی، ئێستاش کار بە یاسای قووەت دەکرێ، نەک بە قووەتی یاسا. هیوادارم کاتی ئەوە مابێ کار بە قووەتی یاسا بکرێ بە بێ جیاوازییو تەرازووە لاسەنگەکە راستبکرێتەوە، (اعاده التوازن الی المیزان المختل).

هەرگیز گومانیشم لەودا نییە کە شارەکانی تری کوردستانیش لە سلێمانی باشتر نین، ئەگەر خراپتریش نەبن لە گەندەڵیدا.

**بەڕێزان :**

ئەو گوللانەی بە سنگی گەنجانەوە نران، دەبوایە بنرێن بە گەندەڵییەوە، گەندەڵکاران بە رووتانەوەی میللەت تێریان نەخواردووەو ئێستاش دەیانەوێ خوێنی گەنجان بخۆنەوە، گەندەڵکاران تەنیا لە خەمو خەیاڵی دەستکەوتو دەسەڵاتی خۆیانن، ئەو گەنجانە خەمخۆری دەستکەوتو ئازادیی کوردستانن، دەزانن مەترسییەکە چەند گەورەیە لەسەر ئێستاو ئایندەی نەتەوەکەمان، مەبەستم لەو گەنجە خۆپیشاندەرانەیە کە داواکارییەکانیان رەوایەو دەبێ جیابکرێنەوە لەوانەی ئیستیغلالی خۆپیشاندانەکان دەکەن بۆ مەرامی شەڕەخۆرییو گێرەشێوێنییو تێکدان، لە هەر کوێو لە هەر لاوە هاتبن.

ئەگەر ئێوە چارەی گەندەڵیی نەکەن، دڵنیابن ئەزموونەکەشو دەسـەڵاتو هەموو بەهاکانیشمان لە دەست دەچن، ئێوە بە چاوی خۆتان دەبینن چۆن میللەتان هەڵساون بۆ دژایەتی فەساد، بە هەموو جۆرەکانییەوە.

دوژمنی خۆتانو گەلو کوردستانو تەجروبەکەشمان یەک ناوی هەیە، ئەویش گەندەڵییە.

لەگەڵ رێزماندا.

**پاریس ٢٠١١/٢/٢٦**

## (١١) رۆژە پێنج کوردی بەریتانیا مانیان گرتووە

# رەوەندی کوردیی لە (١٠) وڵات دێنە سەر شەقام

**راپۆرتی: سەنگەر کوردە**

دوای رووداوەکانی کوردستانو وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەران بە فیشەک، رەوەندی کوردیی لە (١٠) وڵات بە ئەنجامدانی مانگرتنو خۆپیشاندانو کۆبوونەوەی جەماوەرییو دەرکردنی بەیاننامەو ناڕەزاییو گەیاندنی بە کونسوڵخانەی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، نیگەرانییەکانیان دەردەبڕنو پێنج کوردی دانیشتووی بەریتانیاش (١١) رۆژە مانیانگرتووە.

لە کاردانەوەی رووداوەکانی (٢/١٧)و رۆژانی دوایی شاری سلێمانیو دەوروبەری کە پاسەوانو چەکدارەکانی چەند لقێکی پارتیو چەند هێزێکی ئەمنیی بە فیشەک وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوەو لە ئەنجامدا تائێستا (٨) کوژراو و نزیکەی (٢٠٠) برینداری لێکەوتووەتەوە، کوردانی چەند وڵاتێکی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستورالیا نیگەرانییو ناڕەزایی خۆیان راگەیاندو چەند چالاکییەکی مەدەنییان رێکخستووەو وەک راشیانگەیاندووە؛ بەردەوام دەبن لە ئیدانەکردنی ئەو هەوڵانەو بۆ پشتگیریی خەڵکی کوردستان، داوای چاکسازییو رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی دەکەن.

**بارودۆخی مانگرتووەکان ناجێگیرە**

دوای رووداوەکانی (١٧)ی شوبات، ماوەی (١١) رۆژە (٥) کوردی شاری سلێمانیو رانیە، کە دانیشتووی بەریتانیان مانگرتنیان راگەیاندووەو لە بەردەم نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ماونەتەوە بەبێ ئەوەی خۆراک بخۆن، بەپێی هەواڵی سایتی سبەی باری تەندروستی دوانیان تێکچووەو رەوانەی نەخۆشخانە کراون.

کاکەلاس، یەکێکە لە مانگرتووەکان، باس لەوە دەکات؛ وەک هەڵوێستوەرگرتن دژی تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانو پشتگیریی خەڵکی کوردستان مانیان لە خواردن گرتووە، بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو پێنج کەسەی مانمان گرتووە لەگەڵ خۆپیشاندەرانی رەوەندی کوردیی رۆژی دووشەممەی رابردوو نامەی خۆمان داوەتە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، کە پشتگیریکردنە لە خەڵکی کوردستان».

ئاماژەی بە ناوەڕۆکی نامەکەشیان کرد؛ کە خۆی لە چوار خاڵدا دەبنێتەوەو تێیدا داوای نەهێشتنی هێزی چەکداریی حیزبەکان، هەڵوەشاندنەوەی حکومەتو پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم، بە دادگا گەیاندنی ئەو کەسانەی تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووەو ئەوانەی فەرمانی تەقەیان دەرکردووە، لەگەڵ دانەوەی موڵکی داگیرکراو لە لایەن حیزبەوە بە حکومەتو خاوەنەکانیان.

کاکەلاس، روونیدەکاتەوە؛ کە ئەوان مانگرتنی تا مردنیان راگەیاندووەو «تا داواکانمان جێبەجێ نەکرێت بەردەوام دەبین لە مانگرتن، ئەگەر بشمرین».

**کوردانی بەریتانیا ئیدانەی دەکەن**

لەدوای رووداوەکەی (٢/١٧)وە، سەرباری ئەوەی رەوەندی کوردیی خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییان بۆ بەردەم نووسینگەی حکومەتی هەرێم ئەنجامداو بە خوێندنەوەی وتارو هوتافکێشانەوە ناڕەزاییان دەربڕیو داوای بە دادگاگەیاندنی ئەو کەسانەیان کرد کە هێرشیان کردووەتە سەر خۆپیشاندەران.

یەکێک لە خۆپیشاندەرانیش رایگەیاند: کە خۆپیشاندانەکەیان لە بەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەردەم پەرلەمانی بەریتانیا دەستی پێکردووە، ئەوەش بۆ پشتیوانیی لە جەماوەری خۆپیشاندەری کوردستانو ئیدانەکردنی ئەو توندوتیژییانەی لە کوردستان بەرامبەر خۆپیشاندەران بەکار دەهێنرێت لە لایەن دەسەڵاتەوە.

رۆژی هەینی رابردووش رەوەندی کوردیی لە شاری لەندەن بۆ پشتیوانیی لە «راپەڕینەکەی خەڵکی کوردستانو شاری سلێمانی» خۆپیشاندانێکیان رێکخست لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمریکا، ئەوەش بۆ «فشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی کوردستانو شکستهێنانی هەڕەشەی دەسەڵاتداران».

راستدا بڕوات.

شەممەی رابردووش کۆمیتەی پشتگیریی لە شەقامی کوردی لە وڵاتی سوید بۆ هەمان مەبەست خۆپیشاندانێکیان سازکردو هاوهەڵوێستییو پشتگیریی خۆیان دووپاتکردەوە بۆ داواکانی خەڵکی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە، کوردانی وڵاتی نەرویج بە ئامادەبوونی (٧٥) کەسایەتیو نووسەرو رۆشنبیرو کەسایەتی سیاسیی کوردی، بە مەبەستی ئیدانەکردنی «تاوانبارانی» خۆپیشاندانەکانی کوردستان کۆمیتەیەکیان پێکهێنا.

هەروەک لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە شاری ئۆسلۆ بەڕێوەچوو رەوەندی کوردیی بڕیاریاندا لە ئایندەدا چالاکییەکانیان فراوانتر بکەنو لە رێگەی رێپێوانو مانگرتنەوە ناڕەزایی خۆیان بخەنە روو؛ «داوا لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا بکەن، کە رێگە نەدرێ دەسەڵاتدارانی کوردستان بە زەبری تفەنگ وەڵامی داوا رەواکانی خەڵکی کوردستان بدەنەوە».

کۆمیتەی پشتگیریی لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان لە بۆ بەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ساز کرد، کە دروشمی دژی گەندەڵییان لە کوردستان بەرز کردەوە، لە لایەکی دیکەوەو لە وڵاتی کەنەدا رەوەندی کوردیی بە هەمان شێوە بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان پشتگیریی خۆیان بۆ هاوڵاتییانی کوردستان دەربڕیو نیگەرانیی خۆیان لە رووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتدارانی کوردی بەرامبەر خۆپیشاندەران راگەیاند.

**خۆپیشاندانی کوردانی هۆڵەنداو ئەڵمانیاو دانیمارکو بەلجیکا بەردەوامە**

لە چەند رۆژی رابردووشدا رەوەندی کوردیی لە هەریەکە لە وڵاتانی هۆڵەنداو ئەڵمانیاو دانیمارک، بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەک پیشتیوانیی خۆیان بۆ هاوڵاتییانی کوردستان دووپاتکردەوە.

بە شێوەیەک رۆژی پێنجشەممەی رابردوو ژمارەیەکی بەرچاوی رەوەندی کوردیی لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا خۆپیشاندانێکیان بۆ ئیدانەکردنی بەکارهێنانی چەک لەلایەن چەکدارانی حیزبو شەهیدو برینداركردنی زیاتر لە سەد کەس ئەنجامداو یاداشتێکیشیان




دیمەنی خۆپیشاندانێکی رەوەندی کوردی لە ئەوروپا

**خۆپیشاندان لە سویدو نەرویجو سویسرا**

هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی بەریتانیا رەوەندی کوردیی لە وڵاتی سویدو لە گردبوونەوەی جەماوەریدا، پشتیوانیی خۆیان بۆ جموجوڵی شەقامی کوردی دووپاتکردەوەو سەرباری پرسەو سەرەخۆشی خۆیان بۆ قوربانییانو هیوای چاکبوونەوەی بریندارەکان، بە توندیی ئیدانەی ئەو رەفتارانەیان کرد کە چەکدارانی دەسەڵاتدارانی کورد بەرامبەر خۆپیشاندان ئەنجامیان داوەو بەیاننامەیەکی چەندخاڵیشیان ئاراستەی کاربەدەستانی وڵاتی سوید کرد.

هەروەک دوای ئەو حاڵەتە پارتی ژینگەی سویدو (١٥) ئەندام پەرلەمانی سوید ئیدانەی ئەو رووداوانەی چەند رۆژی شاری سلێمانیان کرد، کە دەرهەق بە خۆپیشاندەرانی مەدەنی ئەنجام دراون، پارتی ژینگەی سویدیش، لە نامەیەکدا داوا لە حکومەتی سویدو یەکێتیی ئەوروپا دەکات کە پاڵپشتی خۆپیشاندان بکات تا بە ئاقارێکی

وڵاتی نەرویج‌یش هەینی رابردوو خۆپیشاندانێکی ئەنجامدا بۆ بەردەم دامەزراوە بەرپرسەکان لە وڵاتی نەرویجو باڵیۆزخانەی وڵاتانی دیکەی جیهان لە ئۆسلۆی پایتەخت، لە بەیاننامەیەکیشدا بڵاویانکردەوە؛ کە دەیانەوێت تێکڕای ناوەندی دەسەڵاتو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی ئەو وڵاتە ئاگاداربن لەو چەوسانەوەو ناعەدالەتییەی لە کوردستان هەیە.

هەروەک رەوەندی کوردیی لە شاری ژنێڤی وڵاتی سویسرا خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجامداو جگە لە ئیدانەکردنی ئەو رووداوانەی چەند رۆژی رابردوو لە کوردستان بەرامبەر خۆپیشاندەران کرا، یاداشتێکیان دایە ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە ئەو کارەساتانەی تێدا خراوەتە روو، وێنەیەکیشی ئاراستەی بارەگای گشتیی مافی مرۆڤ کرا.

**ئوسترالیاو کەنەداش دێنە سەر شەقام**

چوارشەممەی رابردوو دەیان رەوەندی کوردیی لە سیدنی پایتەختی ئوسترالیا خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییان

گەیاندە کونسوڵی گشتیی ئەمریکاو یاداشتێکیشیان ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان کرد، لە رێی نووسینگەی حکومەتی هەرێمەوە لە ئەڵمانیا.

هەروەک کوردانی دانیمارک رۆژی هەینی خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە شاری کۆپنهاگن ئەنجامدا، کە تێیدا جگە لە ئیدانەکردنی تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانو دەستگیرکردنیان، بەیاننامەیەکیان ئاراستەی باڵیۆزخانەی عێراق کرد، کە تێیدا ئاماژە کرابوو بە رووداوەکانی شاری سلێمانی.

لەلایەکی دیکەوە، بڕیارە رەوەندی کوردیی لە هەر چوار وڵاتی (بەلجیکا، هۆڵەندا، ئەلمانیاو فەرەنسا) سبەینێ چوارشەممە خۆپیشاندانێک بۆ بەردەم کۆمسیۆنی پەرلەمانی ئەوروپا، وەک لە راگەیەنراوێکیشیاندا هاتووە: مەبەست لێی «شەرمەزارکردنی بەکارهێنانی زەبروزەنگە لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە، دژ بە خۆپیشاندەرانی کوردستانو گەیاندنی ئەو پەیامە بە نوێنەرانی وڵاتە ئەوروپییەکان».

ڕاپۆرت

عەلی مەحموود: لە هەولێر ٣٥ ئەندام پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆن هەیە،
بەڵام ڕۆژی هەینی هیچ ئەندام پەرلەمانو سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆن، ئامادە نەبوون

# ـــــی دەخـــــوڵقێنن

## ـــــاندانیش مافێکی شەرعیی هاوڵاتییانە



فۆتۆ: زمناکۆ ئیسماعیل

هێزەیان بۆ لای بارەگای یەکگرتوو، بۆئەوە گەڕاندبووەوە کە مەترسی لەسەر بارەگاکە هەیەو ئەوان چوون تا بیپارێزن.

لەبەرامبەردا مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ڕۆژی (٢/٢٦) لەبەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد: «بەداخەوە، چەند ڕۆژێکە جەنگێکی دەروونیی بەرامبەر حیزبمان دەکرێتو هەندێک پروپاگەندە بڵاودەکرێتەوەو هەڕەشە لەگیانی کادیرو هەڵکوتانە سەر بارەگاو دەزگاکانمان دەکرێت، ئێمە ڕایدەگەیەنین، بەم ڕەفتارە ناشارستانیو تێکدەرانەیە، یەکگرتوو ناچێتە ژێر فشاری هیچ لایەنێکو ستراتیژی ئیسلاحییانەی خۆی ناگۆڕێت».

لەو بەیاننامەیەدا، مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ئەرکی پاراستنی گیانی کادیرو بارەگاو دەزگاکانیان دەخاتە ئەستۆی لایەنی دەسەڵات.

ئەمە جگە لەوەی کە پێشتریش بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەچەندین ناوچەی سنووری پارتی بەبەرچاوی هێزە ئەمنییەکانەوە سووتێنراونو بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامیش وەک بارەگاکانی یەکگرتوو، لە ڕۆژی شەممەی ڕابردوودا لەلایەن هێزەکانی زێرەڤانییەوە دەورە دراون.

### بۆچی ڕۆژی هەینی، خۆپیشاندان نەکرا؟

هەندێک سەرچاوە، بۆ ڕۆژنامە باسیان لەوە کرد کە پارتی لە ڕێگەی دەزگاکانی خۆیەوە، شەوی هەینی، سەرجەم مەلای ئەو مزگەوتانەی کە نوێژی هەینیان تێدا دەکرێت، ئاگادار کردبوو کە بەخەڵکی بڵێن: خۆپیشاندان نەکەنو خۆپیشاندان وەکو دیاردەیەکی خراپ بۆ نوێژخوێنان باس بکەن.

ئەوەی پارتی چاوەڕوانی دەکرد، وادەرچوو، لە زۆربەی مزگەوتەکانەوە داوا لە خەڵکی کرا کە خۆپیشاندان ئەنجام نەدەنو بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە ئەگەری بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانداهەبوو، لەبری ئەوەی بەرەو قەڵاتو پارکی شار بچن بۆ خۆپیشاندان، چوونەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان.

لەبەرامبەریشدا (٦٨) زانای ئاینیی شاری هەولێر، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە تەقەکردن بە ڕووی خۆپیشاندەراندا حەرامەو نەهی کراوەو خۆپیشاندانیش مافێکی شەرعیو شتێکی باشە، لەم ڕووەشەوە چەند فتوایەکیان دەرکردووە.

لەناو ئەو فەتوایەی کە ئەو (٦٨) زانا ئاینییە دەریانکردووە، تیایدا هاتووە: «لە ڕوانگەی شەریعەتی خوای مەزنەوە، هەموو ستەملێکراوو مافخوراوێک، مافی خۆیەتی داوای مافەڕەواکانی خۆی بکاتو هەوڵی لادانی ستەم بکات».

هەر لەو بەیاننامەیاندا، ئەو (٦٨) زانا ئاینییەدا داوا لەئاسایشو پۆلیسو زێرەڤانیو سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت دەکەن، دەستیان بەخوێنی گەلەکەی خۆیان سوورنەکەنو خۆیان دووچاری سزای خوا نەکەن.

ڕۆژی هەینی لە سەعات (٢)ی دوانیوەڕۆدا، وەکو سەعاتی سفر بۆ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان دانرابوو، بۆیە لەو کاتەدا سەرەڕای ڕێوشوێنە ئەمنییە توندوتۆڵەکەی پارتیو وتاری مەلای مزگەوتەکان، ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی لە دەوروبەری پارکی شارو لەسەر قەڵات کۆبوونەوە.

یەکێک لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لەناو کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی بازاڕی نیشتماندا بوو، باسی لەوە کرد، خەڵکی خواخوایانە یەکێک هوتافێک یان دروشمێک بۆ دەستپێکردنی خۆپیشاندان بکێشێت، تا خۆپیشاندان ئەنجام بدرێت.

بەهۆی ترسو تۆقاندنەوە کەس نەیتوانی قسە بکاتو خۆپیشاندان ئەنجام بدرێت، بەگوێرەی قسەی ئەوانەی کە لەو جێگەیەدا ئامادەبوون، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، پارتی باودۆخەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی هەڵگێڕایەوە، بەشێوەیەک ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی خۆی بە ئاڵای کوردستانو ئاڵای زەردی پارتییەوە هێنایە سەر قەڵاتو ناو پارکی شارو کەوتنە هوتافکێشانو بەرزکردنەوەی دروشمی پاڵپشتی بۆ پارتیو سەرۆکی حیزبەکەیان.

لەو مەیدانەدا کە خەڵک چاوەڕوانی خۆپیشاندانێکی گەورەی دەکرد، گۆڕا بۆ مەیدانێکی زەردو لایەنگرانی پارتی تا درەنگانێکی شەو لەوناوەدا مانەوەو بەسەر جادەکانیشدا بەئۆتۆمبێلو ئاڵای زەردەوە دەسووڕانەوە.

بە گوێرەی قسەی شایەدحاڵێک، هێزە ئەمنییەکانی پارتی لە کاتی کۆبوونەوەی خەڵکی لەناو پارکی شاردا، چەندین کەسیان دەستگیرکردووە کە گومانی ئەوەیان لێکردوون، بەنیازی ئەنجامدانی خۆپیشاندانن.

### «لەکاتژمێری سفردا، لەهەولێر خۆپیشاندان دەکرێت»

ئەگەرچی بۆ دوورخستنەوەی خۆپیشاندان لەهەولێر، پارتی شانبەشانی بڵاوەپێکردنی هێزە ئەمنیو سەربازییەکانی، هەڕەشەیەکی زۆری لە ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووس، نووسەرو هەڵسوڕاوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کردووە، تا خۆیان لە لێدوانو هاندانی خەڵکی بەدوور بگرن، تەنانەت زۆرێک لەو کەسانە ناچار بوون هەولێر بەجێبهێڵنو ڕوو لە شاری سلێمانی بکەن، بەڵام هەندێک لایەن ئاماژە بەوەدەکەن کە لەکاتژمێری سفردا لەهەولێر خۆپیشاندان دەکەن.

گرووپی خۆپیشاندەرانی خۆڕسک، لەدووەمین بەیاننامەیاندا کە ڕۆژی (٢/٢٦) بڵاویانکردووەتەوە، ئاماژە بەوەدەکەن: «سەرەڕای ئەو هەموو زەبرو زەنگو چاوسوورکردنەوانەی پیاوانی دەسەڵات بەجلی مەدەنیو ڕەسمییەوە، بەخۆشحاڵییەوە ڕۆژی هەینی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییانو لاوانی هەولێر بەشداریی کۆبوونەوەی جەماوەری بەردەم بازاڕی نیشتمانیان کرد، ئەمەش چاونەترسیو بوێریی لاوانی ئەو شارە قارەمانە دەردەخات، بەڵام بەداخەوە، هەر زوو دەسەڵات ژمارەیەکی زۆری دەمانچە بەدەستی بەجلی مەدەنییەوە لەناو کۆبوونەوەکەو بە ئۆتۆمبێلەکانیان دەستیان کرد بە هوتافکێشان بەسەر حیزبدا، ئەمەش بووە هۆی ڕقێکی زۆر لەناو دڵی لاوە خوێنگەرمەکاندا».

خۆپیشاندەرانی خۆڕسک لەبەیاننامەکەیاندا، هاوڵاتییانی هەولێر دڵنیادەکەنەوە کە بە بەردەوامی ڕۆژانە کۆبوونەوەی جەماوەریی لە بەردەم بازاڕی نیشتمان درێژە پێدەدەنو داواش لەسەرجەم خەڵکی شاری هەولێر دەکەن، ڕۆژانە بەوپەڕی پەرۆشییەوە بەشداریی بکەنو تا خۆپیشاندان وای لێدێت ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت.

لەلایەکی ترەوە، ڕێکخەرێکی خۆپیشاندانەکەی هەولێر، بەسایتی (سبەی)ی ڕاگەیاند: «بۆیە خۆپیشاندانی هەینی دواخراوە، چونکە دڵنیابووین کە پارتی خوێن دەڕێژێت، بەڵام بڕیارمانداوە لە سەعاتی سفردا خۆپیشاندانی سەرتاسەریی لە هەولێر ئەنجام بدەینو بە هەزاران کەس بڕژێنینە سەر شەقامەکانی هەولێر».

هەمان سەرچاوە، وتیشی: «تا ئێستا بەپێی ئەو داتایانەی لای ئێمەیە، زیاتر لە (١٥٠٠٠) هەزار کەس ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاندووە کە چارەنووسیان هەرچی بێت لەگەڵمان بڕژێنە سەر شەقامەکانو دژی ئەم بارودۆخە بەشداریی خۆپیشاندان بکەن».

هەر لەم ڕووەوە، گرووپی سەرشەقامی هەولێر کە گرووپێکی نوێیە، ڕۆژی (٢/٢٦) لەبەیاننامەیەکدا، وێڕای داواکردنی چاکسازیی بنەڕەتیی، ڕایدەگەیەنن: «ئێمە وەکو کومەڵێک گەنجی شاری هەولێر، بە باوەڕێکی پتەوو متمانەیەکی بەهێزەوە، بە هەموو لایەک ڕادەگەیەنین کە بێدەنگ نابین لەسەر داواکانمان وەک شاری هەڵەبجەو قوربانی، لەم ڕۆژانەو بەمنزیکانە لەپێناو مافو ئازادیدا، لەپێناو شکاندنی دەرگای ترسێنەرو تۆقێنەرەکانی حکومڕانیی هەولێردا، خۆپیشاندانێکی گەورەو جەماوەریی لە شاری قەڵاو منارەو شاری گەنجانی ئازاو دلێر ئەنجام دەدەین».

# بۆچی لە هەولێر خۆپیشاندان نەکرا؟ ڕۆشنبیرانی شارەکە، هۆکارەکان ئاشکرا دەکەن

ڕاپۆرتی: بەرزان عەلی حەمە

ڕۆشنبیرانو چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنیی هەولێر، دەزگا ئەمنییەکانی پارتی بە هۆکاری دروستنەبوونی خۆپیشاندان لەو شارەدا دەزاننو پێیانوایە، ئەگەر بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندنو هەڕەشەکانی ئەو دەزگا ئەمنییانە نەبوایە، ناڕەزاییەکانی خەڵکی هەولێریش کەمتر نەدەبوو لەو ناڕەزایەتییانەی کە خەڵکی سنووری پارێزگای سلێمانی ڕژاندووەتە سەر شەقام.

ڕابەر فاریق، نووسەرو شاعیر لەشاری هەولێر، پێیوایە، بەهەموو کوچەو کۆڵانێکی شارەکەیدا، دەزگای «پاراستن» بڵاوکراوەتەوە تا دەنگە ناڕازییەکان دەمکوت بکاتو دەڵێت: «پارتی، بە دەسەڵاتی توندوتیژ وایکردووە کە بەسەر خەڵکدا زاڵ بێت، ئەوەش وایکردووە کە هاوڵاتییان ترسیان هەبێت، ئەو ڕۆژەی کە بڕیاربوو لە هەولێر خۆپیشاندان بکرێت، چەندین کەس بەجلوبەرگی مەدەنییەوە لەبەردەم چایخانەی مەچکۆو بەردەمی قەڵا کۆبوونەوەو هەندێک لەو کەسانەیان دەستگیرکرد کە بەنیازی خۆپیشاندان بوون».

ئەو نوسەرە، ئاماژە بەوەش دەکات کە جگە لە فشارەکانی دەسەڵات، هەندێک لەمەلاکانی سەر بەو دەسەڵاتە، هۆکار بوون بۆ ئەوەی خەڵک خۆپیشاندان نەکاتو لەکاتێکدا کە شارێکی گەورەی وەکو هەولێر گەندەڵییەکی زۆری تێدایەو بێدەنگە، نەمانبینی کەمترین ناڕەزایی لەلایەن مەلاکانەوە دەرببڕێتو وتیشی: «سروشتی خەڵکی هەولێر دەزانمو خەڵکەکەی تەنها جارێک قسە دەکات، ئەگەر ئەو جارەش قسە بکات، یان ئەم دەسەڵاتە دادەڕوخێنن، یان بۆ هەرگیز قسە ناکەن».

هەر لەو بارەیەوە، ڕێبین ڕەسوڵی نووسەریش، پێیوایە کە هەرکاتێک خۆپیشاندان بگاتە هەولێر، سەردەکێشێت بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتو دەڵێت: «ئەو شۆڕشانەی کە لەپایتەختەکاندا کراون، بوونەتە هۆی ڕووخاندنی دەسەڵاتو هەولێر قورسایی خۆی هەیە، لە سلێمانی گۆڕان شەقامی بەدەستەوەیە، بەڵام لەهەولێر شەقام بەدەست پارتییەوەیە».

ڕێبین، ئاماژە بەوەش دەکات کە پارتی جۆرێک لە ترسو تۆقاندن بەکاردەهێنێتو بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵک نەتوانێت هەندێک شت بکەنو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە سلێمانی، یەکێتی کەمێک ڕاهاتووە لەگەڵ خۆپیشاندانی بێمۆڵەت، بەڵام پارتی ڕانەهاتووەو ئەگەر شتێک لەهەولێر ڕوو بدات، پێموانییە کە پارتی قبوڵی بکاتو کارەساتی خوێناوی زۆری لێ دەکەوێتەوەو لەوە دەردەچێت کەسێک یان دوو کەس بریندار بن، بەڵام لە هەولێریش خەڵک ناڕازییەو پێی خۆشە پشتیوانیی لەو ناڕەزاییەی سلێمانی بکات».

هاوکات، ڕابەر تەڵعەتی نووسەرو چالاکی مەدەنیی، هەندێک لەسەرهەڵدانەکانی سلێمانی دەبەستێتەوە بەسروشتی شارەکەوەو هەندێکیشی پەیوەست دەکات بە بوونی بزووتنەوەی گۆڕان لەو شارەو بەبۆچوونی ئەو، مامەڵەی دەسەڵات لەشاری هەولێر بە چۆڵکردنی زانکۆکانو ڕاگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی، بوونەتە هۆی دامرکاندنەوەی هەر کۆبوونەوەو ناڕەزاییەکو بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەحاڵی ئێستادا، هەر کۆبوونەوەیەک لەهەولێر سەرهەڵبدات، سەرکوت دەکرێت، چونکە دەیان گروپ لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەوڵی کۆبوونەوەو ناڕەزایی دەربڕینیان داوەو کۆنترۆڵ کراون، یان سوود لەهەندێک کەسایەتی دینی وەرگیراوەو هێنراوەتە سەر تەلەفزیۆن تا بەزمانێک موخاتەبەی خەڵک بکەن کە خۆپیشاندان یەکسانە بە کوشتنو لەناوچوون».

حەمە مەنتکیش کە نووسەرێکی گەنجی هەولێرە، هۆکاری بێدەنگبوونی شارەکەی بۆ فشارەکانی دەسەڵات دەگێڕێتەوەو دەڵێت: «ئەو کۆنترۆڵە حیزبیو سیاسییەی کە لەهەولێر هەیە، زۆر بەهێزترە لەو کۆنترۆڵەی کە لەسلێمانی هەیەو گەنجی ناڕازی لەلایەن کەسێکی تری سەر بەدەسەڵاتەوە چاودێریی دەکرێت، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە دەنگی ناڕازی لەشاری هەولێر نییە، خەڵکی هەولێریش وەکو خەڵکی سلێمانی تووڕەو ناڕازییەو گەنج هی سلێمانی بێت، یان هەولێر، هەر ڕۆحی یاخیگەری تێدایە، وەک دەشڵێن کە جام پڕبوو، لێی دەڕژێت».

بەڵام، عەلی مەحمودی چالاکوانی بواری کۆمەڵی مەدەنیی، پێیوایە کە هۆکاری سەرهەڵنەدانی کۆبوونەوەو ناڕەزایی لەشاری هەولێر، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ سەرکردەو ڕێبەرێکی ناڕازیو ئۆپۆزسیۆن وەک سەرکردەو ڕێبەرە ئۆپۆزسیۆنەکانی میسرو تونس ناکەونە پێش خەڵکو نەهاتوونەتە سەر شەقامەکانی هەولێر تا خەڵکیش دوایان بکەوێتو وتی: «لە هەولێر ٣٥ ئەندام پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆن هەیە، بەڵام ڕۆژی هەینی هیچ ئەندام پەرلەمانو سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆن، ئامادە نەبوون».



ڕاپۆرت

(٦٨) زانای ئاینیی: هەموو ستەملێکراوو مافخوراوێک، مافی خۆیەتی داوای مافەڕەواکانی خۆی بکاتو هەوڵی لادانی ستەم بکات

# لە هەولێر؛ دەزگا ئەمنییەکان دۆخێکی نائاسای

## (٦٨) مامۆستای ئاینیی لە هەولێر: تەقەکردن لە خۆپیشاندەران حەرامەو خۆپیش

عەباس دەرگەڵەیی - هەولێر

ڕۆژنامەنووسێک کە لەبەردەم بازاڕی نیشتمان وەستابوو، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پێیوتم: «ئەگەر کەسێک هەبێت سەرپەرشتی خەڵکی بکات، ئەوا ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییەی لە دوای نوێژی هەینییەوە لەبەردەم قەڵاتو لە پارکی شار دروست بووە، دەبێتە خۆپیشاندان».

ئەو ڕۆژنامەنووسە، بەهۆی بارودۆخی ئەمنییەوە، داوای کرد کە ناوی نەهێنرێتو باسی لەوە کرد: «کەسێک نییە خۆی بکات بە خاوەنی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە، بۆیە پێناچێت خۆپیشاندانی وەک ئەوەی سلێمانی، لە هەولێر ئەنجام بدرێت».

### پەرینەوەی خۆپیشاندانەکان

ڕۆژی (١٧)ی شوبات، ڕۆژێکی خوێناویی بوو بۆ خەڵکی سلێمانی، کاتێک پاسەوانەکانی لقی (٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان تەقەیان لەو خۆپیشاندەرانە کرد کە بەردیان لەبارەگاکەیان دەگرت، بەم هۆیەشەوە هەر ئەو ڕۆژە هاوڵاتییەک کوژراو (٥٧)ی دیکەش بریندار بوون، بەڵام ئەم ڕووداوە خۆپیشاندانەکانی ڕانەگرتو لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان خۆپیشاندانەکان فراوانتربوونو لەئەنجامیشدا (٧) خۆپیشاندەریش بوونە قوربانی.

دواتریش ڕۆژانی (٢٣و٢٤)ی شوبات، چەندین بەیاننامە بەناوی (خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیران، گرووپی سەردەشت عوسمان، شۆڕشی نێرگز، خۆپیشاندەرانی خۆڕسک، گەنجانی سەرشەقام) بڵاوکرانەوە.

بەیاننامەیەکیان کە لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسو خوێندکاری زانکۆوە ئیمزاکرابوو، ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرابوو، داوای ئەوەیان دەکرد کە لێکۆڵینەوە لەو دەستدرێژییانە بکرێت کە لقی چواری پارتی لە سلێمانی کردبووی بۆسەر خۆپیشاندەران.

ئەو کەسانەی کە بەیاننامەکەیان ئیمزاکردبوو، هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد، ئەگەر پەرلەمان هەنگاوی خێرا بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان نەنێت، ئەوا خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن.

بەرزان عەلی حەمە، کە یەکێک بوو لەو ڕۆژنامەنووسانەی بەشداریی نووسینی بەیاننامەکەی کردبوو، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە، بۆ شەوەکەی بەتەلەفۆن پەیوەندییان پێوە کردمو هەڕەشەیان لێکردم کە نابێت کاری وابکەم».

ئەو گەنجە ڕۆژنامەنووسە، وتی: «دوای ئەوەی جنێوبارانیان کردم، پێیانوتم، بەشەق ڕەوانەی بەردەرکی سەرای سلێمانیت دەکەینو نیشانت دەدەین کە ئێرە هەولێرەو سلێمانی نییە».

ئەو ڕۆژنامەنووسە، دوای ئەوەی ئەو شەوە لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕانەوە پەنادەدرێت، بۆ بەیانییەکەی بەناچاریی هەولێر جێدەهێڵێتو ڕوو لە سلێمانی دەکات.

گرووپی سەردەشت عوسمان، لەبەیاننامەکەیاندا کە ڕۆژی (٢/٢٤) بڵاویانکردووەتەوە، داوایان لە قوتابییانی زانکۆی سەڵاحەدین کردبوو کە «ڕۆژی هەینی بەبێ گوێدانە دەوامی زانکۆو بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ئاسایشی پارتی لەنێو خۆپیشاندەرانو ڕێنوێنیکردنیان بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشەی کە دروست بووە، ئەمە گەورەترین هەلە بۆ گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی هەولێرو گەڕاندنەوەی ئەو موڵکوماڵو سەروەتو سامانەی کە لە ڕێگەی زەوییەکانی ئەم شارە وەدەستیان هێناوە».

### گەمارۆدانی هەولێر

ئەو بەیاننامەو ئامادەکارییانەی بۆ خۆپیشاندان لەهەولێر دەکرا، وەکو بۆمب دەنگو سەدای لای پارتی دیموکراتی کوردستان دایەوە، بەوهۆیەشەوە دەسەڵات لەو پارێزگایە لە کەمترین کاتدا دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی هێزو هەڵمەتی گرتنی چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ڕۆژنامەنووسانو لایەنگرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان.

ڕۆژی (٢/٢٤)، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باری نائاسایی لە شاری هەولێر ڕاگەیەنراو لەگەڵ داخستنی دەوامی زانکۆو پەیمانگاکان، هێزێکی زۆری چەکدار لەکوچەو کۆڵانەکاندا بڵاوکرانەوەو سەرجەم دەروازەکانی شاریش بە ڕووی هاوڵاتییاندا داخراون.

هەر دوای ئامادەکارییەکانیش بۆ خۆپیشاندان لەهەولێر، حیزبی دەسەڵاتدار، بەزۆر دوکانو بازاڕەکانی بە هاوڵاتییان داخستووەو دەستیکردووە بەدابەشکردنی دەمانچە بەسەر ئەندامو لایەنگرەکانی خۆیداو سەرەڕای هێنانی هێزێکی زۆر بۆ ناو شاری هەولێر، پارتی دەستیکردووە بە ڕەشبگیریی‌و ڕفاندنی هاوڵاتییان، تا

ڕۆژی هەینی شاری هەولێر کەوتە بەر شاڵاوی هێرشکردنە سەر هاوڵاتییان

دوێنێش (٧) هاوڵاتی دانیشتووی ئەو شارە بێسەروشوێن کرابوون، کە یەکێک لەوانە (د.پشتیوان عەبدوڵڵا)ی چالاکوانی مەدەنیو دانیشتووی ئوسترالیا بوو، دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر، لەلایەن لایەنێکی ئەمنییەوە لە هەولێر ڕفێنراوە.

لەمبارەیەوە موحسین عەبدوڵڵای برای (د.پشتیوان عەبدوڵڵا) بە سایتی سبەی ڕاگەیاند: «د.پشتیوانی برام، ماوەی هەفتەیەکە گەڕاوەتەوە بۆ هەولێرو دوای چوونەدەرەوەی لەماڵ، دیارنەماوە»، وتیشی: «پێدەچێت براکەمان لەلایەن پاراستنی پارتییەوە ڕفێنرابێت، تا ئێستا هیچ زانیارییەکمان نییە کە بۆکوێیان بردووەو چی بەسەرهاتووە».

هاوکات، چەندین کەسی تر لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرابوون، بەهۆی ئەوەی کۆبوونەوەیان لەنێوان خۆیاندا کردووەو هێزەکانی ئاسایشو زێرەڤانیش بە جلی مەدەنییەوە لەناوشاری هەولێردا سووڕاونەتەوە.

شایەدحاڵێک کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ڕایگەیاند: «لەبەردەم بازاڕی نیشتمانی شاری هەولێر، بە (٢٠) چەکداری هێزەکانی زێرەڤانیو ئاسایش بەجلی مەدەنییەوە، لە هاوڵاتییەکیان داو بەسەختیی برینداریان کردووە».

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، لەو هەڵمەتەدا کە ئاسایشو زێرەڤانی لەهەولێر بۆ دەستگیرکردنی هاوڵاتییان دەستیانپێکردبوو، هەریەکە لە (شوان سدیق، ڕۆژنامەنووسی گۆڤاری سڤیل، خالید شینە حەسەن (هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان)، ئیسماعیل عەبدولڕەحمان، شێرزاد ئەبوبەکر، ئیبراهیم عەلی بادینیو شیروان ئازاد کە لە ڕێکخراوێکی ئەمریکی کاری دەکرد)، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە کە بەشێکیان ئۆتۆمبێلی جام ڕەشو بێ تابلۆیان پێبووە، ڕفێنراونو تا ئێستاش چارەنووسی زۆربەیان نادیارە.

لەوبارەیەوە کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێیەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕۆژی هەینی شاری هەولێر کەوتە بەر شاڵاوی هێرشکردنە سەر هاوڵاتییان کە کۆمەڵێک هاوڵاتی تا دوێنێ بێسەروشوێنن».

دەربارەی سۆراغی ئەو کەسە بێسەروشوێنانەش وتی: «پەیوەندیمان بە ئاسایشی هەولێرەوە کردووە، بێئاگایی خۆیان دەربڕیوەو پۆلیسیش بێئاگایی خۆیان نیشانداوە، بەڵام لەڕێگەی لیژنەکەمانەوە پەیوەندیمان کرد بە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە بۆ ئەوە بێتە ناو کێشەکەوە».

دژ بەو هەڵسوکەوتانەش ئەبوبەکر جەمال، کە هاوڵاتییەکی تەمەن (٦٦) ساڵی شاری هەولێرە هەوڵی خۆ سووتاندن دەدات، بەڵام لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە پەلامار دەدرێتو پەلبەستی دەکەن، تاوەکو ئێستا بێسەروشوێنە.

سەفینی مەلا قەرە، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەو ڕۆژەی کە بڕیاربوو هاوڵاتییانی هەولێر خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەلایەن هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیرکراون، کە هەندێکیان لە کاتێکدا دەستگیرکراون کە سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بوون».



### داخستنی زانکۆی سەڵاحەدین

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو (٢/٢٤)، ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە ڕێکخراوێکی تایبەت بەخوێندکارانی پارتییە، بێگوێدانە سەرۆکایەتیی زانکۆ، بڕیاریدا کە خوێندن لەسەرتاسەری زانکۆی سەڵاحەدیندا تا ڕۆژی (١)ی نیسان ڕابگیرێت.

ئەو ڕێکخراوەی پارتی لە ڕێگە ئەندامەکانییەوە خوێندکارانی دەرەوەی شاری هەولێری ئاگادارکردەوە، کە دەبێت بەزترین کات شاری هەولێر جێبهێڵنو خوێندکارانیش بە ناچاریی سەرەڕای بوونی تاقیکردنەوە لە هەندێک لە بەشەکانیاندا، بەرەو شارەکانی خۆیان گەڕانەوە.

قوتابییانی زانکۆی سەڵاحەدین لەبەیاننامەیەکیاندا کە ڕۆژی (٢/٢٥) بڵاویانکردەوە، وێڕای پاڵپشتیکردنی خۆپیشاندەرانی شاری سلێمانی، پەیامی خۆشیان بە ڕێکخراوی قوتابییانی پارتی

پارتی لە ڕێگەی موختاری گەڕەکەکانەوە کەوتووەتە کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان

ڕادەگەیەننو دەڵێن: «بەداخستنی دەرگاکانی مەعریفە بەسەرمانو داخستنی دەرگای زانکۆو بەشە ناوخۆییەکان لەسەرمان، ساردمان ناکەنەوە لە داواکارییە ڕەواکانی گەلەکەمانو گەنجانی تووڕە لەم دەسەڵاتە گەندەڵە».

لەهەمانکاتیشدا قوتابییانی زانکۆی سەڵاحەدین، داوادەکەن کە هەرچی زووە وەزیری خوێندنی باڵا وەکو هەڵوێستی بەردەوامی ئیجرائاتی پێویست لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدینو گشت ڕاگری کۆلێژەکانو سکرتێری ئەو ڕێکخراوە حیزبییە بکات لە ڕێککەوتنی ژێربەژێریان لەگەڵ ڕێکخراوی قوتابییانی پارتی لە بێبەشکردنمان لە خوێندنو مەعریفە، هەرچی زووشە ڕێکخراوی قوتابییانی پارتی‌و هاوشێوەکانی لەناو حەرەمی زانکۆ فڕێبدرێنە دەرەوە هاوشێوەی زانکۆی سلێمانی».

لەوبارەیەوە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ڕایگەیاند: ئەوان بڕیاری ڕاگرتنی دەوامیان نەداوەو سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەدینیش دووپاتیکردەوە کە ئەوانیش ئاگاداری ڕاگرتنی خوێندن نینو دەوامی ئاسایی لە هەموو ناوەندەکانی خوێندندا بەردەوام دەبێت.

لە ڕووی کردارییەوە لە زانکۆی سەڵاحەدین، سەرەڕای ڕاگەیەنراوەکانی وەزارەتو سەرۆکایەتیی زانکۆش، خوێندنی تێدا ڕاگیراوە، تا دوێنێش لەهەولێر ڕێگە نەدراوە قوتابییان بچنەوە ناو حەرەمی کۆلێژو زانکۆو پەیمانگاکانیان.

ئازاد قەزاز، کە یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی لەوڵاتی هۆڵەنداوە پشتیوانی خۆپیشاندانی کردووەو بەوهۆیەی پێشتر مامۆستای فەلسەفەو دەرونناسی بووە لەزانکۆی سەڵاحەدین، لەنامەیەکدا بۆ مامۆستایانو قوتابییانی ئەو زانکۆیە، داوایان لێدەکات کە زانکۆ لەچنگی حیزب دەربهێننو بیگەڕێننەوە بۆ باوەشی زانست.

قەزاز، لە نامەکەیدا دەڵێت: فورسەتە ئەمڕۆکە ئەو زانکۆیەی کە لەلایەن حیزبەوە زەوتکراوە، بیدەنەوە دەست زانستو ئازادی بکەنو تکام وایە، چیتر لە ژێرفشاری دەسەڵات، با زانست نەبێتە قوربانی سیاسەت.

لای خۆشیانەوە، گرووپی سەردەشت عوسمان لەبەیاننامەیەکی تریاندا کە لەبارەی داخستنی زانکۆی سەڵاحەدینەوە بڵاویانکردووەتەوە، ئاماژە بەوەدەکەن کە یەکێتیی قوتابییانی سەر بە پارتی، هەڕەشە لە خوێندکارێکی زانکۆ دەکەن بەهۆی ئەوەی بەشداریکردووە لە دەرکردنی بەیاننامەیەکدا، کە تێیدا ئیدانەی تەقەکردنی هێزە ئەمنییەکانی کردووە لە خۆپیشاندەرانی سلێمانی.

### پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، مەترسییان لەسەرە

لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووەوە، هێزەکانی ئاسایشو زێرەڤانی بەشێوەیەکی چڕوپڕ بە بازاڕو شوێنە گشتییەکانی هەولێردا بڵاوەیان کردووە، پاسەوانیان بەدەوروبەری بارەگا حیزبییەکاندا زۆر لە کاتی ئاسایی زیاتر کردووە، ئەو کارەش گومانو دڵەڕاوکێی لای دانیشتووانی شاری هەولێر دروستکردووە، بەتایبەتی لای بازرگانەکانو خاوەن کارەکان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان.

هاوڵاتییەکی شاری هەولێر کە نەیویست ناوی بهێنرێت، بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەچاوی خۆم بینیومە کە زۆرێک لە بازرگانەکان بە ئۆتۆمبێلی‌و بارهەڵگری بچووک، شتومەکی کۆگاو دوکانەکانیان لە بازاڕەوە بۆ شوێنی تر گواستووەتەوە».


ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییەی لەناو هەولێردا گیراوەتەبەر، چەندین شێوازی هەیە، لەوانە؛ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر ئەندامو لایەنگرانی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان، بەتایبەتی لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان.

بەگوێرەی سەرچاوە ئاگادارەکان، لەوەتەی خۆپیشاندانەکان لە سلێمانی دەستیان پێکردووە، لە هەولێر، پارتی لە ڕێگەی موختاری گەڕەکەکانەوە کەوتووەتە کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان.

بەگوێرەی قسەی شایەدحاڵێک کە ماڵەکەی دراوسێی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە لەهەولێر، لە شەوی هەینیدا هێزێکی زێرەڤانی دەوری بارەگای یەکگرتووی ئیسلامییان تەنیوە.

لێپرسراوان هۆکاری ناردنی ئەو

ڕاپۆرت



لیوا جەمال تاهیر: ئەوەی لە باشووری کەرکوک ڕوودەدات خۆپیشاندان نییە، بەڵکو پەلاماردانی پۆلیسەو چەکدارەکان ئۆتۆمبێلی سەربازانی فیرقەی (١٢)ی سوپای عێراق بە ئاڵا کۆنەکەی سەردەمی بەعسەوە بەکاردەهێنن

## خۆپیشاندانەکانی کەرکوک پێشمەرگەو سوپا ڕووبەڕوو دەکاتەوە

# ئەمریکییەکان داوا لە کورد دەکەن پێشمەرگە بکشێنێتەوە

کەرکوک- رۆژنامە

خۆپیشاندانەکانی کەرکوک هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراقی ڕووبەڕوو کردەوەو ئیدارەی شارەکەی بەرەو گۆڕانکاریی برد، هێزەکانی ئەمریکاش ئاگاداری پێشمەرگە دەکەنەوە.

### هەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکان

لەگەڵ چاوەڕوانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینی (٢/٢٥)، ڕۆژی (٢/٢٣) سێ پەرلەمانتاری یەکێتی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند: «مەترسیی لەسەر کەرکوک هەیەو عەرەبە شۆڤێنییەکان پلانیان بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی کورد لە کەرکوک دارشتووەو داوایان لە هاوڵاتییانی کورد کرد بەشداریی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینی نەکەن»، ڕۆژی دواتریش حەوت حیزبو لایەنی کوردستانیی کۆبوونەوەو بەیانێکی هاوبەشیان دەرکردو داوایان لە کوردی شارەکە کرد بەشداریی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینی نەکەن، چونکە پلان لە دژی کورد هەیەو عەرەبە شۆڤێنییەکانو پاشماوەکانی بەعسو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە هەوڵی دەرپەڕاندنی دەسەڵاتی کورددان لە شارەکەدا، لە ئێوارەی هەمان ڕۆژەوە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی شێخ جەعفەر، وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، هێزێکی زۆری پێشمەرگەو زێرەڤانی لە هەولێرو سلێمانییەوە هێنرانە کەرکوک، ئەمە جگە لەو لیوایەی کە پێشتر لە ناوچەکانی باکووری کەرکوک بوون، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە کۆی هێزەکەی پێشمەرگەو زێرەڤانی خۆی لە (٥) هەزار دەداتو لە سەرەتاوە لە نزیک دەروازەکانی کەرکوک جێگیرکران.

### هەینییەک لە کەرکوک

وەک تەواوی پارێزگاکانی عێراق ڕۆژی هەینی لە شاری کەرکوکیش خۆپیشاندان سازکراو لە سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانییەوە لە بەردەم بینای پارێزگای کەرکوکو لە گۆڕەپانی ئاهەنگەکان خەڵک کۆبوونەوە، کە زۆربەیان عەرەب بوون، دوای سەعات دووی پاشنیوەڕۆ ژمارەی خۆپیشاندەران گەیشتە زیاتر لە (٥٠٠) کەسو چەند هەوڵێکیان دا بۆ چوونە ناو بینای پارێزگاوە بۆ سووتاندنو دەستبەسەرداگرتنی، بەڵام ڕێگرییان لێکرا بە هۆی بوونی هێزێکی زۆری پۆلیسو پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، دروشمو داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانیش کە ئاڵای کۆنی عێراقیان هەڵگرتبوو بریتی بوون لە هەڵوەشاندنەوەی دەستوورو کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی مالیکیو دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگاری کەرکوک، هەمان ڕۆژ لە قەزای حەویجەو ناحیەکانی دەوروبەری خۆپیشاندانی توندوتیژ ئەنجام دران، بەپێی وتەی شایەتحاڵو بەرپرسانی ئەمنیی، خۆپیشاندەران چەکیان بەکارهێناوەو تا سەعات دووی پاشنیوەڕۆ بینای ئەنجومەنی قەزاو فەرمانگەی ڕەگەزنامەو سێ بنکەی پۆلیس سووتێنرانو دەستیش بەسەر گرتووخانەی قەزاکەدا گیراو تێکڕای دەستگیرکراوەکان کە ژمارەیان (٤٠) کەس بوو هەڵاتن، لە ئەنجامی بەریەککەوتنی خۆپیشاندەرو هێزە ئەمنییەکانیشدا (٣) کوژراو و (٢٥) بریندار هەبوو، هەمان ڕۆژ لە ناحیەکانی زابو عەباسیو سلێمان بەگ، زۆربەی بینا حکومییەکانو بنکەکانی پۆلیس سووتێنرانو لەو سێ ناحیەیەش (٥) کوژراو (١٥) بریندار هەبوو، کە زۆربەیان پۆلیس بوون، لەو بارەیەوە عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «خۆپیشاندەران لەگەڵ گرووپو باندە تیرۆریستییەکانی قاعیدەو نەقشبەندیو پاشماوەکانی بەعس تێکەڵ بوونو بە هاوکاریی هێزەکانی سەحوەو چاوپۆشی بەشێک لە چەکدارانی سوپای عێراق بە چەکەوە هێرشیان دەکردو زۆربەی کوژراوو بریندارەکانیش پۆلیس بوون».

بەپێی وتەی ئەو بەرپرسە ئەمنییە، بە درێژایی ئەو ڕۆژە ئەو هێزانە لە هەوڵدابوون بچنە ناو کەرکوکەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنو سووتاندنی بیناو بارەگا حکومییو حیزبییەکان، بەڵام «ڕێگریمان کرد».


هاوکات ئەنجومەنی سیاسیی عەرەبی کەرکوک لە بەیاننامەیەکی (١٨) خاڵیدا کە یەکشەممەی ڕابردوو دەریانکرد، داوای دەرکردنی هێزی پێشمەرگەو ئاسایشی کوردیو بارەگا حیزبییەکان دەکەن لە شاری کەرکوک ئەمڕۆشیان وەک ڕۆژی ئاگرینی کەرکوک ناو بردووە.

### (٢٦)ی شوباتو بەردەوامیی گرژییەکان

ڕۆژی (٢/٢٦) فەرماندەکانی پۆلیس ڕایانگەیاند: هێرشی چەکداریی لە دژی پۆلیس لە ناوچەکانی باشووری کەرکوک لە حەویجەو ڕیازو زاب بەردەوامەو پێویستیان بە پێشمەرگەیە، لیوا جەمال تاهیر، فەرماندەی پۆلیسی کەرکوک بە ڕۆژنامەی وت: «ئەوەی لە باشووری کەرکوک ڕوودەدات خۆپیشاندان نییە، بەڵکو پەلاماردانی پۆلیسەو چەکدارەکان ئۆتۆمبێلی سەربازانی فیرقەی (١٢)ی سوپای عێراق بە ئاڵا کۆنەکەی سەردەمی بەعسەوە بەکاردەهێنن».

هەمان ئەو ڕۆژە هێزەکانی پێشمەرگە پێشڕەویی پێکرا بەرەو ناوچەکانی حەویجەو زابو یایچی، بەڵام لەو ناوچانە گرژیی کەوتە نێوان پێشمەرگەو هێزەکانی فیرقەی (١٢)ی سوپای عێراقەوە، عەقید یادگار شوکور، بەڕێوەبەری سەنتەری هەماهەنگیی پۆلیس بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو ناوچانەی پێشمەرگە پێشڕەویی بۆ کرد سنووری سوپای عێراق بوون، بەڵام بە هۆی کۆنترۆڵنەکردنیانەوە لە لایەن سوپاوە، پۆلیس داوای هێزی پێشمەرگەی کردووەو بە هۆی لێکتێنەگەیشتنەوە گرژیی دروستبوو، بەڵام بە زوویی چارەسەر کراو ئێستا پێشمەرگە لە هەرچوار لاوە شاری کەرکوک دەپارێزێتو بڵاوەی پێکراوە».

هاوکات بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، شەممەی ڕابردوو وەفدێکی هێزەکانی ئەمریکا لە شاری کەرکوک لەگەڵ وەزیری پێشمەرگەدا کۆبوونەتەوەو داوایان کردووە؛ کە هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە شوێنی پێشووی خۆیانو لە بەرامبەردا بەرپرسانی پێشمەرگە گەڕاندنەوەی ئەو هێزانەیان بەستووەتەوە بە باشبوونی باری ئاسایشی کەرکوکەوە.



فۆتۆ: عەبدوڵڵا گۆران

**بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەی لایەنە کوردستانییەکان/ کەرکوک**

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخە هەستیارەی کە شاری کەرکوک پێیدا تێدەپەڕێت، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٧، هێزو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لە شاری کەرکوک، بە سەرپەرشتی بەڕێزان، کاک کۆسرەت ڕەسوڵو کاک نێچیرڤان بارزانیو ئامادەبوونی نوێنەری لایەنە سیاسییەکان، کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا، بەشێوەیەکی ورد تاوتوێی هەلومەرجی ئێستای پارێزگای کەرکوک کراو ئامادەسازیی بۆ هەر ئەگەرو پێشهاتێک کرا.

ئەمەو لەدەرئەنجامی کۆبوونەوەکەدا، جارێکی تر جەخت لەسەر یەکڕیزیو یەکهەڵوێستیی لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە بەرامبەر بەم بارودۆخە هەستیارەی کە پارێزگای کەرکوک پێیدا تێدەپەڕێت.

هەروەها تەئکید لەسەر قوڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی سەرجەم پێکهاتەکانی پارێزگای کەرکوک کرایەوەو زەرورەتی ئەنجامدانی گۆڕانکارییو چاکسازیی ئیداریی لەشاری کەرکوک بڕیاری لەسەر درا لەپێناو باشترکردنی ئاشتیو خزمەتگوزاریی بە بەشدارییپێکردنی هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە هەوڵەکان لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ پێکهاتەکانی تری کەرکوک، دران.

هاوکات، کۆبوونەوەکە ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بەرز نرخاند لە پاراستنی ئارامی شاری کەرکوکو هاوڵاتییانی بە کوردو تورکمانو عەرەبو کلدۆئاشوری.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین، سوپاسی هاوڵاتییانی شاری کەرکوک بکەین بۆ بەدەنگەوەهاتنی بەیاننامەی لایەنە کوردستانییەکان لە بەشدارینەکردنیان لە خۆپیشاندانە گوماناوییەکەی ڕۆژی هەینیدا لەپێناو پاراستنی ئارامیو سەقامگیری شارەکە.

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بزووتنەوەی گۆڕان**
**یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان**
**کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان**
**حیزبی شیوعی کوردستان**
**حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان**
**حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

# کەمپەینێک لە کەرکوک پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی هەرێم دەکات

رۆژنامە

پاش خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسو پارێزەرو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو گەنجانو چینو توێژە جیاوازەکانی شاری کەرکوک کۆبوونەوەیەکیان لەبەردەم قەڵای شاری کەرکوک ئەنجامداو کەمپەینی (کەرکوکیش کوردستانە) ڕاگەیەنرا، کە بڕیارە درێژە بە چالاکیی جۆراوجۆر بدەن بۆ پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانیو هەرێمی کوردستان.

پارێزەر خالید نەقشبەندی، یەکێک لە ڕێکخەرانی کەمپەینەکە ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئامانج لە ڕاگەیاندنی کەمپەینەکە دانەبڕاوی کەرکوکە لە کوردستانو بێدەنگ نابن لەوەی کە لە سلێمانی بەرامبەر خۆپیشاندەران ئەنجامدرا، وتیشی: «ئەگەر دۆخی کەرکوک لە ڕووی ئەمنییەوە لەبار بوایە بەردەوامیمان دەدا بە چالاکیی گەورەو خۆپیشاندانی بەردەوام، ئێستاش بە چالاکیی جۆراوجۆر بەردەوام دەبین لە پشتگیریی گۆڕانکاریی لە کوردستان لە سیستمی سیاسیو کۆمەڵایەتی، چونکە هەموو گۆڕانکارییەک کاریگەریی گەورەی لەسەر کەرکوک دەبێت».

هەر بۆ پشتگیریی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی سەرەڕای ڕێگرتن لێیان، ڕۆژی (٢/٢١) خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی کەرکوک هاتنە دەرەوەی کۆلێژەکەیانو خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، ڕۆژانی دواتریش خوێندکارانی کۆلێژی زانستو یاساو پەیمانگەی تەکنیکیو چەند کۆلێژو ناوەندێکی دیکەی خوێندن چەند جارێک هەوڵیان دا خۆپیشاندان بۆ پشتیوانیکردنی خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن، بەڵام ڕاگرایەتی ئەو کۆلێژو پەیمانگەیانەو ڕێکخراوە حیزبییەکان بە بیانووی مەترسیو بوونی هەڕەشەی ئەمنیی، ڕێگرییان لەو خۆپیشاندانانە کرد.



عوسمان عەسکەری



## شۆڤێنییەکان وا کەرکوک داگیردەکەن

لەگەڵ ئەوەی سەبتەو مەلیلە، کە دوو شاری گرنگو ستراتیژیی مەغریبن، لە سەدەی (١٦)وە ئیسپانیا داگیری کردووەو لە ساڵی (١٨٨٤) کۆلۆنیالیزمی ئەو وڵاتە بەشێکی زۆر لە خاکی مەغریبو مۆریتانیاو سەحرای غەربیشی کردە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٥٨) بە بڕیاری فرانکۆ فرانسیسکۆی، دیکتاتۆری سەرۆکی حکومەتی ئەو کاتەی ئسپانیا سەحرای غەربی لە باشووری مەغریب کرا بە بەشێک لە سەحرای ئیسپانیا، لە دژی ئەو بڕیارەی ئیسپانیا سەحراوییەکان نارەزاییان دەربڕیو لە ساڵی (١٩٧٣) بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەحرایان لەژێر ناوی پۆلیساریۆ دامەزراند. لە لایەکەوە بە هۆی ململانێی نێوان فەرەنسا، پرتوگالو ئسپانیا، مەغریبو مۆریتانیاو فشارەکانی پۆلیساریۆ، ئیسپانیا بڕیاری دا سەحرا ڕادەستی سەحراوییەکان بکاتەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو ڕێکەوتنەدا گەلی مەغریب لەپێناو ڕزگارکردنی سەبتەو مەلیلە لەژێر چنگی ئیسپانییەکان فشارێکی زۆریان کردە سەر حەسەنی دووەمی پادشای وڵاتەکەیان.

شا حەسەن، لە لایەکەوە بۆ ئەوەی خۆی لەژێر فشاری گەلی وڵاتەکەی ڕزگار بکات، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی سەحرای غەربی بە وڵاتەکەیەوە بلکێنێ لەگەڵ ئەوەی شارەکانی سەبتەو مەلیلەی فەرامۆش کرد، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٥) نزیکەی (٣٥٠،٠٠٠) کەسی لە شارەکانی دیکەی وڵاتەکەیەوە بەبێ چەک بە مەبەستی خۆپیشاندان ڕەوانەی سەحرای غەربی کرد لەژێر ناوی مارشی سەوزدا.

ئەو مارشە، هاوکات بوو لەگەڵ کۆچی دوایی فرانسیسکۆ فرانکۆی، گەورە دیکتاتۆری ئیسپانیا کە قەیرانێکی گەورەی لە وڵاتەکەدا دروستکرد، بەو هۆیەوە پاش (٣) مانگ لە خۆپیشاندانی مارشە سەوزەکەی شا حەسەن، لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٦) ئیسپانیا دەستی لە سەحرا هەڵگرتو شا حەسەنیش، لە ڕێگەی ئەو مارشەوە، لە لایەکەوە بەشێکی زۆری سەحرای بە وڵاتەکەیەوە لکاند، لە لایەکی دیکەوە توانیی سەرکەوتن لە دژی نارەزاییەکانی گەلی وڵاتەکەی دەستەبەر بکات.

لە عێراقدا، بە هۆی ناکۆکیی نێوان لایەنەکانو گەندەڵیی دەسەڵاتەوە پرۆسەی سیاسیی دووچاری دەیان قەیران بووەتەوە، بۆیە سێبەری شۆڕشەکانی تونسو میسر، گۆڕانی بنەڕەتی لە پێکهاتەو پرۆسەی سیاسیی عێراق ئەنجام دەدات، کە دەکرێت گەلی کورد بە شنەبای سودانو مافە بنەڕەتییەکانی خۆی شاد بکات، بەڵام دوور لە خوێندنەوەی ئەو پێشهاتانە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەپێناو درێژەدان بە دەسەڵاتەکەیان، بۆ ئەوەی خۆیان لەژێر فشاری شەقامی کوردیو ئەو کارەساتە خوێناوییەی (٢/١٧) ڕزگار بکەن، لەگەڵ ئەنجامدانی سەدان ڕەفتاری ناشارستانی لە دژی گەنجەکان، مەلەفی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان هەڵدەدەنەوە.

ئەگەر بەراورد لەنێوان مارشە سەوزەکەی شا حەسەنی دووەمو بزووتنەوەکانی کورددا بکەین، کە ئەنجامدانی ئەو مارشە هاوکات بوو لەگەڵ ئاشبەتاڵی شۆڕشەکەی کورد، ئەوا دەردەکەوێت هەتا ئێستاش بە هۆی گەندەڵییو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیانەوە، سەرکردایەتی (پدکو ینک) شتێکی ئەوتۆ لە ئەزموونی گەلان فێر نەبوونو دەرسیان لە کارەساتەکانی کوردستان وەرنەگرتووە، بۆیە لە جیاتی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خەڵک، بۆ ئەوەی دەنگی شەقام کپ بکەن، دڵەڕاوکێو ترسی شۆڤێنییەکان لەناو خەڵکی کەرکوکی ستەمدیدەو کوردی ناوچەدابڕاوەکاندا دروست دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا پێویست بوو شۆڤێنییەکان ترسیان لە کورد هەبێت، نەک پێچەوانەکەی.

تارمایی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە باکووری ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویاندا، ئەوەی سەلماند کە شنەبای شۆڕشەکانی میسرو تونس، لە شێوازی ڕووخانی دیواری بەرلینو کۆی ئەو سیستمو دیکتاتۆرانە لەناو دەبات، کە هاوشێوەی بن عەلیو موبارەکو قەزافیو گۆڕانی بنەڕەتیش لە ناوچەکەدا دێنێتە کایەوە، بۆیە دەسەڵات گەر دەیەوێت خۆیانو سامانەکەیان بپارێزن، ئەوا دەبێت لەوە زیاتر گەمەی قێزەونی سیاسیی نەکەنو هەرچی زووە داواکانی مەیدانی ئازادیی جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین ئەم دۆخە هەستیارە بقۆزینەوە کە لە جیهاندا هاتووەتە پێشو سوود لە ئەزموونی مارشە سەوزەکەی شا حەسەنو ڕیفراندۆمەکەی باشووری سودان وەربگرین.

## تاوەکو ئێستا (٩٠) گوندی قەزای مێرگەسوور بێ کارەبان

راپۆرت

ئەحمەد باڵەکی: تائێستا (٩٠) گوندی سەر بە قەزای مێرگەسووری سەر بە پارێزگای هەولێر کارەبای نیشتمانییان نییەو بەڕێوەبەری کارەبای نیشتیمانیش دابین نەکردنی بۆ نەبوونی بودجە دەگەڕێنێتەوە.

فەیسەڵ حسێن، بەڕێوەبەری کارەبای نیشتمانی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە هۆکاری دابین نەکردنی بۆ نەبوونی بودجە گەڕاندەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «توانیومانە کارەبای نیشتمانیی بۆ زۆربەی گوندەکانی سنووری قەزای مێرگەسوور ببەین توانیتمان کارەبای نیشتمانیان بۆ بەرین، بەڵام تاوەکو ئێستا (٩٠) گوندیش کارەبای نیشتمانیی بۆ نەچووەو لە بەرنامەماندایە لە ساڵی نوێ لەگەڵ دەرچوونی بودجە کارەبای نیشتمانیش بەپێی توانا بۆ ئەو گوندانە ببەین».



# دەسەڵات حساب بۆ بڕیارە (١٧) خاڵییەکەی پەرلەمان ناکات

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

لە یەکەم رۆژی دەستبەکاربوونی لیژنە پەرلەمانییەکەوە بۆ جێبەجێکردنی (١٧) خاڵەکەی پەرلەمانی کوردستان، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەی زۆرێک لەو خاڵانەوە مامەڵە دەکەنو پێشێلی بڕیارەکەی پەرلەمان دەکەن.

پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نائاسایی خۆیدا کە رۆژی (٢/٢٤) تایبەت بە رووداوە خوێناوییەکەی (٢/١٧)ی سلێمانیو ناوچەکانی تری هەرێم بەڕێوەچوو، بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی دەرکرد، کە (١٧) خاڵی لەخۆ گرتبوو، تێیدا فەرمانی کردبوو؛ کە حکومەتی هەرێم لە رۆژی دەرچوونییەوە کاری پێ بکات، بەڵام ژمارەیەکی زۆر پێشێلکاریی بەرامبەر ئەو بڕیارە کراوەو پێشێلکارییەکانیش بە ئاشکرا هەستیان پێ دەکرێت.

### تەقەو کوشتن بەردەوامە

هەرچەندە بەپێی بڕگەی (١)ی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی پەرلەمانی کوردستان، تەقەکردن لە هاوڵاتییان تەحریمو تەجریم کراوە، بەڵام هەر رۆژێک دوای دەرچوونی بڕیارەکە لە هەردوو قەزای چەمچەماڵو کەلار، لە لایەن هێزەکانی پارتیو پۆلیسو ئاسایشی ئەو قەزایانەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کراوەو بە هۆیەوە (٢) کەس گیانیان لەدەستداو ژمارەیەکی زۆریش برینداربوون.

### دەستگیرکردنو بێسەروشوێنکردن بەردەوامە

هەرچەندە بەپێی بڕگەی (٩)ی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی پەرلەمان، نابێ بەبێ بڕیاری دادگا هیچ خۆپیشاندەرێک بەهۆی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکاندا دەستگیر بکرێت، هاوکات بەپێی بڕگەی (٣)ی ئەو بڕیارە، پێویستە حکومەتی هەرێم هەستێت بە ئازادکردنی سەرجەم ئەوانەی بە هۆکاری بەشداربوون لە خۆپیشاندان دەستگیر کراون، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە، کە لەدوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە لە (٢/١٧)دا ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەر لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کراونو ژمارەیەکیش تائێستا بێسەروشوێنن.

دوای ئەوەی کە رۆژی (٢٣و ٢/٢٤) لە قەزای هەڵەبجە خۆپیشاندان ئەنجامدرا، لەو بەروارە بەدواوە هەڵمەتێکی چڕوپڕ بۆ دەستگیرکردنی گەنجان لە بازاڕو شوێنە گشتییەکاندا دەستی پێکردووەو ئەوەی گومانی لێبکرێت کە بەشداریی لەو خۆپیشاندانانەدا کردبێت، یان توندوتیژیی ئەنجامدابێت، دەستگیر دەکرێت.

هاوکات لەدوای تەواوبوونی خۆپیشاندانەکەی رۆژی هەینی (٢/٢٥)ی سلێمانییەوە (٤) کەس لە خۆپیشاندەران بێسەروشوێن کران کە دوای دوو رۆژ (٣) کەسیان ئازادکران.

سۆران بابان، برای یەکێک لە بێسەروشوێنەکان رایگەیاند: رۆژی هەینی پاش کۆتاییهاتنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی سلێمانی، هەریەکە لە نەوازد بابان، شاخەوان ناسیح، خالید مەجیدو عەلی محەمەد، بێسەروشوێن کراون، بەو هۆیەشەوە سەردانی لایەنی بەرپرسو دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایشمان کردووە، بەڵام هیچ زانیارییان پێ نەداین»، شایانی باسە تائێستاش یەکێک لەو دەستگیرکراوانە بێسەروشوێنە.

لەلایەکی ترەوە، پاش نیوەڕۆی رۆژی هەینی (٢/٢٥)، کە بڕیاربوو هاوشانی سەرجەم شارو شارۆچکەکانی سنووری سلێمانی، لە هەولێری پایتەختیش خۆپیشاندان بەڕێوەبچێت، هێزە ئەمنییەکانی ئەو پارێزگایە دەستیان کرد بە دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە گومانیان لێدەکرێت کە بەشداریی لەو خۆپیشاندانەدا بکەن، تائێستاش سێ هاوڵاتی بە ناوەکانی: خالید شینە حەسەن، ئیسماعیل عەبدولڕەحمان، شێرزاد ئەبوبەکر، کە لە باخی گشتیی پێکەوە راوەستاون لە لایەن چەکدارەکانی ئاسایشی پارتییەوە رفێندراونو تائێستاش چارەنووسیان نادیارە.

سەفینی مەلا قەرە، هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەو رۆژەی کە بڕیاربوو هاوڵاتییانی هەولێر خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە لایەن هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیرکراون، کە هەندێکیان لە کاتێکدا دەستگیرکراون کە سەرقاڵی ژیانی رۆژانەی خۆیان بوون».

### لیژنە حکومیەکە، پێشێلکاری بڕیارەکەی پەرلەمانە

بەپێی بڕگەی (٧) لە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی پەرلەمانی کوردستان، پێویستە لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی (٢/١٧) بەدواوە کە لە لایەن حکومەتەوە پێکهاتووە، لە لایەن ئەندامێکی دادگای تەمیزەوە سەرۆکایەتی بکرێتو ئەندامەکانی کەسانی شارەزاو بێلایەن بن، بەڵام ئەوەی تێبینیی دەکرێت ئەو لیژنەیەی کە حکومەت بۆ ئەو مەبەستە دروستی کردووە لە لایەن سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، کە ئەمەش پێشێلکاریی بڕیارەکەی پەرلەمانە.

ئاشتی عەزیز، ئەندامی ئەو لیژنەیەی کە بۆ بەدواداچوون لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی پەرلەمان لەلایەن حکومەتەوە پێکهێنراوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: بۆ ئەو مەبەستە سەردانی سەرۆکی حکومەتمان کردو جەختمان لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیەی بڕیارەکە کردەوە، ئەویش بەڵێنی هەڵوەشانەوەی لیژنە حکومییەکەی پێداینو وتی: بەو شێوەیەی کە لە بڕیارەکەدا هاتووە لیژنەیەکی نوێ پێکدەهێنین».

### هێزەکان نەکشێنراونەتەوە

بەپێی بڕگەی (٢) لە بڕیاری ژمارە (١)ی پەرلەمان، پێویستە دەستبەجێ سەرجەم هێزە جوڵەپێکراوەکان کە بە هۆی رووداوەکانی رۆژی (٢/١٧) جوڵەیان پێکراوە بۆ گشت شارەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی سلێمانی، بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم بڕیارەوە هێزی زیاتر لە خانەقینەوە براوە بۆ کەلارو گەرمیان.

> **ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەلایەن هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیرکراون**

لە بەرامبەردا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنە پەرلەمانییەکەی دڵنیاکردووەتەوە لەوەی کە سەرجەم هێزەکانی زێرەڤانی، کە هێنرابوونە سنووری سلێمانی، گەڕێنراونەتەوە شوێنەکانی خۆیان، بەڵام سەرچاوەیەک بۆ رۆژنامە جەختی لەوە کردەوە؛ کە ئەو هێزانە تائێستاش لە فەرماندەیی یەکێتی ماونەتەوە بۆ هەر حاڵەتێکی لەناکاو کە روویدات.

هاوکات بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە بە هۆی خۆپیشاندانەکانی شاری کەلارەوە چەندین چەکداری سەر بە هێزی زێرەڤانی بۆ پارێزگاریکردن لە بارەگای لقی پارتیو رووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندەران لە خانەقینەوە براونەتە قەزای کەلار.

### هێشتنەوەی پێشمەرگە لە شاردا پێشێلکارییە

بەپێی بڕگەی (٥) لە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی پەرلەمانی کوردستان پاراستنو رێکخستنی خۆپیشاندەران تەنیا بە هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆو پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بسپێردرێت، شوناس (ناو، باج، شوێنی کار)ی هێزە پارێزگارەکان ئاشکرا بێتو نەهێڵرێت بە دەمامکو ئۆتۆمبێلی جامرەش هاتوچۆ بکات.

بەڵام لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانیدا بینرا کە هێزێکی تایبەت بە بەرگی سەربازییەوە دەمامکی رەشیان لەسەردایەو لەناو خۆپیشاندەراندان، کە ئەمەش پێچەوانەی بڕیارەکەی پەرلەمانە.

هاوکات بەپێی بڕگەی ژمارە (٦)ی ئەو بڕیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو جۆرە ململانێیەکی سیاسیی ناوخۆیی بە دووربێتو ئەرکی نیشتمانیی خۆی وەک هێزێکی نیشتمانییو پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات.

لەدوای دەرچوونی ئەو بڕیارەشەوە رۆژانە دەبینرێت کە لەسەر شەقامەکانی سلێمانیو لەناو ئاپۆرەی خۆپیشاندەراندا هێزێکی زۆری پێشمەرگە دەبینرێت، کە بە چەکەوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران وەستاون.

ئەندامەکەی لیژنە پەرلەمانییەکە ئەوەی بۆ رۆژنامە خستە روو؛ کە سەبارەت بەو حاڵەتە قسەیان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی کردووە، بەڵام پارێزگار پێی راگەیاندوون کە بەهۆی کەمیی ژمارەی پۆلیسەوە لە پارێزگاکەدا، پێشمەرگە بۆ پاراستنی گیانی خۆپیشاندەرانو موڵکو ماڵی حکومییو هاوڵاتییان هێنراونەتە ناو شارەوە.



## سەرۆکایەتیی پەرلەمان داوا لە لیژنەکان دەکات لە گەندەڵیی بکۆڵنەوە

# پەرلەمانتارێک: هیوادارم بۆ هەڵخەڵەتاندن نەبێت

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

سەرۆکایەتیی پەرلەمان داوا لە لیژنە هەمیشەییەکان دەکات بەدواداچوون بکەن بۆ دەرخستنی کەموکوڕییەکانو کەمتەرخەمییو پەرلەمانتارانیش سەرباری دڵخۆشییان بە نووسراوەکە، رایدەگەیەنن کە سەرۆکایەتیی لەخۆیەوە دەستپێبکاتو «دەرگاکان ئاوەڵا بکات».

بەشێکی پەرلەمانتاران، ئاماژە بەوە دەکەن کە نووسراوەکە دەریدەخات کە پێشتر پەرلەمان کارا نەبووەو نەیتوانیوە بە ئەرکەکانی هەستێتو لە گەندەڵیی بپێچێتەوە، هەروەک بەپێویستی دەزانن، سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەنگاوی جدیی بنێت بۆ ئەو مەبەستەو ئەو نووسراوەش تەنیا بۆ راگەیاندنو «چەواشەکاریی نەبێت».

عەبدوڵڵا مەلانووری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بە نووسراوەکەی پەرلەمان دەکاتو پێیوایە، بەڵگەی ئەوەیە کە لە رابردوودا پەرلەمان نەیتوانیوە بە ئەرکەکانی هەستێتو دانپێدانانە بە ناکارایی پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەشدا مایەی دڵخۆشییە کە سەرۆکایەتیی، دەستپێشخەرییەکی لەو شێوەیە دەکات.

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان، باس لەوە دەکات کە نووسراوەکەی سەرۆکایەتیی ناچێتە چوارچێوەی جدییەتەوە، تا چەند هەنگاوێکی تر نەنرێت لەلایەن خودی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە، لەم بارەیەوە وتی: «سەرۆکایەتیی پەرلەمان، زیاتر لە (٢) هەزار راپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی لەلایە، دەبێت بیانخاتە بەردەم پەرلەمان، هەروەک لیژنەی نەزاهە بکرێتە لیژنەیەکی کاراو هەفتانە کۆبوونەوە بکرێت بۆئەوەی ئەو بەڵگەنامەو بابەتانەی ئەندامانی پەرلەمان دەستیان دەکەوێت، لە کۆبوونەوەیەکدا بیخەنەڕوو».

ناوبراو، بەپێویستیشی دەزانێت کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کار بۆ ئەوە بکات کە دیوانی چاودێریی دارایی، رۆڵی چاودێری هەبێتو بە بە نووسراو حکومەت ئاگادار بکات بۆئەوەی دەرگای دامودەزگاکانی بە رووی پەرلەماندا بکرێنەوە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت، هەروەک کاتێک پەرلەمانتاران پرسیارێک بۆ حکومەت دەنێرن، لەکاتی خۆیدا بیگەیەنێتو دەرگای پەرلەمان بە رووی کەناڵەکانی راگەیاندن بکرێتەوە.


ئەوەی جێی نیگەرانیی پەرلەمانتارانە، شاردنەوەی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی داراییە لای سەرۆکایەتیی پەرلەمان، هەروەک دانەمەزراندنی دەستەی نەزاهەو بەربەست دانانە لە بەردەم لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان، جگەلەوە هەموارنەکردنەوەی یاسای داواکاری گشتیی.

حەمەسەعید حەمەعەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بە درەنگوەختیی کاتی دەرکردنی نووسراوەکە دەکاتو بۆ رۆژنامە وتی: «دەبوو ساڵانی پێشوو، پەرلەمانو لایەنە سیاسییەکان داوای ئەو کارەیان بکردایە، جگە لەوە گەندەڵییەکان ئاشکران کە چینو رێگە چارەکانیشیان ئاشکران».

پەرلەمانتارەکەی یەکگرتوو، دەڵێت: «خوازیارم کە نووسراوەکە بۆ چەواشەکردنو هەڵخەڵەتاندن نەبێت، هەنگاوەکانی ئایندە دەری دەخەن کە چی دەبێتو بۆچییە، بەڵام پێویست بوو پێش ئەوە لیژنەی نەزاهە کارابکرایەو سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە پێدانی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی داراییو دروستکردنی دەستەی نەزاهە ئەو رۆڵەی ببینیایە».

ئەو نووسراوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، دوای نیگەرانییەکانی ئۆپۆزسیۆنو هاوڵاتییانی کوردستان دێتو پەرلەمانتارانیش پێیانوایە کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەژێر ئەو فشارانەدا ئەو کارانەی کردووە.

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، لەوبارەیەوە دەڵێت: «دەرکردنی ئەو نووسراوە لەژێر ئەو فشارانەیە کە ئێستا لە ئارادانو ئەگەر واش بێت هەر جێگەی دڵخۆشییە، بەڵام ئەگەر وەک شتەکانی تر بۆ ریکلامو قسە نەبێتو بچێتە چوارچێوەی عەمەلیو کاری پێبکرێت».





پێشمەرگەیەک: ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن هەموویان خوشکو برای ئێمەن
خۆزگە چەکدار نەبوومایەو بچوومایەتە ناو خۆپیشاندەران

## خۆپیشاندانەکەی (٢٥)ی شوبات

# دەستلەکارکێشانەوەی چەندین بەرپرسی بەدوای خۆیدا هێناو ناوەندیشی ترساند

ڕاپۆرتی: عەلی ناجی- بەغدا




هەینی ڕابردوو خۆپیشاندانی بەرفراوان لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق ئەنجامدرا، کە بە گەورەترین خۆپیشاندانی دوای ٢٠٠٣ی دادەنرێتو وەک ئامادەکارانی ئەو خۆپیشاندانانە ئاماژەیان پێدەکرد، هۆکاری سەرەکیی خۆپیشاندانەکان، نەبوونی خزمەتگوزارییەکانو خراپیی بەشەخۆراکی مانگانەو بەربڵاوی گەندەڵیو بێکاریی بوو، کە بەهۆیەوە دەیان بەرپرسی پارێزگاکانی عێراق ناچارکران دەست لەکار بکێشنەوەو پەرلەمانیش لە داواکانیان دەکۆڵێتەوە.

### بەغدا، شەڕە گەورەکە

بەغدای پایتەخت وەک گەورەترین پارێزگای عێراق، یەکەم جوڵەی خۆپیشاندانی تێکەوت، سەرەڕای پشتگیرینەکردنی عەلی سیستانی، گەورەمەرجەعی شیعەکانو موقتەدا سەدری سەرۆکی ڕەوتی سەدرو تۆمەتبارکردنی کۆنە بەعسییەکان لەلایەن مالیکییەوە بۆ سازدانی ئەو خۆپیشاندانە، زیاتر لە پێنج هەزار خۆپیشاندەر لە گۆڕەپانی تەحریر کۆبوونەوە، بەبێ گوێدانە بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆی سەرکردایەتیی چالاکییە ئەمنییەکانی بەغدا.

خۆپیشاندەرانی بەغدا داوای لەسەرکار لابردنی هەریەک لە سەلاح عەبدولڕەزاقی پارێزگارو چەند بەرپرسێکی ئیداریی ئەو شارەو چاکسازیی سیستمی سیاسییو هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنەکانو دەرکردنی یاسای حیزبەکانو لێپرسینەوەو بەرپرسە کەمتەرخەمەکانیان دەکرد، کاتێکیش خۆپیشاندەران ویستیان بەرەو ناوچەی سەوزی بارەگاو زۆربەی دەزگا حکومییەکان بڕۆن، بەشێک لە پەرلەمانتاران ویستیان بچنە نێو خۆپیشاندەرانەوە، بەڵام بە لێدان دەریانکردنو خۆپیشاندەران بەربەستە کۆنکرێتییەکانیان ڕووخاند وەک ئاماژەیەک بۆ نەهێشتنی بەربەست لەنێوان حکومەتو هاوڵاتییاندا، بەو هۆیەشەوە پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەرانو کارمەندانی یەکەی بنەبڕکردنی گێرەشێوێنی ڕوویداو دواتر سوپاسی عێراقیش هێنرا بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانو لە ڕێگەی ئاو و بۆمبی دەنگییەوە، هێرش کرایە سەریانو دەیان برینداری لەهەردوولا لێکەوتەوە.

### خۆپیشاندان، نەینەواشی گرتەوە

پارێزگای نەینەواش خۆپیشاندانێکی توندی بەخۆیەوە بینی، ئەو کاتەی هەریەک لە ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری نەینەواو ئوسامە نوجێفی برای کە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانە لە بارەگای پارێزگای نەینەوادا بوونو خۆپیشاندەران هێرشیان کردە سەر ئەو بارەگایەو داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی محەلی ئەو شارەیان کردو بارەگای پارێزگایان بەردباران کردو بەهۆیەوە پێکدادان لەگەڵ پاسەوانانی بارەگاکە ڕوویداو (٥) کەس کوژرانو دەیانی تریش برینداربوونو بەدوایدا خۆپیشاندەران ئاگریان لە بارەگای پارێزگا بەردا.

وەک هاوپشتییەکیش بۆ داوای خۆپیشاندەران، بەڕێوەبەری شارەوانیی ناحیەی حەمامو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی ئەو ناحیەیە دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان پێشکەشکرد.

دوابەدوای ڕووداوەکەش، نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ڕاگەیاندنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ئاشکراکرد سەبارەت بە ڕووداوەکانی نەینەواو تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، هاوکات ئەسیل نوجێفی، پارێزگار هەندێک لە یەکە ئەمنییەکانی تۆمەتبارکرد بە هاندانی هاوڵاتییان بۆ خۆپیشاندانو نانەوەی ئاژاوە لەو شارەدا.

### بەسرە، تەسلیمبوونی پارێزگار

لە پارێزگای بەسرەش، هەزاران هاوڵاتی ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ

> **دەرنەکردنی هیچ یاسایەک لە هەشت مانگی ڕابردوودا لە پەرلەمان کە لە بەرژەوەندی خەڵکدا بێت، هۆکاری سەرەکی خۆپیشاندانەکان بوو**

ناڕەزایی دەربڕین لە خزمەتگوزارییەکانو گرنگترین داواکارییەکانیان، دەستلەکارکێشانەوەی شەڵتاغ عەبدودی پارێزگار بوو، خۆپیشاندەران بارەگای ئەنجومەنی پارێزگایان بەردباران کردو لەگەڵ پاسەوانانی ئەو بارەگایەدا پێکدا هەڵپرژانو دەیان برینداری لێکەوتەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا ئەنجومەنی پارێزگاش کە شەممەی ڕابردوو سازی دا، بەزۆرینەی دەنگ داوای دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگار پەسەندکرا کە بەهۆی خۆپشاندانەکانەوە پێشکەشی کردبوو.

### ئەنبار، دەستلەکارکێشانەوە بە کۆمەڵ

ئاگری خۆپیشاندانەکان، پارێزگای ئەنباری سوننەنشینیشی گرتەوەو دوای هێرشکردنە سەر بارەگای پارێزگاو بەردبارانکردنو وەڵامدانەوەیان بە فیشەک، چەندین قوربانیی لێکەوتەوە، وەک پشتگیرییەکیش بۆ خۆپیشاندەران، قایمقامی ناحیەی حەبانیەو زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی ئەو ناحیەیە، دەستیان لەکار کێشایەوەو دواتریش قایمقامی قەزای فەلوجەو سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانییەکەیو سەرجەم ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە دەستیان لەکار کێشایەوەو هەنگاوی دەستلەکارکێشانەوە بەرپرسە حکومییەکانیشی گرتەوەو بەڕێوەبەری ئاووئاوەڕۆو نەخۆشخانەی گشتیی فەلوجە، دەستیان لەکار کێشایەوە.

### پەرلەمان، دەکۆڵێتەوە

بڕیارە بەمزووانە لیژنەی مافی مرۆڤی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕاپۆرتێک سەبارەت بەداوای خۆپیشاندەران ئامادە بکاتو لەوبارەیەوە عەلی شبر، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، ڕاپۆرتێکی چڕوپڕ سەبارەت بە داوای خۆپیشاندەرانو دەستدرێژیکردنە سەریان پێشکەش بە پەرلەمان دەکەینو پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقیش لیژنەی هاوبەش لەو بارەیەوە پێکدەهێنن».

لەلایەکی ترەوە، قاسم ئەعرەجی، ئەندامی لیژنەی ئاسایشو بەرگریی عێراق بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە کە لیژنەکەی خرووقاتی دەزگا ئەمنییەکانی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران تۆمارکردووە، وتیشی: «لە ژووری چالاکییە ئەمنییەکانی بەغدا بووینو خرووقاتەکانمان تۆمارکردووەو ئەرکی هێزە ئەمنییەکان پاراستنی خۆپیشاندەرانە، نەک تەقەکردن لێیان». ئەم ڕێوشوێنانە لەکاتێکدایە جگە لە پارێزگاری بەسرە هەردوو پارێزگاری بابل و واست دەستیان لە کار کێشایەوەو نوری مالیکیش (١٠٠) ڕۆژی دا بە وەزیرەکانی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران.

موهەنەد کینانی، سەرۆکی ڕێکخراوی تۆڕی عەین بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە خۆپیشاندان مافێکە کە دەستوور دیاریکردووەو داواکاریی خۆپیشاندەران ڕەوایەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «نەبوونی یاسای حیزبەکانو دەرنەرکرنی هیچ یاسایەک لەماوەی هەشت مانگی ڕابردووی پەرلەماندا کە لە بەرژەوەندیی خەڵک بێتو بە سیاسەتکردنی دەسەڵاتی دستوورییو نەبوونی دادی کۆمەڵایەتیی، هۆکاری سەرەکیی خۆپیشاندانەکانی عێراق بوون».

# پێشمەرگە: فەرمانیشمان پێبکرێت، تەقە لە خۆپیشاندەران ناکەین

ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

ئەو پێشمەرگانەی کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ پاراستنی دامەزراوەکان هێنرابوونە ناو شاری سلێمانییەوە، خۆپیشاندەران بەبراو کەسی خۆیان دەزانن‌و داواکاری خۆپیشاندەرانیش بەڕەوا دەزانن.

(٧) ڕۆژ دوای ڕووداوە خوێناوییەکەی بەردەم لقی (٤)ی پارتی کە تیایدا پاسەوانانی ئەو بارەگایە تەقەیان لەخۆپیشاندەران کردو لەئەنجامدا هەر ئەو ڕۆژە کەسێک کوژراو (٥٧) دیکەش برینداربوون، پێشمەرگەیەک لەبەردەرکی سەرای سلێمانی کە ئێستا بە (مەیدانی ئازادی) ناسراوە، هاتە ناو ڕیزی خۆپیشاندەرانەوە.

ئەو پێشمەرگەیە دەڵێت: بەڕاستی جەماوەری سلێمانی سەلماندیان ئاشتیخوازن، دوای ئەوەی گوڵیان بۆ هێناین نەریتێکی تازەیان فێرکردین کە ئەوان گوڵمان دەدەنێ، دەبێت ئێمەش وەک برای خۆمان پارێزگارییان بکەین، بەڕاستی ئەوانەی تەقەیان لەم خەڵکە ئاشتیخوازە کردووە، دەبێت تۆڵەی کارەکەیان وەربگرن.

ناوبراو وتیشی: «من سەرم سوڕماو چەکم داناو چوومە ناو خۆپیشاندانەکەوە، خۆم بۆ ڕانەگیرا، من بەدەسەڵات دەڵێم، ئەوان ئاژاوەگێڕ نین، ئەوان ئازادییان دەوێت».


فۆتۆ: هیوا جەمال

نزیکەی (٢) هەفتەیەو لەدوای (١٧ی شوبات)ەوە، بەشەقامەکانی سلێمانیدا بڵاوکراونەتەوە، ئەوان پێشمەرگەی وەزارەتی پێشمەرگەنو بەشێکی زۆریان خەڵکی سلێمانین، سەرجەم ئەم پێشمەرگانەی کە قسەیان بۆ کردین، لەبەر ترسی سزای سیاسییو سەربازیی، نەیاندەویست ناوەکانیان ئاشکرابکەن، بەڵام لەپەیامەکانیاندا هاوڵاتییان دڵنیا دەکەنەوە کە هەموویان لەگەڵ خۆپیشاندەران براو کەسی یەکترنو داواش دەکەن، ئەوانەی کە تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە، دەبێت سزا بدرێن.

یەکێک لەو پێشمەرگانە کە بەچەکێکی کلاشینکۆفو تێڵایەکەوە لە گەڕەکی ئاشتی وەستابوو، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن، هەمووی کەسوکاری ئێمەن، خۆزگە چەکدار نەبوومایەو بچوومایەتە ناویانە، ئێمە بۆ پاراستنو ئارامکردنەوەی ڕەوشی سلێمانی هاتووینو زۆر دڵگرانم بە ڕووداوەکەی (١٧ی شوبات)، من نازانم چۆن ویژدانیان ڕێگەی پێدان دەستی خۆیان بەبرای خۆیان سوور بکەن».

ئەو پێشمەرگەیە زۆر بە دڵێکی گەرمەوە بۆ خۆپیشاندەران ئاماژەی بەوەکرد، «ئێمە برای ئەوانینو ئەگەر ئەمریشمان پێبکرێت، تەقە ناکەین، تەنانەت ئەگەر سەریشمان بە بەردی براکانمان سووربێت، چونکە برایەکم لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو، ئێستاش ئازارەکەیم لە دڵدایە».

ڕۆژی (١٧ شوبات)، ڕۆژێکی خوێناویی بوو بۆ خەڵکی سلێمانی، کاتێک لەخۆپیشاندانێکدا چوونە بەردەم بارەگای لقی (٤)ی پارتیو لەلایەن پاسەوانەکانی ئەو بارەگایەوە تەقەیان لێکراو لەئەنجامدا هەر ئەو ڕۆژە کەسێک کوژراو (٥٧) دیکەش برینداربوون، دوای ئەم ڕووداوەش هەردوو حیزبی باڵادەست سلێمانییان بەهێزەکانی پێشمەرگەو زێرەڤانی تەنیو ترسو دڵەڕاوکێیان خستە ناو دڵی خەڵکی شارەکەوە، ژمارەی کوژراوەکانیش گەیشتە (٣) کەسو بریندارەکانیش گەیشتە زیاتر لە (١٣٠) کەس.

ئەفسەرێکی هێزەکانی پێشمەرگە، (٣) ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە لەکاتی ئێشکگریدا لەیەکێک لە شەقامەکانی سلێمانی، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەو کەسانەی لەسەر شەقامەکانن بەکوڕو کچەوە، هەمووی کەسوکاری ئێمەی تێدایە، من لەگەڵ توندوتیژیی نیم، کفرە تەقە لەو گەنجانە بکەیت، ئێمە شەڕی ناوخۆمان لەبیر نەچووەتەوە، ئەو گەنجانەی لەسەر شەقامەکانن، دەیانەوێت وەک گەنجەکانی تری دنیا بژین».

ئەو ئەفسەرە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە فەرمانی تەقەکردنیان پێ نییە لە خۆپیشاندەران، ئەگەر زۆر ناچاریش بکرێن، تەنیا دەتوانن ئەو دارە بەکاربهێنن کە بەدەستیانەوەیە، ناوبراو وتیشی: «کوڕەکەی خۆم ڕۆژی یەکەمو دووەم لەناو خۆپیشاندانەکاندا بووە، داواش لەخۆپیشاندەران دەکەم وەک برای خۆیان سەیرمان بکەن، داواشدەکەم، ئەوانەی گەنجانی سلێمانییان شەهیدو بریندار کرد، دادگایی بکرێن».

ڕەنگە کارە سەربازییەکەیان نەبوایە، زۆربەی ئەو پێشمەرگانە ئێستا لەناو خۆپیشاندانەکاندا بوونایە، چونکە لەگەڵ هەر پێشمەرگەیەک دەدوێیت، چاوی پڕ دەبێت لە گریانو ناخی دڵی هەڵدەڕژێت، لەوەش زیاتر ئەوان بە خۆپیشاندەران دەڵێن، قارەمانو داواکارییەکانیان بە داواکاریی خۆیان دەزانن.

پێشمەرگەیەکی تر کە لەبەر ماندوویێتی لەیەکێک لەباخچەکانی سلێمانی ڕاکشابوو، لە ڕێی ڕۆژنامەوە داوای لە هاوڵاتییان کرد کە بەشێوەیەکی مەدەنییانەو دوور لە ئاژاوەگێڕیی داوای مافەکانیان بکەن، وتیشی: «ئەو داواکارییانەی خۆپیشاندەران، داواکاریی ئێمەشن، من لەم وڵاتە خاوەنی یەک مەتر زەوی نیم، ئەوەی وەری دەگرم (٢) فەردە شەکرو کارتۆنێک تایت دەکات، (٣) ملیۆن دینار قەرزارم، (٧) ڕۆژە خۆم نەشتووە، (٢٤) سەعات پۆستاڵەکەمان لەپێدایە، قاچمان ڕزی لە پۆستاڵدا، خۆزگە لە کوردستان هەرکەسە بەپێی ئەو کارەی دەیکات، مووچەی وەر بگرتایە».

عێراقی

## پەرلەمانی بەغدا، لیژنەیەک رەوانەی سلێمانی دەکات

رۆژنامە: یەکێتی‌و یەکگرتوو و کۆمەڵ، دەنگ بە پرۆژەیەکی گۆڕان دەدەن لەسەر بارودۆخی سلێمانی‌و پەرلەمانیش لیژنەیەک رەوانە دەکات.

پاش ئەوەی رۆژی ٢/٢١، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، پرۆژەیەکی پێشکەش کرد بۆ قسەکردن لەسەر رووداوەکانی ئەم دواییەی سلێمانی‌و لە کۆی ٢٥٠ ئەندامی ئامادەبوو، بە کۆی ٢٢٠ دەنگ پەسەندکرا، سەرچاوەیەکی ئاگاداری پەرلەمان بە رۆژنامەی راگەیاند: «تەنها پارتی دەنگی بەو پرۆژەیەی گۆڕان نەداو جگە لە پەرلەمانتارانی گۆڕان، یەکێتی‌و یەکگرتوو و کۆمەڵ، دەنگیان پێدا».

هاوکات بڕیارە لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەماندا لەسەر پێشنیازەکەی گۆڕان، گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی سلێمانی بکرێت.



هەڤاڵ کوێستانی
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەینووسێت



لەپەرلەمانی عێراقەوە

## داخوازینامەکەی گۆڕان (٢٢٠) دەنگی بەدەستهێنا

لەوەتەی باهۆزی گۆڕان لە ژمارەیەک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا هەڵیکردووە، رۆژ نییە لەناو هۆڵی پەرلەماندا بەیاننامەی پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندەرانی ئەو وڵاتانەو ئیدانەکردنی بەکارهێنانی توندوتیژیی‌و زەبرو زەنگ لە لایەن دەسەڵاتەکانیانەوە دەرنەچێت، هەڵبەتە ئێمەش وەک لیستی گۆڕان بۆ هەر یەک لەو رووداوانە، بەیاننامەی هاوشێوەمان هەبووە.

کە خۆپیشاندانەکانی ناو شاری سلێمانی دەستیانپێکرد، ئێمە پێمانوابوو کە دەبێت ئەم بابەتە جێی بایەخ‌و گفتوگۆی زیاتر بێت بۆ پەرلەمانتارانی عێراق بە گشتیی‌و بۆ پەرلەمانتارانی کوردیش بە تایبەتی.

ئێمە کە داخوازینامەمان بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان پێشکەش کرد، وێڕای ئەوەی سەرۆک‌و جێگری یەکەمی سەرۆک رەزامەندیی خۆیان لەسەر داخوازینامەکە دەربڕی بۆ ئەوەی ببێتە بابەتێکی گفتوگۆی دانیشتنی رۆژی ٢٠١١/٢/٢١، بەو مەبەستەی پەرلەمان هەڵوێستێک لەسەر ئەو رووداوە خوێناوییە وەربگرێت‌و پشتیوانیی خۆی لە خۆپیشاندەران‌و ناڕەزایشی لە بەکارهێنانی توندوتیژیی‌و خوێنڕشتنی خۆپیشاندەران لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە دەرببڕێت، کەچی بەداخەوە، جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان کە لەسەر حسابی کورد لەوێ دانراوەو پەرلەمانتاری پارتیشە، رەزامەندیی خۆی لەسەر داخوازییەکە دەرنەبڕی... ئەوە لەکاتێکدا کە هەر دوو هەفتە بەر لەوە کە پەرلەمانتارێکی ناو لیستی (العراقیە) بەیاننامەیەکی توندی دژی مادەی (١٤٠) خوێندەوەو مادەکەی بە مادەیەکی مردوو کۆتاییهاتوو وەسف کرد، ئەو رەزامەندیی لەسەر خوێندنەوەی ئەو بەیاننامەیە نیشاندابوو...

ئەمە ئێمەی ناچارکرد، لە رێی ئیمزاکۆکردنەوەی پەرلەمانتارانەوە، سەرۆکایەتیی پەرلەمان ناچاربکەین، ئەو بابەتە بخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ دەنگ لەسەردان، داخوازینامەکەی ئێمە کە ئیمزای (٨٧)پەرلەمانتاری لەسەر بوو، خرایە دەنگەوە، دەنگدراو ئەنجامەکەش وەرچەرخانێکی لە مێژووی دەنگدانی ناو پەرلەمان تۆمارکرد...

(٢٢٠) ئەندام پەرلەمان لە کۆی (٢٥٠) ئەندامی ئامادەی دانیشتنی ئەو رۆژەی پەرلەمان، دەنگیان بە داخوازینامەکەی ئێمە دا.

پێش ئەو دەنگانە، زۆر کەس هەبوون کە پێیانوابوو، پێکهاتەی سیاسیی لەنێوان کوتلە پێکهێنەرەکانی حکومەتی عێراقدا دەرفەتێک بۆ لایەنێکی تر، یان دەنگێکی جیاوازی تر ناهێڵێتەوە کە بتوانێت ئەو هاوکێشەیە هەڵگێڕێتەوە، بەتایبەتیش کە پەرلەمان لەم خولەی ئێستاشیدا، چۆن خولەکانی پێشوو بە دابەشکردنی هەرسێ پۆستە سەرۆکایەتییەکەو جێگرەکانیان دەستیپێکرد، باوەڕی ئەوانەی قوڵترکردبووەوە کە رایان وابوو، هەموو ئەو مەسەلانەی لەناو پەرلەماندا دەنگیان لەسەر دەدرێت، پێشتر لەناو کوتلە پێکهاتووەکاندا بڕیاری پێشوەختی لەسەر دراوەو هەر بۆ شەرعییەتپێدان دێتە پەرلەمان‌و دەنگی پێدەدرێت.

ئەم وەرچەرخانە، ئەو تێڕوانینەی هەڵگێڕایەوە، ئەوەش وا دەکات کە هەموو جارێک ئەنجامی دەنگدانی ناو پەرلەمان، بۆ هیچ لایەک مسۆگەر نەبێت، هەبوونی رەوت‌و دەستەی جیاجیایە لەناو هەریەک لە شتە گەورەکاندا، هەروا هەبوونی زۆرێکە لەو پەرلەمانتارانەی کە ویژدان‌و ئیرادەو ئازادیی بڕیاردانی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندیی حیزبی‌و تایەفی‌و ئەتیکی‌و لەسەرووی رێنوێنی سەرۆک لیستەکانیانەوە دەبینن، هەر ئەوەشە کە ئومێدێک دەدا بەوەی کە دەشێت دیموکراسی لەم وڵاتەی ئێمەشدا پاشەڕۆژی هەبێت.

### ئیبراهیم بەحرولعلوم، وەزیری نەوتی پێشووتری عێراق:

# لە هەرێمی کوردستاندا، بەقاچاخبردنی نەوت هەیە

سازدانی: هەستیار قادر- عەلی ناجی

**ئیبراهیم بەحرولعلوم، وەزیری نەوتی پێشووتری عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەقاچاخبردنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقدا هەیە‌و دەڵێت: «لە هەرێمی کوردستان، بەرهەمە نەوتییەکان بەقاچاخ دەبرێنە دەرەوە، چونکە خێرا دەفرۆشرێن».**

**بەحرولعلوم کە پسپۆڕی بواری نەوتیشە، لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا، ئاماژە بە وردەکاریی هەندێک پرۆسەی بەقاچاخبردنی نەوت‌و شێوازەکانی دەکات لە هەرێمی کوردستانداو راشیدەگەیەنێت کە کێشە نەوتییەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٩-وە زیانی (٥) ملیار دۆلاریان لە عێراق داوە.**



**ئیبراهیم محەمەد بەحرولعلوم**
**-لەساڵی ١٩٥٤ لە نەجەف لەدایکبووە.**
**-بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی نەوتدا بەدەستهێناوە.**
**-ماستەرو دکتۆرای لە هەمان بواردا لە زانکۆی ئەمریکا بەدەستهێناوە.**
**-لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٤، وەزیری نەوتی عێراق بووە.**
**-ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە.**

**رۆژنامە: بەقاچاخبردنی نەوت‌و بەرهەمە نەوتییەکان لە خاڵە سنوورییەکانەوە، بووەتە کێشەیەکی هەنووکەیی لە عێراقدا، وەک وەزیری نەوتی پێشوو، پسپۆڕی بواری نەوت، واقیعی ئەو پرۆسەیە چۆنە؟**

* لە واقیعدا پرۆسەی بەقاچاخبردنی نەوت، بوونی هەیەو لە رێگەی خاڵە سنوورییە وشکانی‌و ئاوییەکانی عێراقەوە ئەنجامدەدرێت‌و لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٦یش بەدەست ئەو کێشەیەوە دەماننالاند، بەڵام پێشکەوتنی دەزگا ئەمنییەکان‌و زیادکردنی نرخی ئەو نەوتەی بەقاچاخ دەبرێت، قەبارەی ئەو پرۆسەیەی بچووککردەوە، بۆ ئەوەش کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، چەند لێدوانێک بەقاچاخبردنی نەوت رەتدەکەنەوە، ئەگەر حکومەتی ناوەندو هەرێم لەسەر هەناردەکردنی نەوت رێکبکەون، پرۆسەکانی بەقاچاخبردنی نەوت کەمدەبنەوەو نەوتی دەرهێنراو لە رێگەی هێڵە نیشتمانییەکانی گواستنەوەی نەوتەوە ببرێنە دەرەوەو لەسەر ئەوەش رێککەوتوون کە نەوتی رەش‌و نەفتا بگەڕێنرێتەوە بۆ کەرکوک بۆ سوودبینین لێی‌و ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە دەبێت شێوازی رێککەوتنی نەوت لەنێوان هەرێم‌و بەغدا بەو شێوازە بێت کە رێ لە پرۆسەکانی تر بگیرێت.

**رۆژنامە: کێ بەرپرسە لە بەقاچاخبردنی نەوت لە هەرێم؟**

* ئەو پرسیارەی لە بارەی بەقاچاخبردنی نەوت دەکرێت لەهەرێم، هەمان ئەو پرسیارەیە کە بۆ ناوچەکانی باشووری عێراقیش لەسەر ئەو پرۆسەیە دەکرێت، چەندین سوودمەند هەن لە پرۆسەی بەقاچاخبردنی نەوت، لەوانە کەسانی تێکدەرو کەسانێک کە لە کەرتی نەوتدا کاردەکەن‌و لە ٢٠٠٥ەوە چەندین جۆرو لایەنی بەقاچاخبردنی نەوت هەیەو پێموایە سوودمەندی سەرەکیی لێی، لایەنی دەرەکییەو بەپێی لێکۆڵینەوەکانیش بەقاچاخبردنی نەوت، وێڕای هۆکاری ناوخۆیی، هاندانی دەرەکیش هەیە کە کاریگەریی لەسەر پەرەسەندنی بەقاچاخبردنی نەوت هەیە، ئەمەش بەشێک لە پرۆسەی گەندەڵیی ئیداریی‌و داراییە لە عێراقدا.

**رۆژنامە: بەقاچاخبردنی نەوتی، لە هەرێم زیاترە، یان لە باشوور؟**

* بەقاچاخبردنی نەوتی خاو کەمترە لە بەقاچاخبردنی بەرهەمە نەوتییەکان، چونکە یەکەمیان کە نەوتی خاوە، بازاڕێکی راستەوخۆی فرۆشتنی نییەو پێویستە بپاڵێورێت، بەڵام دووەمیان کە بەرهەمە نەوتییەکانە، فرۆشتنی ئاسانترە، بەتایبەت گازۆیل‌و بەنزین‌و نەفتاو ئەوەشی لە باشوور هەیە بەقاچاخبردنی بەرهەمە نەوتییەکانەو چەند حاڵەتێکی بەقاچاخبردنی نەوتی خاویش بەدیکراوەو بەهەمانشێوەش لە هەرێمی کوردستان بەرهەمە نەوتییەکان بەقاچاخدەبرێن، چونکە خێرا دەفرۆشرێن.

**رۆژنامە: دەوترێت کە ساڵی ٢٠١٠ بە بەراورد بە ساڵانی تر، باشتر بووە لە بەقاچاخبردنی نەوتدا، ئەمە راستەو هۆکارەکەی چییە؟**

* هەندێک هۆکار هەیە کە یارمەتی بەقاچاخبردنی نەوت دەدەن، لەوانە: دزین‌و راکێشانی نەوت لە هێڵەکانی گواستنەوەی نەوتی میسان‌و ناسریە، یان ئەوەی لە کەرکوک روودەدات لە هێرشکردنە سەر هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت بە مەبەستی دزین‌و فرۆشتنی، هێشتا عێراق، ئاسایش دەسەڵاتی یاسایی تیا نییەو ئەو دیاردانەی نەوت دزین، لە هەموو کاتێکدا دەبینرێن.

**رۆژنامە: میدیا بیانییەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە نەوتی عێراق بەقاچاخدەبرێت بۆ ئێران بۆ شکاندنی ئەو ئابڵوقە ئابوورییەی لەسەرێتی، ئامانجی بەقاچاخبردنەکە بەو شێوەیەیە؟**

* بەهۆی ئەو ئابڵوقە ئابوورییەی لەسەر ئێرانە، پێویستی زۆری بە بەرهەمە نەوتییەکان‌و بەدەست کێشەی بەنزینەوە دەناڵێنێت‌و رۆژانە پێویستی بە (٤٠) ملیۆن لیترەو ئەمریکاش هەوڵی داوە کە کاریگەریی لەسەر کۆمپانیاکان هەبێت بۆ ئەوەی بەنزین نەنێرن بۆ ئێران، بەقاچاخبردنی نەوتی خاو پێوستی بە توانایەکی زۆرو کەشتی گواستنەوەی گەورە هەیەو ناتوانرێت (١٠ بۆ ٢٠) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەقاچاخببرێت‌و ناردنی رۆژانەی (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت پێویستی بە (٥٠٠) تانکەری گواستنەوە هەیەو ئەو رێژە زۆرەش ناتوانرێت بشارێتەوە لە شایەتحاڵەکان، هەرێمی کوردستان هەوڵی ئەوە دەدات کە رۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل هەناردە بکات، ئەو رێژەیەش ناتوانرێت هەناردەبکرێت تەنیا لە رێگەی بەندەری جیهانی تورکییەوە نەبێت، جگەلەوەش لەهەرێمی کوردستان چەندین پاڵاوگە هەن کە زیادەی نەوتی لە جۆرەکانی نەفتاو نەوتی رەش هەیە، کە پێویستییانە بازاڕێکی ناشەرعی هەبێت، یان ببرێت بەرەو باشوور، بەڵام دیار نییە.

**ئەگەر نییەتپاکیی لە هەردوولایەنی بەغداو هەرێمەوە هەبێت هیچ کێشەیەک نییە**

**رۆژنامە: کێشە نەوتییەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا بەرەو چارەسەر دەچن، یان سیناریۆی چەند ساڵی رابردوو دووبارە دەبێتەوە؟**

* ئەگەر نییەتپاکیی لە هەردوولایەنی بەغداو هەرێمەوە هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوانیان لەسەر نەوت، هیچ کێشەیەک نییە بە گرانیی چارەسەر بکرێت‌و بەمدواییە کاتێک سەرۆکی حکومەتی هەرێم هاتە بەغداو لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و وەزیری نەوتدا رێککەوتن لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم‌و لەبەرامبەریدا بەغدا دان بە گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمدا دەنێت، بەڵام دواتر حوسێن شەهرستانی، وەزیری نەوت وتی، رێککەوتنی لەو جۆرە نەکراوەو پرۆسە سیاسییەکەی ئاڵۆزکردو ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت لەکەناڵەکانی راگەیاندندا، ئەوەیە کە جیاوازییەک لە تێڕوانینی سەرۆک وەزیران‌و جێگرەکانی لەبارەی پرسی نەوتەوە هەیە.

**رۆژنامە: ئاستی سەرکەوتنی بەستنەوەی گازی سروشتیی هەرێم بە پرۆژەی نابۆکۆی ئەوروپاوە چەندە، لەسایەی ناقایلبوونی حکومەتی ناوەندی بەو هەنگاوە؟**


* سامانی نەوت‌و گازی بۆ عێراقە‌و دەبێت هەمئاهەنگی‌و دیالۆگ هەبێت بۆ پەرەپێدانی ئەو سامانە لەنێوان هەرێم‌و بەغداو پارێزگا بەرهەمهێنەکاندا، بە پێویستیشی دەزانم کە ئەنجومەنی فیدراڵی نەوت‌و گاز دابمەزرێت بە بەشداریی وەزارەتی حکومەتی ناوەندی‌و نوێنەرانی هەرێم‌و پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوت‌و پسپۆڕانی بواری نەوتی عێراقی‌و دەبێت ئەو ئەنجومەنە سیاسەتی نەوتی عێراق دیاریی بکات، پێموایە کە هەڵەیەکی ئاڵۆزیی‌و بەرامبەری هەیە لە چوارچێوەی سیاسەتی کارو کاردانەوەو پرسەکە گەیشتە ئەوەی ئیجتیهادی کەسی تیایدا زاڵ بێت‌و بەهۆی رێکنەکەوتنی هەردوولاو کێشە ناوخۆییەکانی نێوان وەزارەتی نەوت‌و سامانە سروشتییەکان لەسەر پرسی نەوت لە ساڵی ٢٠٠٩وە (٥) ملیار دۆلارمان لەدەستداوە.

**رۆژنامە: لەسەر پرسی گرێبەستە نەوتییەکان کە لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە رەتدەکرایەوە، زۆرجار لە راگەیاندنی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانەوە، خودی شەهرستانی، وەزیری نەوتی پێشوو بە گرێکوێرەی کێشەکە دادەنرا، پێتوایە ئەو کێشەیە شەخسییە؟**

* هەوڵێک هەبوو بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا بخرێنە چوارچێوەیەکی بەرتەسکەوە، کە تایبەتە بە گرێبەستە نەوتییەکانەوەو حکومەتی هەرێم گرێبەستی نەوتی ئیمزاکردو بەغداش رەتی دەکردەوەو بە نایاسایی لە قەڵەمدەداو هیچ پردێکی دیالۆگ‌و مێزێکی گفتوگۆ لەنێوانیاندا دروستنەکراو، تۆمەتبارکردنی یەکتریش بارودۆخێکی هەستیاری هێنایەکایەوەو کەرتی نەوتیشی دواخست، پێویستە هەردوو لایەن تەجاوزی گرێی کەسی لەو کێشەیەدا بکەن‌و پرسی نەوت پەیوەست نەکرێت بە میزاجیەتی ستراتیژیی لە عێراق.

**هەوڵێک هەبوو بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا بخرێنە چوارچێوەیەکی بەرتەسکەوە**

نێودەوڵەتی



دەرکەوتووە کە جەمال موبارەکی کوڕی حوسنی موبارەک،
ڕێستۆرانتو موڵکی دیکەی لە وڵاتانی دوورە دەستی وەک شیلی هەبووە

## موبارەک (٧٠) ملیار دۆلارو بن عەلیش (٨) ملیار

# سامانی سەرۆکە هەڵاتووەکان، گەلەکانیان سەرسام دەکات


ئا: شالاو فەتاح


ئایا سامانی سەرۆکە عەرەبییەکان چەندە؟ ئەمە پرسیارێکە کە لەدوای رووخانی هەر سەرۆکێکی عەرەبی لە میدیاکاندا دەورووژێنرێتو مانەوەی ئەو سەرۆکانە لەسەر کورسی دەسەڵات تەنیا لە رێگەی هێزو ئەو سامانەوە بووە، کە بە شێوەیەکی ناشەرعیی کۆیانکردووەتەوە، لەدوای رووخانیشیان تەواوی ئەو هێزەیان لەدەستدەچێت، بەڵام ئەی ئەو سامانە چەندێک بووە کە توانیویانە گەلی پێ بێدەنگ بکەن؟!

### حوسنی موبارەک

گەڕان بەدوای سامانی موبارەکدا، بووە خولیای زۆریک لە ئاژانسە میدیاییەکان، ئەو خەملاندنانەی بۆ سامانەکەی دەکران خەڵکی تووشی شۆک دەکرد، هەریەکە لە ئاژانسە میدیاییە بەناوبانگەکانی وەک (گاردیانو ئەی.بی.سی نیوزو نیویۆرک پۆست) سەرەتا باسی ئەوەیان کرد؛ کە سامانی حوسنی موبارەکی سەرۆکی پێشووی میسر (٧٠) ملیار دۆلارە، ئەم ژمارەیەش دەمانگەیەنێتە سەر دوو ئەنجامی زۆر سەیر، یەکەمیان: ئەوەیە کە سامانی موبارەک دەوڵەمەندترین پیاوی جیهانی تێپەڕاندووە، کە کارلۆس سلیم هیلوی مەکسیکییە، کە لەلایەن گۆڤاری فۆربیسەوە بە دەوڵەمەندترین پیاوی ئێستای جیهان ناوزەد دەکرێت، سامانەکەی (٥٣) ملیار دۆلارە، دووەمیش: ئەوەیە کە تەنیا بە بەکارهێنانی ئەو سامانە خەملێنراوە دەتوانرا میسر بۆ ماوەی (٥٤) ساڵ بێ یارمەتی دارایی ئەمریکا بەسەربەرێت، ئەمریکا هەمیشە باسی ئەوە دەکات؛ کە ساڵانە کۆمەکی (١,٣) ملیار دۆلار دەبەخشێتە میسرو ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی میسر جۆرێک لە پاشکەوتە بۆ ئەو زلهێزە بکاتو لە کێشە هەرێمییەکاندا بە شێوەیەکی ناسەربەخۆ کار بکات.

بەڵام لە ئێستادا ئەو خەملاندنە لە لایەن زۆرێک لە دەزگا میدیاییەکانەوە (بە تایبەت گۆڤاری فۆربیس)و بەرپرسانی دەزگای موخابەراتی ئەمریکیشەوە رەتدەکرێتەوەو بە خەملاندنی بێ بنەما لە قەڵەم دەدرێت، هەرچەندە لە توانادا نییە کە سامانی موبارەک بە تەواویی بزانرێت، بەڵام ئەوەی کە دەزانرێت ئەوەیە، کە سامانەکەی بە گشتیی لە دوو بزنس وەدەستهاتوون، یەکەم: هۆکاری وەدەستهێنانی سامان بریتیی بووە لە شەریکایەتیکردنی ئەو کۆمپانیا بیانییانەی کە هاتوونەتە میسرەوە، میسریش وەک هەر وڵاتێکی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەی کات لە کۆمپانیا بیانییەکان دەخوازێت کە شەریکێکی ناوخۆیی بۆ خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام دەرکەوتووە کە خێزانی موبارەک، پشکی زۆربەی کۆمپانیاکانیان بۆ خۆیان قۆستووەتەوە، هەریەکە لەم کۆمپانیا بیانییانەش پێویستە لانیکەم (٢٠٪)ی پشکەکانیان ببەخشنە شەریکە ناوخۆییەکە، بەمشێوەیە گەر تەواوی کۆمپانیا بیانییەکان لە میسردا کۆبکرێنەوە، سامانێکی ئێجگار زۆر بۆ موبارەک ماوەتەوە، دووەم: سەرچاوەی سامانەکەی بریتیی بووە لە بزنسی سەربەخۆ، هەرچەندە بە هیچ جۆرێک ناتوانرێت لە ئێستادا ئەو سامانە بخەملێنرێت، بەڵام دەرکەوتووە کە جەمال موبارەکی کوڕی حوسنی موبارەک، ڕێستۆرانتو موڵکی دیکەی لە وڵاتانی دوورە دەستی وەک شیلی هەبووە.





هەر بۆیە میسر هەرزوو داوای وەستاندنی سامانی موبارەکی لە بانکە بیانییەکاندا کرد، ئەمە لە کاتێکدا لە ناوخۆدا دەمێک بوو موڵکەکانی لەژێر دەستی دەرهاتبوو، پسپۆڕان پێیانوایە؛ گەڕاندنەوەی تەواوی موڵکو سامانی خێزانی موبارەک، وادەکات کە میسر تا ماوەیەکی زۆر پێویستی بە کۆمەکی دەرەکیی نەبێتو لەسەرپێی خۆی بوەستێت.

### بن عەلی

یەکێک لە پێکەنیناویترین دیمەنەکانی دوای شۆڕشی یاسەمینی تونس ئەوەبوو، کە لە کاتی هەڵاتنی زەینەلعابدین بن عەلی، سەرۆکی پێشووی تونس، فریای پێچانەوەو گواستنەوە ملیۆنان دۆلارو گەوهەرو ئاڵتوونەکەی نەکەوتبوو، دیمەنی ئەو هەموو سامانە لە تەلەفزیۆنی حکومەتی تونسەوە تەواوی جیهانی سەرسام کرد. دەستبەجێ تەواوی سامانەکەی ناو کۆشکی گواسترایەوە بۆ بانکی ناوەندیی ئەو وڵاتەو ئەوەی رۆژێک گەلی لێ مەحروم کرابوو بۆ گەل گەڕێندرایەوە.

رۆژنامەی لاڤیگارۆی فەرەنسی، سامانەکەی بن عەلی بە نزیکەی (٨) ملیار دۆلاری ئەمریکی دەخەملێنێت، رادیۆی ئەورووپاش هەمان بڕی پشتڕاستکردەوەو ئەوەشی راگەیاند؛ کە ئەم سامانە بە گشتیی لە کاتی (٢٣) ساڵ سەرۆکایەتییەکەیدا کۆکراوەتەوەو پێشتر خاوەنی هیچ شتێک نەبووە، لەم سامانەش زیاتر لە (٣٦) ملیۆن دۆلاری تەنیا لە کۆشکی سەرۆکایەتیدا بووە، سامانەکەی پێکهاتووە لە بوونی چەند ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی لە ئەرجەنتینو بەرازیلو بوونی کۆمپانیای فڕینی وەک (قەرتاجە ئایرلانز)، بوونی چەند بانکێک، ئەمە جگە لە چەندین سەرچاوەی نەزانراوی دیکە، هەرچەندە بن عەلی، فریانەکەوت ماڵو سامانی ناو کۆشکەکەی بگوازێتەوە.

> **رۆژنامەی لاڤیگارۆی فەرەنسی، سامانەکەی بن عەلی بە نزیکەی (٨) ملیار دۆلاری ئەمریکی دەخەملێنێت**

# کۆچی بە کۆمەڵی سەرکردە عەرەبییەکان

رۆژنامە

خۆپیشاندەرانی ناوچەکە تادێت نائارام دەبنو پێدەچێت دوایەمین پەیامی خۆیان بدەنە دەسەڵات، خۆپیشاندەران لە ئێستادا بە ژمارە تا دێت بەرەو زیاتر دەچنو داواکانیشیان زیاتر بووە، هەریەکە لە لیبیا، بەحرەین، یەمەن، ئەردەن، میسرو تونس، خۆپیشاندانی گەورە دەکرێنو هەندێک بۆ دەستلەکارکێشانەوەی سەرکردە عەرەبییەکانو ئەوانیدی بۆ ریفۆرمی سیاسیین، لە ئێستادا جەماوەر داوای دەستلەکارکێشانەوەی چەند سەرکردەیەکی عەرەبی دەکات، گەر خۆپیشاندەران سەرکەوتوو بن، ئەوا کۆچێکی بە کۆمەڵی سەرکردە عەرەبییەکان دروستدەبێت.

«خۆرهەڵاتمان لەژێر دەستدایە، بەڵام لیبیا دابەشناکەین»، ئەمە نووسراوی سەر لافیتەی خۆپیشاندەرانی لیبیا بوو دوای ئەوەی دووەمین گەورە شاری لیبیا، بنغازیو چەند ناوچەیەکی دیکەیان گرت، خۆپیشاندەران سوورن لەسەر ئەوەی بچنە ناو تەرابلوسی پایتەختەوەو کۆتایی بە حوکمی چەندین دەیەی موعەممەر قەزافی، دیکتاتۆری ئەو وڵاتە بێنن، موعەممەر قەزافیش بە دڕندانەترین شێوە شەڕی گەلەکەی دەکات.

راپەڕینی گەلی لیبیا لە زۆرێک لە راپەڕینەکانی دیکە جیاوازترە، نەک تەنیا لەبەر رێژەی توندوتیژیی، بەڵکو لەبەر دووکەرتبوونی تەواوی پیاوانی دەوڵەت بەسەر بەرەی حکومەتو گەلدا، چەندین ئەفسەری سوپاییو بەرپرسی ناوخۆ بە فەرمیی لە دژی قەزافی، شەڕ دەکەن.

ئیمامی پێشنوێژی رۆژی هەینی لە بنغازیش هاوار دەکات: «هەرگیز واز لە تەرابلوس ناهێنین»، لە ئێستادا بە هۆی جیابوونەوەی چەند کۆلۆنێلێکەوە سوپای ئۆپۆزسیۆنی لیبیی خۆی رێکخستووەتەوەو جەنگەکە لەنێوان خەڵکو قەزافییدا چڕبووەتەوە، بەڵام بەهۆی وەڵامدانەوەی توندوتیژی قەزافی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەڵامیدایەوەو ئەمریکاش پەیمانی دا کە تەنانەت گەر هیچ هێزێک ئامادە نەبێت، ئەمریکا ئامادەیە سزای تاکلایەنەو هەمەگیر بەسەر لیبیادا بسەپێنێت، ئەمە جگە لە رەتکردنەوەی رێککەوتنە سوپاییەکانی پێشووی نێوان ئەمریکاو لیبیا.

هەربۆیە شەوی شەممە نەتەوە یەکگرتووەکان بە تێکڕای دەنگ سزای ئابوورییان سەپاند بەسەر موعەممەر قەزافیو دارودەستەکەیدا، ئەم هەنگاوەش لەلایەن ئۆباماوە دەستپێکردو دواتر تێکڕای ئەندامان دەنگیان بە سەپاندنی سزاکە دا. هەریەکە لە سەرۆکی میسرو تونسیش باسی ئەوەیان کردبوو؛ کە دەسەڵات جێناهێڵن، بەڵام دوای زۆربوونی فشاری جەماوەریو سوپا، وازیان لە کورسییەکانیان هێنا، لە ئێستادا لیبیاش بە هەمان دۆخدا تێدەپەڕێت، بەڵام رەنگە جەماوەری لیبیی چیدی لە قەزافی خۆش نەبێت، ئەوەش دوای ئەوەی قەسابخانەیەکی لە وڵاتەکەیدا دروستکردووە.

لە ئێستادا دەوترێت کە قەزافی، تەنانەت هاوڵاتییانی مەدەنی نێو تەرابلوسی چەکدار کردووەو شەڕیان پێدەکات، هەریەکە لە جەماوەری تازە رزگاربووی میسرو تونس لە دژی موعەممەر قەزافیو بۆ پشتیوانیی گەلی لیبیا خۆپیشاندانیان کرد، لە بەرامبەر فشارە نێوخۆییو نێودەوڵەتییەکاندا قەزافی تا دێت پەیامی توندوتر دەداتە جیهانو دەڵێت: «گەر پێویست بکات تەواوی چەکەکانمان بەکاردێنین»، دواتر داوا لە لایەنگرانی خۆی لە تەرابلوس دەکات، کە خۆپیشاندەران تێکبشکێنن.

هەینی پێشوو هەزاران کەس دوای نوێژی هەینی هاتنە سەر شەقامەکان، هەندێکیان لە دژی دیکتاتۆرەکان ئەوانیدی بۆ خزمەتگوزاریی باشتر، جگە لە میسرو تونسو لیبیا، هەریەکە لە بەحرەینو یەمەنو ئەردەن گەورەترین خۆپیشاندانیان بەخۆوە بینی، لە میسر خۆپیشاندەران جگە لە پشتیوانیی لیبیا داوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی وەزیرانی ئێستا، واتە ئەحمەد شەفیق دەکەن، لەبەرئەوەی پێشتر لە موبارەکەوە نزیکبووە.




لە بەحرەینیش دەیان هەزار خۆپیشاندەر چوونە مەیدانی لوئلوئـ، بۆ فشارخستنە سەر شای ئەو وڵاتە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی بەحرەین نەیانویست خوێنڕشتن دروستبێت، رێیان لە خۆپیشاندەران نەگرت، بەحرەین لە لایەن هەریەکە لە ئەمریکاو وڵاتانی دوورگەی عەرەبییەوە فشاری دەخرێتە سەر تا گوێ بە داوای خۆپیشاندەران نەدات، بەڵام ئەوان لە دژی وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەرانن بە چەک، وەک هەنگاوێکی دی بە ئاراستەی ریفۆرمی سیاسییدا، دەسەڵاتدارانی یەمەن رازیبوون بە گەڕانەوەی سەرکردەی دیاری شیعەی ئەو وڵاتە، واتە حەسەن موشەیما، بۆ بەحرەین، موشەیماش، لە وتەیەکدا داوای لە دەوڵەت کرد کە وەڵامی داواکانی خۆپیشاندەران بدەنەوە.

لە هەژارترین وڵاتی عەرەبییدا، واتە لە یەمەن، هەینی گەورەترین خۆپیشاندان کراو داوای ئەوە کرا؛ کە عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، واز لە دەسەڵات بێنێت، زۆرێک لە مامۆستا ئایینییەکانی ئەو وڵاتە خۆپیشاندەرانیان هاندا بەشداریی خۆپیشاندان بکەن، عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، پەیمانی بە خۆپیشاندەران دا کە دوای هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٣) واز لە دەسەڵات بێنێت، بەڵام خۆپیشاندەران دەیانەوێت ئێستا وازی لێبێنێت، لەبەر ئەوەی یەمەن لقێکی بەهێزی رێکخراوی ئەلقاعیدەی لێیە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ترسی لەوە هەیە کە بە گۆڕانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، نەتوانرێت ئەلقاعیدە لەو وڵاتەدا کۆنترۆڵ بکرێت.

لە ئەردەنیش (ئیخوان موسلیمین)ی ئەو وڵاتە هەزاران کەسی هێنایە سەر شەقامو دەسەڵاتی لەوە ئاگادار کردەوە؛ کە سەبری جەماوەر لە لاوازبووندایەو چیتر بەرگە ناگرێت، خۆپیشاندەرانی ئەردەن داوای ریفۆرمی سیاسییو ئابووریی دەکەنو هێشتا داوای وازهێنانی شا عەبدوڵڵایان نەکردووە لە دەسەڵات، حەمزە مەنسوری، رابەری ئیخوان لە ئەردەن داوای خێراترکردنی هەنگاوەکانی ریفۆرمی لە دەسەڵات کرد، ئەوەش لەبەردەم (٤) هەزار خۆپیشاندەردا.

ئابووری



نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق: هەرێمی کوردستان، لە دۆلاری نیشتمانیش سوودمەند دەبێت



# جگە لە (٪١٧)ەکە
# هەرێم لەچەند سەرچاوەیەکی دیکەوە پارەی دەستدەکەوێت

راپۆرتی: بەهادین یوسف

هەرێمی کوردستان، جگە لە (٪١٧)ی بودجەی گشتیی عێراق، لەچەند سەرچاوەیەکی دیکەوە پارەو بودجەی دیکەی بۆ تەرخاندەکرێتو لەبودجەی پترۆ دۆلاریش هەرێم رۆژانە (١٠٠)هەزار دۆلار بۆ بودجەکەی زیاددەکات.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ٢٠١١/٢/٢٠دا، یاسای بودجەی گشتیی عێراقی بۆ ساڵی ٢٠١١ پەسەندکردو رێژەی (٪١٧)ی بودجە بۆ هەرێم جێگیرکرا، کە بڕەکەی (١١) تریلیۆنو (١٧٩) ملیارو (٤٦٧) ملیۆنو (٧٨٠) هەزار دینارەو جگە لەو رێژەیەش، رۆژانە (١٠٠) هەزار دۆلار دەستکەوتی ناردنە دەرەوەی نەوتی دەبێت. هەروەک بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی فرۆشتنی نەوتەوە، پێشبینی دەکرێت کە زیاتر لە (١٠٠) ملیار دیناری دیکە بۆ هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان تەرخانبکرێتەوە.

هەرێم، بودجەی دیکەی بۆ تەرخاندەکرێت لەچوارچێوەی داهاتی مەرزە سنوورییەکانو بودجەی تەرخانکراوی دیکە بۆ کۆبۆنی خۆراکو بێوەژنانو هەتیوانو زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی پلە نزمەکانو کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکانیش.

کۆی گشتیی بودجەی عێراق بۆ ساڵی (٢٠١١)، (٩٦) تریلیۆنو (٦٦٢) ملیارو (٧٦٦) ملیۆنو (٧٠٠) هەزار دینارەو بڕی (٦٦) تریلیۆنو (٥٩٦) ملیارو (٤٧٣) ملیۆنو (٨٢٧) هەزار دینار بۆ نەفەقاتی بەکاربردنە، (٣٠) تریلیۆنو (٦٦) ملیار دیناری بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانو بڕی (١٥) تریلیۆنو (٧٢٧) ملیارو (٩٧٦) ملیۆن دینار بۆ کورتهێنانی بودجە دانراوە، کە بڕیارە بە پارەی زیادەی فرۆشتنی نەوت پڕبکرێتەوەو واش دانراوە کە عێراق رۆژانە (٢) ملیۆنو (٢٠٠) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا ناردەی دەرەوە بکاتو لەو چوارشێوەیەشدا هەرێمی کوردستان رۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل رەوانەی دەرەوە دەکاتو نرخی هەر بەرمیلێک نەوت بە (٧٦,٥)دۆلار خەمڵێنراوە.

بودجەی هەرێمی کوردستان، پێکدێت (٪١٧)ی بودجەی گشتیی عێراق دوای لێدەرهێنانی بودجەی سیادییو حاکیمەو بەوپێیەش کۆی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکاتە (١٠) تریلیۆنو (٨٨١) ملیارو (١٢٥) ملیۆنو (٧٨٠) هەزار دینارو بە پشکی سێ پارێزگاکەوە (هەولێر. دهۆک. سلێمانی) لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمو پارێزگاکان دەکاتە (١١) تریلیۆنو (١٧٩) ملیارو (٤٦٧) ملیۆنو (٧٨٠) هەزار دینار.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «جگە لە (٪١٧) پشکی هەرێم، سێ بەشی دیکەمان لە بودجەدا چەسپاند کە هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند دەبێت، ئەویش تەرخانکردنی (١) تریلیۆن دیناری دیکە بۆ بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، (٪١٢,٦)ی بەر سێ پارێزگاکەی هەرێم دەکەوێتو نزیکەی (١٠٠)ملیار دیناری دیکە بۆ

**لە پارەی نەوت، دەدرێتە هەتیو، بێوەژن، شەهیدان، ئەنفالکراوەکانو کەمدەرامەتەکان**

بودجەی هەرێم زیاد دەبێت، جگە لەوەی پرۆژەکانی بواری کارەبا خراوەتە سەر بودجەی حاکیمەو لەو بودجەیەش حکومەتی هەرێم دەتوانێت پرۆژەی کارەبا ئەنجامبداتو لەو (٣٠٠) ملیار دینارەشی بۆ خۆراکی هاوڵاتییان لەچوارچێوەی کۆبۆندا تەرخانکراوە، هاوڵاتییانی هەرێمیش سوودمەند دەبن، لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی دیکەش».

بەپێی مادەی (١٠) لە یاسای بودجەی عێراق، دەبێت سەرجەم وەزارەتو فەرمانگەکانی حکومەت حساباتی مانگانەی خۆیان ئاراستەی وەزارەتی دارایی فیدراڵی بکەن لەماوەیەکدا کە لە (١٠) رۆژ تێپەڕنەکات، هەروەک وەزارەتو فەرمانگە نەبەستراوەکانی وەزارەتەکانی هەرێمیش پابەندن بەوەی کە بودجەی موراجەعە لەکۆتایی هەموو مانگێکدا ئاراستەی وەزارەتی دارایی هەرێم بکەن.

بەپێی هەمان یاساش، بەهیچ شێوەیەک نابێت بودجەی پەرەپێدانی هەرێمو پارێزگاکان بۆ هیچ بوارێکی دیکە بگوازرێتەوە، یان بخرێتە بوارو پرۆژەی دیکەوە. لە بڕگەیەکی دیکەی یاساکەدا هاتووە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق متمانە لە وەزیرو سەرۆکی فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت دەسەنێتەوە ئەگەر نەیاتوانی رێژەی (٪٧٥)ی بودجەی وەبەرهێنانی تەرخانکراو بۆ وەزارەتو فەرمانگەکەیان خەرج بکەن.

بەهەمانشێوەی بودجەی ساڵانی رابردوو، بودجەی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم - پڕچەککردنو تەجهیزکردنی) بەستراوەتەوە بە رێککەوتنی نێوان سەرۆکی حکومەتی عێراقو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تا ئەو کاتەی یاسایەکی تایبەتی بۆ دەردەچێت، لەکاتێکدا لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە بەردەوامی هەمان بڕگە لە بودجەی عێراق دووبارە دەبێتەوە، بێئەوەی لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا هەردوولا گەیشتبێتنە رێککەوتنێکو بودجەو مووچەی هێزی پێشمەرگەش تا ئێستا لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان دەدرێت.

بەپێی مادەی (١٥)ی بودجە، دیوانی چاودێریی دارایی عێراق بە هەماهەنگی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم ئەژماری ئەو داهاتانە دەکەن کە دەست هەرێمی کوردستان دەکەوێت لەماوەی ئەو ساڵەداو پێویستە وەزارەتی دارایی هەرێم بیگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی عێراق. بەپێی بڕگەی (ب)ی هەمان مادەش، پاکتاوی حسابی نێوان هەرێمو بەغدا دەکرێت لە ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٠) دوای وردبینیکردنی لەلایەن دیوانی چاودێریی داراییەوە لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم لەماوەیەکدا کە لە (٢٠١١/١٠/١٥) تێپەڕنەکات.

بەپێی مادەی (١٦)، پێداچوونەوە بە پشکی هەرێمی کوردستاندا دەکرێت لەبودجەی ساڵی (٢٠١١)و دواتریش لەژێر رۆشنایی ئەنجامەکانی ئامارو سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراقو دواتریش بڕی بودجەی (٢٠١٢)ی هەرێمو پارێزگاکانی دیکەی عێراق دیاریدەکرێتو ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەکرێت بۆ پاکتاوکردنی.

بەپێی مادەی (٢٥)ی یاساکەش، بودجەی پترۆ دۆلار جێگیرکراوەو بەشێوەیەک بڕی (١)دۆلار بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک تەرخاندەکرێت بۆ ئەو پارێزگایانەی نەوتی لێوە بەرهەمدەهێنرێتو (١)دۆلاریش بۆ ئەو پارێزگایانەی کە پاڵاوگەی نەوتی لێیەو (١)دۆلاریش بۆ هەر (١٥٠)مەتر سێجای غاز بۆ ئەو پارێزگایانەی کە غازی سروشتی لێوە دەردەهێنرێت، بەو پێیەش رۆژانە هەرێمی کوردستان (١٠٠)هەزار دۆلار پارەی دەرهێنانی نەوتی پێدەدرێت، جگە (٪١٧)ی پشکی خۆی لە بودجەدا.

لەلایەکی دیکەوە، جەواد بۆڵانی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی (سەباح)ی راگەیاند: بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەئێستادا، دەبێتە هۆی زیادبوونی زیاتر لە (١٠) ملیار دۆلار بۆ بودجەی گشتیی عێراقو ئەو پارەیەش لەو پرۆژانەدا خەرج دەکرێن، کە پێشتر پارەی تەواویان بۆ دابین نەکراوە، لەوانەش زیادکردنی مووچەی خانەنشینانو گرنگیدانو پشتگیریکردنی چینی هەتیوانی عێراق.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، روونکردنەوەی زیاتری دا سەبارەت بە پارەی زیادەی فرۆشتنی نەوتو وتی: «هەرێمی کوردستان، لە دۆلاری نیشتمانیش سوودمەند دەبێت، ئەویش نرخی یەک بەرمیل نەوت بە (٧٦,٥) دۆلار دەفرۆشرێت، بەڵام ئێستا نرخی یەک بەرمیل نەوت لە (١٠٠) دۆلار زیاترەو (٪٢٠)ی ئەو زیادەیەش دەدرێتە خەڵکانی هەژارو بێکارو بێوەژنانو ژنانو ئەو فەرمانبەرانەی کە لە پلەکانی (٩و١٠)دان یان ئەوانەی مووچەکانیان زۆر کەمەو کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانی کوردستانیش سوودمەند دەبن لەو پارەیە، بودجەی دیکە بۆ مادەی (١٤٠)و پرۆژەی پەرەپێدانی هەرێمو پارێزگاکانیش تەرخاندەکرێت، جگە لەوەی لە داهاتی خاڵە سنوورییەکانیش، پارەی دیکە بۆ بودجەی هەرێم زیاددەبێت».

نەجیب راشیگەیاند: «لە ئێستادا بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم، (٢٩٨) ملیارو (١٤٢) ملیۆن دینارەو لەو پارە زیادەیەشی کە پەرەپێدانی هەرێمو پارێزگاکان تەرخاندەکرێت نزیکەی (١٠٠) ملیار دیناری دیکە بۆ پشکی هەرێم زیادەبێتو ئەو کاتە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم دەگاتە (٣٩٨) ملیارو (١٤٢)ملیۆن دینار».

## ژیانێکی شایستە مافی هەموو مرۆڤێکە؟

ئەحمەد حەمەساڵح

کاتێک مرۆڤ رووبەڕووی کێشەکانی (نەبوونییو کەمدەرامەتییو بێکارییو هەژارییو دابین نەکردنی پێداویستییەکانی ژیانو جیاوازیی نێوان تاکەکانو...هتد) دەبێتەوە، سەرجەم هەستەکان تەنانەت هەستکردن بە بوونی خۆشی دەکەوێتە ژێر پرسیارە بێ وەڵامەکانییەوە.

حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو ئەو کاتە دێتە دی، کە رێگە لە جیاوازییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بگرێت.

کاتێک زۆرینە رەخنەو گلەییان هەبێت وە رێز لە ویستو خواستیان نەگیرێتو هیواو ئاواتو داخوازییەکانیان بۆ دەستەبەر نەکرێت، ژیانێکی شایستانە بە مرۆڤ نەژی، ئەوکات جیاوازیی نێوان تاکەکان دەبێتە دیاردەو بەشێک وەک هاوڵاتی پلە دوو خۆی دەبینێت.

لە راپەڕینەوە هێندەی بیر لە بەرژەوەندیی خودیی کراوەتەوە، نیو هێندە بیر لە بەرژەوەندیی گشتیی بکردایەتەوە، بە رادەیەکی بەرچاو کوردستان لە رووی خزمەتگوزارییەکانو بووژانەوەی کەرتە بەرهەم بەخشەکان گۆڕانکاریی تێدا بەدی دەکراو خواستەکانی خەڵکی کەمتر دەبوو، راستە ئەم وڵاتە بەشمەینەتە چواردەوری بە دوژمن تەنراوە، بەڵام لەمە ترسناکتر ئەوەیە، کە لە ناوخۆ دوژمنی یەکترینو بەرژەوەندیی خۆمانو لایەنەکەمان دەخەینە سەروو بەرژەوەندیی گشتیی.

وڵات پڕە لە هێزی کارو بیری داهێنانو شارەزاو دڵسۆزو خزمەتکاری گەلو نیشتمان، بەڵام لەبەر ئەوەی وەک پێویست بواریان بۆ نارەخسێنرێت، یان بێکەسن بەری رەنجو کۆششی ئەوان دەدرێ بە کەسانی تر، کە ئەسڵەن هەست بە سارديیو گەرمیی ناکەن، تامی ئازارو مەینەتی ژیانیش ناچێژن، گەلێ جار باس لە ئازادیی رادەربڕینو خزمەتگوزارییو چاکبوونی بارودۆخی ژیانی رۆژانەی خەڵک دەکرێت، بەڵام تاکو ئێستا هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستەکانی ژیانی جەماوەریی رەشو رووتی چەوساوە رووی نەداوە، هەموو مافی ژیانمان هەیە، کەسانێ چی بخوازن بە ئاسانیی بۆیان دەستەبەر دەبێت، بەڵام بۆ کەسانێکی تر مەحاڵە، ئایا ئەمە لەسەر بنچینەی لێهاتنو شایستەییە؟

بەڵێ، پێویستە بەوپەڕی راستیو پاکیو دڵسۆزییەوە، رێز لە مافی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان بگیرێت، تا نیشتمان دایکە بە وەفاکەبێت بۆ هەمووان، بەڵام جێگەی داخە کوردستان بەهەشتە بۆ زۆرێک لە بەرپرسو دەستڕۆیشتووان، دۆزەخێکیش بێت بۆ کەمدەرامەتانو هەژاران کە لە بونیادنانو بوژانەوەو خەباتیش بۆ نیشتمان لە هەمووان هیلاکترو ماندووترن.

ئابووری

## وەزارەتی نەوت: کەرکوک، لە مانگێکدا (١٣) ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕەوانە کردووە

ڕۆژنامە: وتەبێژ بەناوی وەزارەتی نەوتی عێراقەوە، ڕایگەیاند کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە، بەرزترین ڕێژەی ناردنەدەرەوەی نەوت لەماوەی مانگی ڕابردووتردا تۆمارکراوە بە ناردنەدەرەوەی (٦٧) ملیۆن بەرمیل.

عاسم جیهاد، وتیشی: «بەهای ئەم بڕە نەوتە لەماوەی ئەم مانگەدا، گەیشتە (٦) ملیارو (٨٢) ملیۆن دۆلار، بە تێکڕای خەمڵاندنی (٩٠) دۆلارو (٧٨) سەنت بۆ هەر بەرمیلێک».

ڕوونیشیکردەوە: «لەم بڕە نەوتە، (١٣) ملیۆن بەرمیل بە بەهای (١) ملیارو (٢٠٢) ملیۆن دۆلار نەوتی کەرکوک بووەو لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکییەوە نێردراوەتە دەرەوە».

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: «(٢٨) کۆمپانیای بیانیی خاوەن ڕەگەزنامەی ئەورووپییو ئاسیاییو ئەمریکیی، نەوتەکەیان کڕیوە».







عەلی حەمەساڵح

# حیزب وەک ئافاتێکی گەورە بۆ میللەت

## (٦٠٪)ی بودجە چووەتە خزمەتی یەکێتیو پارتیو (٦٪)ی بۆ پرۆژە خەرجکراوە

### بەشی یەکەم

بودجەی کوردستان، موڵکی هەموو هاوڵاتییانی کوردستانە، بودجەی کوردستان بە بەراورد بە وڵاتگەلێکی وەک سوریاو ئوردن، بودجەیەکی زۆر گەورەیەو دەتوانین لە ڕێگایەوە هەرێمی کوردستان ببوژێنینەوە، بەڵام کاتێک بەشی هەرەزۆری بودجە دەخرێتە خزمەتی حیزبەوەو پلانێکیش نییە بۆ خەرجکردنی ئەو بەشە کەمەی کە دەمێنێتەوە، ئەو دۆخەی ئێستا دروست دەبێت کە کوردستانی بەرەو هەڵدێر بردووە.

ئەم نووسینە هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی کە بەپشتبەستن بە زانیاریی دروستو بەڵگەنامەکان، وەڵامی بەشێکی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە بۆ لە کوردستاندا هاوڵاتییان ناتوانن سوود لە بودجەی گشتیی ببینن.

### هەشت ڕێگا بۆ بردنی پارەی میللەت

جگە لە داگیرکردنی ئەو دەیان دۆنم زەوییەی کە ئەگەر ئێستا بەنرخی ڕۆژ ساغ بکرێتەوە، بە دەیان ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت، پارەیەکی زۆری لە بودجەی گشتیی بۆ حیزب برابێت، جگە لە داهاتی نەوتو داهاتەکانی دیکە، حیزب لە بودجەشدا دەستی خستووەتە بینەقاقای میللەت، ڕەنگە لەماوەی ڕابردوو تەنیا باسی ئەوە کرابێت کە یەکێتیو پارتی مانگانەیەکی زۆر بۆ خۆیان دەبەن، بەڵام ئەو ڕێگایانەی دیکە کە یەکێتیو پارتی لە ڕێگایەوە پارەی گشتیی دەبەن، زۆر زیاترە لەئەو پارانەی کە مانگانە وەک بودجەیەک دەدرێتە یەکێتیو پارتی، یەکێتیو پارتی لە کوردستاندا چەندین ڕێگای جیاواز بودجەی گشتییان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە.

### خانەنشینی حیزب: بێمانییەکی گەورە

لە کوردستاندا داهێنانی زۆر گەورە لە بواری گەندەڵیی بردنی سەرمایەی میللەتدا کراوە، ژمارەیەک زۆری بەرپرسو کادیری حیزبیی یەکێتیو پارتی، خانەنشین کراون کە لە ئەندامانی سەرکردایەتییەوە دەستپێدەکات کە بەپلەی وەزیر خانەنشینکراوە تاوەکو هاوڵاتییەکی ئاسایی، بۆنموونە لە ساڵی ٢٠٠٩دا (٧٢٦) ملیارو (٩٦٢) ملیۆن دینار بۆ مووچەو موکافەئەی خانەنشینان خەرجکراوەو بەشێکی زۆری ئەم پارەیەش بۆ کادیرەکانی حیزب بووە، لەو پارەیە (٤٣) هەزار کەس کە لە ڕێگای مەڵبەندەکانی یەکێتییەوە خانەنشینکراون، (١٢) ملیار (٩٠٠) ملیۆن دیناریان وەرگرتووە، ئەمانە تەنیا ڕۆژێکیش خزمەتیان نەبووە وەک کارمەندی حکومەت، لە حکومەتێکی سێ شاریداو بۆ حکومەتێکی (٥) کابینەیی، (٩٦٥) وەزیری خانەنشینکراو هەیە کە مانگانەی هەر یەکەیان (٤) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دینارەو لە ساڵێکدا (٥٢) ملیارو (١١٠) ملیۆن دیناریان بۆ خەرج دەکرێتو بەشێک لەمانەش تا ئێستا بۆ تەنیا چرکەیەکیش وەک وەزیری دەوامیان نەکردووەو بە پلەی وەزیری خانەنشین کراون، بەپێی



وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار: «نزیکەی (٣) هەزار کەس بەپلەی بەڕێوەبەری گشتییو جێگری بەڕێوەبەری گشتییو ڕاوێژکار خانەنشینکراونو کەسیان تەنیا بۆ ساتێکیش فەرمانبەری حکومەت نەبوون، کە مانگانەی هیچکام لەمانەش کەمتر نییە لە ملیۆنێکو (٢٠٠)

> **مووچەی هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتی دارایی دوو ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی وەزارەتی پەروەردەیە**

> **حیزب بە (٩) ڕێگا بودجەی گشتیی بۆ خۆی بردووە**

هەزار دینار»، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین کەسی دیکە بە پلەی بەڕێوەبەری بەش خانەنشین کراون.

لە کوێی دونیادا هەیە، مانگانە بە ملیۆنان دۆلار بە کەسانێک بدرێت بەناوی خانەنشینی، بەڵام ئەمانە فەرمانبەری حکومەت نەبنو ساتێک وەک فەرمانبەر خزمەتیان نەکردبێت.

### کادیری حیزبیی وەک فەرمانبەر

حیزبی کوردستان، داهێنەرە، داهێنەرێکی مەزن، داهێنەرێک هەمیشە سەرقاڵی تۆمارکردنی داهێنانی نوێیە، حیزبی کوردی بەتوانایە لە دۆزینەوەدا، حیزبی کوردی کە مەبەستمان پارتیو یەکێتییە، ئەوەندە بەتوانایە، ساڵ نییە ژمارەیەکی نوێی پێوانەیی تۆمار نەکات، بەڵام داهێنانو تۆمارکردنی ژمارە پێوانەییەکانیان لە بری شانازیی پێوەکردن، مایەی شەرمەزارییە، چونکە داهێنانو ژمارە پێوانەییەکانیان لە گەندەڵیدایە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتەکەی موبارەکو بن عەلی ئاوا بوو، لەبەرئەوەی دەسەڵاتەکەی موعەمەر قەزافیش لە لێواری مەرگدایە، ئەگەری ئەوە هەیە سەرجەم ژمارە پێوانەییەکانی گەندەڵی لە ئێستا بەدواوە بەناوی یەکێتیو پارتییەوە تۆماربکرێن.

یەکێکی دیکە لەو ڕێگایانەی کە حیزب بەهۆیەوە بودجەی گشتیی دەبات، کادیرە حیزبییەکانیانە، بەشی هەرەزۆری کادیرە حیزبییەکانی یەکێتیو پارتی فەرمانبەری وەزارەتی داراییین بەبێ ئەوەی تەنیا ڕۆژێکیش وەک فەرمانبەر دەوامیان کردبێت، ئەم کادیرە حیزبییانە مانگانە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکانی ناو وەزارەتی داراییەوە، مووچەیان دەدرێتی لە بارەگا حیزبییەکانیان، ئەو کادیرە حیزبییانەش کە بەبێ دەوامکردن مووچەخۆری حکومەتنو مووچەکەشیان مووچەیەکی شیاوە، بۆنموونە ئەندام مەڵبەند فەرمانبەرە بەپلەی بەڕێوەبەری تەنفیزیی، کارگێڕ مەڵبەندو ئەندام مەکتەب هەیە بەپلەی ڕاوێژکار مووچە وەردەگرێتو لەتەنیشت ئەو مووچەیەشدا وەریدەگرێت واژووی ڕاوێژکار دەکات، نەک کارگێڕ مەڵبەند، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ساڵانە لە بودجەی گشتیی، بودجەیەکی زۆر بۆ وەزارەتی دارایی تەرخان بکرێت، بۆنموونە پار ساڵ، (٥٥٩) ملیار دینار بۆ مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی تەرخانکرا، کە زۆربەی بۆ مووچەی کادیرانی حیزبیی بووە.

پار ساڵ، وەزارەتی دارایی (٣٧) هەزارو (٧٨٨) فەرمانبەری هەبووە، کە بەشی هەرە زۆریان ئەو کادیرە حیزبییانەن کە هەرگیز وەک فەرمانبەرێکی حکومەت دەوام ناکەن، لە ساڵێکدا (٥٥٩) ملیار دینار مووچەیانە، کە دەکاتە (٤٦٩) ملیۆن دۆلار، ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیش وەربگرین، هەر فەمانبەرێکی سەر بەم وەزارەتە لە ساڵێکدا، (١٢) هەزارو (٤٢٩) دۆلار وەردەگرێت، لەکاتێکدا ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیی بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە وەربگرین، (٦) هەزارو (٤٢١) دۆلارە، چونکە (١٤٣) هەزارو (٣١٤) فەرمانبەری هەیەو مووچەی ساڵێکی هەمووشیان ترلیۆنێکو (١٤١) ملیار دینارە، بەپێی ئەم شیکردنەوەیەی سەرەوەش، لە ڕێژە گشتییەکەیدا مووچەی هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتی دارایی دوو ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی وەزارەتی پەروەردەیە، ئەگەر مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی بەراورد بکەین بە مووچەی کارمەندو پێشمەرگەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، سێ ئەوەندە دەکات، چونکە حکومەت بۆ پار ساڵ، (٥٩٦) ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ (١٢٢) هەزارو (٤٧١) مووچەخۆری وەزارەتی پێشمەرگە، ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیی وەربگرین، ساڵانەی هەر مووچەخۆرێک (٤) هەزارو (٦٥) دۆلارە، لەکاتێکدا ڕێژەی تێکڕایی بۆ مووچەخۆرێکی وەزارەتی دارایی، (١٢) هەزارو (٤٢٩) دۆلارە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی مووچەی کارمەندانی وەزارەتی دارایی دوو ئەوەندەی کارمەندانی وەزارەتی پەروەردەو سێ ئەوەندەی پێشمەرگە دەبێت؟ وەڵامەکەی بۆ باڵادەستی حیزب دەگەڕێتەوە، چونکە بەشێکی زۆر ئەو مووچەخۆرانەی وەزارەتی دارایی، کادیری حیزبینو ئێستا دەیان کەس کە بڕوانامەیان نییەو کادیری حزبین مووچەی ڕاوێژکار وەردەگرن، بەسەدان کادیری حیزبیش، مووچەی بەڕێوەبەر وەردەگرن.




### بینا بۆ بارەگاکانیان

یەکێتیو پارتی، تەنیا بەوەوە نەوەستاون کە مانگانە بودجەیەکی شیاو بۆ حیزبەکانیان ببەن، یەکێتیو پارتی بەوەوە نەوەستاون کە کادیرە حیزبییو بەرپرسە حیزبییەکانیان بکەن بە دووبەشو بەشێکیان وەک خانەنشینو بەشەکەی دیکەش وەک فەرمانبەر مووچەی شیاویان بۆ ببڕدرێتەوە، بەڵکو حیزب لە بودجەی گشتیی، بینای بۆ بارەگاکانی دروست دەکرد، لەبەرئەوەی کە حکومەتیش گوێڕایەڵێکی زۆر باشی حیزب بووە، لەبری ئەوەی بیر لە دروستکردنی نەخۆشخانەو قوتابخانەکان بکاتەوە، بیری لەوە کردووەتەوە کە بارەگا بۆ حیزبێک دروست بکات، لەبری ئەوەی بیر لە دروستکردنی نەخۆشخانەیەک بکاتەوە، بیری لەوە کردووەتەوە چۆن بینایەک بۆ لقو مەڵبەندەکان دروست بکات، ساڵانە لەسەر بودجەی گشتیی دەیان بیناو بارەگاو میوانخانە بۆ یەکێتیو پارتی دروستکراوە.

> **بەشی هەرەزۆری ئەو پارەیە، بۆ بینای حیزبەکان بووە، چونکە بەو پارەیە نزیکەی (٣٠٠) بینا بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەکرا**

ئەگەر بچمە سەر وردکردنەوەی ئەمانە، زۆر دەخایەنێت، بەڵام با بەڵگەیەکی ڕوون بخەینە بەردەست، ساڵی ٢٠٠٩، بڕی (٥٠١) ملیار دینار بەناوی پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆوە خەرجکراوەو بەو پارەیە (٣٠٠) بینای زۆر شیاو بۆ ئەو وەزارەتە دروست دەکرا، ئەو پارەیەی بەناوی پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆوە خەرجکراوە، نۆزدە ئەوەندەی ئەو پارەیەیە کە بەناوی پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستییەوە خەرجکراوە، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش ڕایدەگەیەنێت: «بەشی هەرەزۆری ئەو پارەیە، بۆ بینای حیزبەکان بووە، چونکە بەو پارەیە نزیکەی (٣٠٠) بینا بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەکرا، ئەی کوا ئەو بینایانە؟، بیناکانی وەزارەتی ناوخۆ هەر بینا کۆنەکانەو ئەگەر بینای نوێش کرابێت، چەند بینایەکی زۆر کەم بووە بۆ بنکەکانی پۆلیس، ئەو پارەیە بۆ بینا حیزبییەکانی پارتیو یەکێتی بووە».

لەبەشی یەکەمی ئەو نووسینەدا، تەنیا قسەمان لەسەر سێ خاڵ کرد کە حیزب بەهۆیەوە بودجەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارهێناوە، لەبەشی دووەمی ئەم تەوەرەدا، قسە لەسەر ئەو ڕێگایانەی دیکە دەکەین کە حیزب لە ڕێگایانەوە بودجەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارهێناوە، بەپشتبەستن بە زمانی ژمارەکان، ئەوە ڕووندەکەینەوە کە چۆن حیزب لە (٩) ڕێگاوە بودجەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارهێناوە، ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن (٦٠٪)ی بودجە بۆ حیزب بووەو (٦٪)ی بودجە بۆ پرۆژەکان بووە.



وەزیری بازرگانی عێراق: ئەو پارەیەی کە تەرخانکرابوو بۆ قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتییان لە بەشەخۆراکی مانگانە لەلایەن وەزارەتەوە نێردراوە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراق

## بایەعی نە تێرت دەکات نە برسی

# بایەعی سەری لە بریکارو هاوڵاتییانیش تێکداوە

بەدواداچوونی: هاوژین فایەق

«مانگی (٣)یە هێشتا بەشەخۆراکی مانگی (١)مان بۆ نەهاتووە». «لە تەلەفزیۆنەکانەوە باسکرا کە ئەم مانگە شەکری (٣) مانگ دابەشدەکرێت، بەڵام یەکشەممە شەکری یەک مانگمان بۆهات».

دلێر محەمەد، بریکاری دابەشکردنی خۆراک لە سلێمانی بەمشێوەیە نارەزایی خۆی لەهاتنو دابەشکردنی بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان دەربڕی کە لەرێی ئەوانەوە بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت.

دابەشکردنی خۆراک لە رێی کۆبونەوە لەچوارچێوەی بڕیاری (٩٨٦)ی نەوت بەرامبەر بەخۆراک لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە لە عێراقدا دەستپێکردووەو تائێستا بەردەوامەو بەپێی کۆبوونی خۆراکو بەگوێرەی ژمارەی ئەندامانی خێزان بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت.

دابەشکردنی خۆراک هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی بەرنامەکەوەو بەتایبەتیش لەدوای ساڵی (٢٣)وە بەشێوەی نارێک بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێتو سەرەڕای خراپیی مادەکانیو نزمیی کوالێتی، تائێستا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانو بەتایبەتیش خەڵکانی کەمدەرامەت پشتی پێدەبەستن.

هەرچەندە لەسەرەتاوە برو جۆری خۆراکەکان زۆر بوون دواتر بەبڕیارێکی حکومەتی عێراقی مادەکانی بەشەخۆراک بۆ (٥)بەش کەمکرانەوە.

هاورێ ئەحمەد (٢٨) ساڵ، کە خێزانەکەی لە (٣)کەس پێکهاتووە. هەرچەندە (٤) مانگە سەردانی بریکاری خۆراکەکەی نەکردبوو. چۆن بۆ وەرگرتنی خۆراک هاتبوو، ئاواش بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە.

ئەو وتی: «جگە لە شەکرو رۆنی زەیتەکە هیچ مادەیەکی تر وەرناگرم. ئەوە ساڵێکیشە شەکر نەهاتووە. مادەکانی تریشی بەکەڵک نایەت، مانگانەش ئاردەکە دەفرۆشمەوە بە بریکارەکە. ئاردی چوار مانگم وەرنەگرتبوو. مانگەکانی (٩و١٠و١١و١٢ی٢٠١٠)و هەموویم فرۆشتەوە بە بریکاری دابەشکردنی ئاردەکە بە (٢٨)هەزار دینار».

بەوتەی هاوژین، هەرچەندە بوونو نەبوونی ئەو خۆراکەی کە لەرێی بریکارەکانەوە دابەشدەکرێت سوودێکی ئەوتۆی بۆ ئەو نییە: «بەڵام هەستدەکەم دواکەوتنو دابەشنەکردنی، بەتایبەتی ئاردەکە، کاریگەریی لەسەر بەرزبوونەوەی نرخ دەبێت لەبازاڕەکاندا».

رۆژی (٢٠١١/١/٢٦) کۆمپانیای گشتیی دروستکردنی دانەوێڵە لە سلێمانی ئاگادارییەکی بۆسەرجەم هاوڵاتییان بڵاوکردەوەو دوایکرد لە بەرواری دابەشکردنی ئاردی مانگانە بەسەر بریکارەکاندا، لەماوەی یەک مانگدا بەشە ئاردەکەیان وەربگرن، بەپێچەوانەوە هەر هاوڵاتییەک لەو ماوەیەدا ئاردەکەی وەرنەگرێت بەشە ئاردی مانگانەی دەبڕدرێت». هۆکارەکەشیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە: «بەشێک لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی گرانبوونی ئارد، وەرنەگرتنی ئاردە لەلایەن هاوڵاتییانو مانەوەیەتی لە گەنجینەکاندا، بەمەش رێژەی ئارد لە بازاڕەکاندا کەم دەبێتەوە».

بەشە خۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان پارویەکی چەوربوو بۆ بەرپرسانی بوارەکەو بە رای شارەزایانیش بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی عێراق هۆکاری سەرەکی خراپیو درەنگ گەیشتنی بەشە خۆراکی مانگانەنو بەو هۆیەشەوە لە خولی رابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقداو لەمانگی ئایاری (٢٠٠٩) عەبدولفەلاح سودانی وەزیری بازرگانی عێراق بانگهێشتی بەردەم پەرلەمان کرا بۆ لێپرسینەوە. بەهۆی ساغبوونەوەی تۆمەتەکان لەسەری. بەتایبەتیش خراپیی کوالێتیو فەوتانی بەشە خۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان بڕیاری دەستگیرکردن لەلایەن دادگاوە بۆخۆیو براکەی دەرچوو، لەکاتی هەوڵدان بۆ هەڵاتنی بۆ دەرەوەی وڵات لە ئاسمانی عێراقو لەناو فرۆکەدا گەڕێنرایەوەو تائێستا دوا دادگاییکردنی بەرێوەنەچووەو چاوەڕوانی بڕیاری دادگایە بەسەریدا.

بەهۆی فەوتانی بڕێکی زۆری خۆراکی مانگانەوە، ساڵی (٢٠٠٨) بەبڕیارێکی حکومەتی ناوەندی بەبڕێک پارە قەرەبووی هاوڵاتییان کرایەوە. ئەمساڵیش بەبڕیارێکی حکومەتی عێراق بۆ هەر هاوڵاتییەک وەک قەرەبووی فەوتانی بەشێک لەو خۆراکەی کە لەرێی کۆبوونەوە دابەشدەکرێت، بڕی (١٥) هەزار دیناری عێراقی بۆ یەک مانگ تەرخانکراوەو بڕیارە لە ئەمڕۆوە دەست بەدابەشکردنی بکرێت بەسەر هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستاندا.

د. خەیروڵڵا حەسەن، وەزیری بازرگانی عیراق لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: «ئەو پارەیەی کە تەرخانکرابوو بۆ قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتییان لە بەشەخۆراکی مانگانە لەلایەن وەزارەتەوە نێردراوە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عیراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە. لەرێی لیژنەیەکەوە بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت».

دلێر محەمەد، بریکاری دابەشکردنی خۆراک. کە لەتەنیشت چەندین فەردە برنجەوە لە دوکانێکی تاریکی بێکارەبادا دانیشتبوو. جگە لەدوکانەکەی خۆی. لەگوزەرەکەی ئەودا ژمارەیەک بریکاری دیکە هەن. بەتەنیا خۆیشی بەشە خۆراکی سێ بریکاری بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکات.

دلێر، نارازی بوو لەوەی کە خۆراکەکە بەشێوەیەکی رێکوپێک بەدەستیان ناگات: «لە چوارشەممەوە برنجو زەیتمان بۆهاتووە. یەکشەممە شەکرەکە هاتووە. رەنگە بەدوو هەفتەی تریش خەڵک نەیەت بۆ وەرگرتنی، حساباتمان بەتەواوەتی لێتێکچووە. جاری واهەیە مانگی (١٢) هەندێک لەمادەکانی مانگی (٢)و(٣)دێت. ئێمەو خەڵکیش سەرمان لێتێکچووە. نازانین چیمان دابەشکردووەو خەڵکیش نازانێت چی وەرگرتووە. لەگەڵئەوەی خەڵک زۆربەی مادەکانی ناوێتو هەمووی لەدواکانەکەی مندا کەڵەکە دەبێتو جێم لێدەگرێت».

بەپێی بودجەی ساڵی (٢٠١١)ی عێراقیش نزیکەی (٤) ملیار دۆلار بۆ کڕینی بەشەخۆراکی هاوڵاتییانی عێراق تەرخانکراوە، کە نزیکەی (١٢,٦٪)ی بۆ هەرێم دەبێت. جگە لەوەی لە پارەی زیادەی فرۆشتنی نەوت جارێکی دیکە پارەی بۆ تەرخاندەکرێتەوەو هەروەک پەرلەمانی عێراق بڕیاریشیداوە بەدواچوونی ورد بۆ چۆنێتی کڕینو دابەشکردنو جۆرو کوالێتی ئەو بەشە خۆراکە بکات کە لەرێی کۆبوونی خۆراکەوە بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت.



بەشەخۆراکی مانگانە لەکاتی دابەشکردندا

فۆتۆ: ئینتەرنێت

# نرخی ئارد گڕ دەکاتەوە

## دەبرێت بۆ باشوورو ئێرانیش گرانی دەکات

راپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

نرخی ئارد لە بازاڕەکانی کوردستان بەرز دەبێتەوەو هاوڵاتییانو نانەواکان نیگەرانو بەرپرسانیش بەرزبوونەوەی دەخەنە ئەستۆی بازرگانەکانەوە.

بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی ئارد لە بازاڕەکانی کوردستاندا نیگەرانیی لای ئەو پیشەوەرانە دروستکردووە، کە ئارد کەرەستەی سەرەکیی کارکردنو پەیداکردنی بژێویی ژیانیانە کاریگەریی بەرزبوونەوەی نرخی ئارد لە هەندێک باردا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئەو پیشەوەرانە ناچاربن واز لە پیشەکانیان بهێنن.

لە بەدواداچوونێکی رۆژنامەدا دەرکەوتووە؛ بەر لە شەش مانگ نرخی یەک فەردە ئاردی بێژراوە لە بازاڕدا بە (١١) هەزار دینار بووە، بەڵام ئێستا گەیشتووەتە (٢٧) هەزارو ئاردی تورکیش بەهەمان شێوە نرخی یەک فەردەی لە (٢٢) هەزارەوە بۆ (٣٤) هەزار بەرزبووەتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتیی نرخی ئارد لەم ماوەیەدا گەیشتووەتە (٥٠٪)ی نرخی بەر لە شەش مانگی ئەو دوو جۆرە ئاردە.

ئیبراهیم محەمەد، کە خاوەنی (نانەواخانەی گۆران)ە لە شاری سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات؛ نرخی ئارد بە شێوەیەک گران بووە کە زۆر رۆژ لە کارەکەیدا زەرەری کردووە، وتیشی: «ئەگەر حکومەت شتێکمان بۆ نەکات دەبێت لە بری (٨) نان، (٧) نان بدەین بە هەزار دینار، یان قەبارەی گونکەکان بچووک بکەینەوە، یان نانەواخانەکەمان دادەخەین، چونکە قازانج ناکەین».

ئیبراهیم، ئاماژەی بەوەشدا؛ کە چەند جار لە رێگەی سەندیکای نانەواخانەکانەوە باسیان کردووەو پێیانوتوون؛ بۆ لایەنی پەیوەندیداریان بەرزکردووەتەوە، بەڵام هیچ نەکراوە.

ئاردفرۆشەکانی ناوبازاڕیش حکومەتی هەرێم بە بەرپرس دەزانن لە بەرزبوونەوەی نرخی ئاردو ئاماژە بەوەش دەکەن؛ کە چەندین نانەواخانەو کارگەی شیرینی بەهۆی قەرزداری ئاردەوە دایانخستووە.

لوقمان عومەر، کە دووکانی فرۆشتنی ئاردی هەیە، ئاشکرایکرد؛ نرخی ئارد نیواو نیو زیادی کردووەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «نانەواخانەو سەمونخانەو شیرینییەکان قەرزدارمانن، هەیانە (٨) ملیۆن دینار قەرزدارەو زۆرێک لە مشتەرییەکانمان دووکانەکانیان داخستووە».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە کە لە رێگەی ئاردفرۆشەکانی ناوبازاڕی سلێمانییەوە دەستی کەوتووە؛ دوو هۆکاریی سەرەکیی بەرزبوونەوەی نرخی ئارد لە بازاڕەکانی کوردستاندا کۆکردنەوەو بردنی ئاردە بۆ خوارووی عێراقو بەرزکردنەوەی نرخی ئاردی هاوردەکراوی ئێرانییە لەلایەن بەرپرسانی ئەو وڵاتەوە، ئەمە جگە لە مەترسیی هاوڵاتییان لە باری ئەگەری بڕینی بەشە خۆراکی مانگانەوە، کە ئارد بەشێکی سەرەکییەتی.

خاوەنی شیرینییەک بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەرچەندە بەهۆی گرانبوونی ئاردو شەکرەوە شیرینییەکەمان گرانکردووە لە سەروو ئەوەشەوە هەر مایەکاریی کاردەکەینو مشتەریشمان کەمبووەتەوەو زۆر رۆژ هەویرەکە دەرێژین».

هاوکات لایەنە پەیوەندیدارەکان وێڕای دڵنیاکردنەوەی هاوڵاتییان لە بەردەوام دابەشکردنی ئارد، هۆکاریی بەرزبوونەوەی نرخەکەی دەخەنە ئەستۆی بازرگانەکان.

لەوبارەیەوە، بورهان سلێمان ساڵح، بەڕێوەبەری کۆمپانیای گشتیی دروستکردنی دانەوێلە لە سلێمانی بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە کۆمەڵێک بازرگان ئارد قۆرخ دەکەنو دەیبەنە دەرەوەی کوردستانو هاوڵاتییانیش ئاردەکەی لە بریکارەکان وەرناگرن، وتیشی: «داوامان لە سەرجەم بازگەکان کردووە؛ رێ لە چوونە دەرەوەی ئارد بگرن».

بەڵام بریکارێکی ئارد کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە ئێستا کەمتر ئاردیان بۆ دێتو هاوڵاتییان لەگەڵ زانییان ئارد بۆ بریکارەکان هاتووە دەستبەجێ وەریدەگرن، وتیشی: «ئێمە پێشتر کەمتر بە (١٠) هەزار یەک فەردە ئاردمان لە هاوڵاتییان دەکڕییەوە، بەڵام ئێستا بە زیاتر لە (٢٠) هەزار دەیکڕینەوەو هاوڵاتییانیش کەمتر ئارد دەفرۆشنەوە».



فۆتۆ: AFP

پەروەردەو خوێندن

## دەرچوونی زانکۆو پەیمانگانی کۆیە بێکارن

ئاری سابیر: لە ماوەی (٣) ساڵی رابردوودا زیاتر لە هەزار خوێندکاری دانیشتووی سنووری قەزای کۆیە زانکۆو پەیمانگایان تەواو کردووەو بەهۆی بێ پلانیو حکومەتەوە دانەمەزراونو بێکارن.

ژمارەیەک دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان بە رۆژنامەیان راگەیاند: «زانکۆو پەیمانگامان تەواو کردووەو بەشێکی زۆرمان دەرچووی زانکۆی کۆیەو پەیمانگای تەکنیکی کۆیەین، بەهۆی دانەمەزراندنمانو بێ پلانیو کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆزینەوەی هەلی کارکردن تا ئێستا زیاتر لە (٥٠٠) کەسمان بێکارینو بەتایبەتی کچەکان ئەمەش کێشەی گەورەی بۆ خۆمانو خێزانەکانمان دروست کردووە».

ئاماژەیان بەوەشکرد «چەندین جار داوامان پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە بۆ دامەزراندن، بەڵام تەنها ئەو کەسانەی پشتیوانی حیزبیان هەیە دامەزراون».



# وەزارەتی پەروەردە لە کوشتنی (٤)خوێندکار بێهەڵوێستە



شەهید سورکێو

هاوڕێ عەبدوڵڵا

لە خۆپیشاندانەکانی چەند رۆژی رابردوودا (٤) خوێندکار کوژراونو ژمارەیەکیش برینداربوون، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە هەڵوێستێکی لەو بارەیەوە رانەگەیاندووە، هاوکات لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی مامۆستایان بێهەڵوێستیی وەزارەتی پەروەردە بۆ حیزبیبوونی ئەو وەزارەتە دەگەڕێننەوە.

بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەییو گۆڕانکاریی لە سیستمی حکومڕانیی هەرێمی کوردستاندا، نزیکەی دوو هەفتەیە چینو توێژەکانی شارەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی رژاونەتە سەر شەقامەکانو خوێندکارانیش بەشدارییان لەو خۆپیشاندانانەدا کردووەو لەو ماوەیەدا بە گوللەی هێزە چەکدارە حیزبییو ئەمنییەکان

**وەزارەتی پەروەردە هیچ کاتێک لەگەڵ دەنگو نارەزایی خوێندکاراندا نەبووە**

(٤) خوێندکار (رێژوان عەلی لە سلێمانی، سورکێو زاهیر لە سلێمانی، گەرمیان ئەحمەد لە چەمچەماڵ، بیلال ئەحمەد لە کەلار) کوژرانو ژمارەیەکیش بریندار کراون، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی پەروەردە هەڵوێستی لەو بارەیەوە نەبووە، هاوکات لیستەکانی مامۆستایان وەزارەتی پەروەردە بە کەمتەرخەم وەسف دەکەن.

م. سەنگەر فایەق، وتەبێژی مامۆستایانی سەردەم، پێیوایە، وەزارەتی پەروەردە بەردەوام لەژێر دەستی حیزبدا بووەو حیزب ئاراستەی کردووە، راشیگەیاند: «وەزارەتی پەروەردە هیچ کاتێک لەگەڵ دەنگو نارەزایی خوێندکاراندا نەبووەو بەرژەوەندیی حیزبیی رێگەی پێ نادات هەڵوێستی هەبێتو ئەگەر لە بەرامبەر کوشتنی خوێندکاران بێتە دەنگ، زیان بە بەرژەوەندییە حیزبییەکانی دەگات، چونکە وەزارەتێک لەسەر رشتنی خوێنی خوێندکارەکانی دێتەدەنگ، کە وەزارەتێکی سەربەخۆ بێتو بەرپرسەکانی کەسی بێلایەن بن».

هەروەک بە بڕوای م. ئەحمەد کەرکوکی، سەرۆکی مامۆستایانی کۆمەڵی ئیسلامیی، وەزارەتی پەروەردە کەمتەرخەمە لە ئاست کوشتنو برینداركردنی چەندین خوێندکار، کە بە بێ تاوان پێکراون.

بە پێویستیشی دەزانێت، وەزارەتی پەروەردە بێدەنگیی بشکێنێتو لە ئاستی ئەو تاوانە گەورەیەدا کە بەرامبەر بە خوێندکاران کراوە، بێتە دەنگو هەڵوێستێکی روونی هەبێت.

# پارتی لە ترسی خۆپیشاندان، چەند رۆژێک زانکۆکان دادەخات

## «پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا، لێپرسینەوە لە سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەدین بکات»

راپۆرتی: پشتیوانو ئاکام

مامۆستایانو خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین ئاماژە بەوە دەکەن، کە راگرتنی دەوامی زانکۆو پەیمانگاکان لەلایەن رێکخراوی یەکێتیی قوتابییانی سەر بە پارتییەوە، دەستێوەردانێکی نادروستەو پێیانوایە لە ترسی خۆپیشاندان، ئەو کارە کراوە. ئەوەش دەخەنەڕوو، راگرتنی دەوامی زانکۆو پەیمانگاکان زیانێکی زۆر بە پرۆسەی خوێندن دەگەیەنێت.

وابڕیاربوو کە رۆژی هەینی رابردوو (٢/٢٥) لە سەرتاسەری عێراقدا خۆپیشاندانی جەماوەریی سازبکرێت، لە شاری هەولێریش لەلایەن کۆمەڵێک رۆشنبیرو رۆژنامەنووسەوە ئامادەکاریی بۆ خۆپیشاندان دەستی پێکرد، بەڵام بۆ رێگەگرتن لە خۆپیشاندانی جەماوەریی، پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین رێگەی گرتەبەر، لەنێویاندا رۆژی (٢/٢٤) رێکخراوی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەبێ ئاگاداری وەزارەتی خوێندنی باڵاو بە چاوپۆشی سەرۆکایەتیی زانکۆ، دەوامی زانکۆی سەڵاحەدینو زانکۆی پزیشکی هەولێرو زانکۆی کۆیەو پەیمانگاکانی هەولێری بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک راگرتو سەرجەم خوێندکارانی دەرەوەی هەولێری ناردەوە بۆ شارەکانی خۆیانو دەرگای بەشەناوخۆییەکانی بە رووی خوێندکاراندا داخست.

م. دلێر حسێن، لە کۆلێژی کارگێڕییو ئابووریی زانکۆی سەڵاحەدین، بە رۆژنامەی راگەیاند: «یەکێتیی قوتابییان، دەوامی زانکۆی راگرتو خوێندکارانیان لە بەشە ناوخۆییەکان دەرکردووە، لە کاتێکدا هیچ رێکخراوێکو تەنانەت سەرۆکی زانکۆ دەسەڵاتی ئەوەی نییە دەوامی زانکۆ رابگرێتو تەنیا حکومەت دەتوانێت، ئەو کارەی یەکێتیی قوتابییان، باشترین بەڵگەی دەستێوەردانی حیزبییە لە کاری زانکۆکاندا».

مامۆستایەکی تری زانکۆی سەڵاحەدین، کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو: رێکخراوێکی دیاریکراوی حیزبیی، بەشێوەیەکی نایاسایی دەوامی زانکۆی سەڵاحەدین رادەگرێت، ئەو کارە مانای ئەوەیە کە پارتی هەیمەنەی بەسەر زانکۆی سەڵاحەدیندا کێشاوەو دەیسەلمێنێت کە حیزب خاوەن بڕیارەو حکومەت وجودی نییە، هەروەها سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەدین دەستی هەبووە لە راگرتنی دەوام، لەلایەک بەرپرسان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئاسایشی شاری هەولێر سەقامگیرە، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەوامی زانکۆ رادەگرن، ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئەمنیەتی هەولێر ئارام نییەو دەسەڵات دەترسێت لە خۆپیشاندانو نارەزایی.

ئەو مامۆستایە، سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەدین لە راگرتنی دەوامی زانکۆ بە بەرپرسی یەکەم دادەنێتو بەپێویستی دەزانێت حکومەت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، وتیشی: «سەرۆکی زانکۆ بەرپرسیاری یەکەمە لە رێکخستنی دەوامی زانکۆو لەبەر هۆکارێک بێت کاتێک کە خوێندکارەکان دەوام جێدەهێڵن، دەبێت ئیجرائات بکرێتو پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لێپرسینەوە لە سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەدین بکات، چونکە سەرۆکایەتیی ئەو زانکۆیە نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی لە رێکخستنی دەوامدا جێبەجێ بکات».

مامۆستایەکی تری هەمان زانکۆ کە نەیویست ناوی بنووسرێت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەکاتی دەوامدا، کۆمەڵێک لە خوێندکارانی دەرەوەی هەولێر، ئەوەیان خستەڕوو کە یەکێتیی قوتابییان پێی راگەیاندوون دەوام رادەگیرێتو دەبێت بچنەوە شارەکانی خۆیان، ئەو هەنگاوە ئەوە دەسەلمێنێت کە زانکۆی سەڵاحەدین لەژێردەستی پارتیدایەو حیزب ئاراستەی دەکات».

هاوکات لەگەڵ راگرتنی دەوامی زانکۆی سەڵاحەدین تا (٤/٢)، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم، راگرتنی دەوامی فەرمیی هەندێک لە زانکۆکانی کوردستان رەتدەکاتەوەو لە روونکردنەوەیەکیدا هاتووە: «داوا لە مامۆستایانو خوێندکارانو کارمەندانی زانکۆو پەیمانگاکان دەکەین کە لە زامنکردنی رەوشی ئاسایی خوێندن هاوکارمان بن».



هەروەک د. ئەحمەد دزەیی، سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین، ئەوەی خستەڕوو کە لە سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەدینەوە هیچ بڕیارێک بۆ راگرتنی دەوام لە زانکۆکەدا دەرنەچووە.

هاوکات لەگەڵ بڕیارەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم، م. دلێر حسێن، دەستپێکردنەوەی دەوامی زانکۆ، بە کارێکی قورس وەسفدەکات، هەروەک دەڵێت: «گەڕاندنەوەی خوێندکارانی دەرەوەی هەولێر ئاسان نییەو هیچ گرەنتییەک نییە بۆئەوەی جارێکی تر دەرنەکرێنەوە، بۆیە پێناچێت بڕیارەکەی وەزیری خوێندنی باڵا جێبەجێ بکرێت، ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا نەتوانێت لێپرسینەوە لەو مەسەلەیە بکات، پێویستە هەموو راستییەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکات».

راگرتنی دەوامی زانکۆو پەیمانگا لە ئێستادا نیگەرانییەکی زۆری خوێندکارانو رێکخراوە خوێندکارییەکانی لێکەوتووەتەوە.

خوێندکارێکی زانکۆی سەڵاحەدین کە نەیویست ئاماژە بە ناوەکەی بکرێت، ئەوە دەخاتەڕوو: ئەوان بە مەبەست ئەو کارەیان کرد، چونکە ئەگەری زۆربوو لە شاری هەولێر خۆپیشاندان بکرێت، ئەوە دەریخست کە پارتی خاوەنی زانکۆی سەڵاحەدینەو هەرچییەکی بوێت بەبێ پرسی حکومەت دەیکات.

گرووپی زانکۆی سلێمانی، لە روونکردنەوەیەکیدا باس لەوە دەکات: «بەتوندیی ئیدانەی راگرتنی خوێندن لەزانکۆی سەڵاحەدین دەکەینو دەخوازین کە هەوڵی دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە نەبێت بۆ کپکردنی دەنگو نارەزایەتی خوێندکارانو داخستنی دەرگاکانی هەولێرو دهۆک بە رووی جیهانی دەرەوەیدا».

خوێندکارانو رێکخراوە خوێندکارییو قوتابییەکان، پێیانوایە: کە راگرتنی دەوامی زانکۆو پەیمانگاکان بۆ رێگەگرتنە لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان.

کچە خوێندکارێکی کۆلێژی زمان لە زانکۆی کۆیە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «خوێندکارانی دەرەوەی شاری زانکۆ بەنیازی خۆپیشاندان بوون، بۆیە لەترسی خۆپیشاندان دەوامی زانکۆیان راگرتو پارتی سەلماندی کە هەموو میللەت دەکاتە قوربانیی تەنیا بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیو مانەوەی خۆی، ئەوەش دەردەکەوێت کە حکومەتی هەرێم دەسەڵاتێکی کارتۆنیی هەیەو هێندەی رێکخراوێکی حیزبیی دەسەڵاتی نییە».

هەروەک خوێندکارێکی کۆلێژی ئەندازیاریی لە زانکۆی سەڵاحەدین، پێیوایە، لە ترسی خۆپیشاندان دەوامیان راگرتووە، چونکە لە چەند رۆژی رابردوودا لەنێو زانکۆدا جموجۆڵ هەبووە.

لە روونکردنەوەیەکیدا کە (٢/٢٦) بڵاویکردووەتەوە، رێکخراوی قوتابییانی کوردستان ئەوە دەخاتەڕوو: «حیزبی دەسەڵاتدار، لە ترسی ئەنجامدانی خۆپیشاندان، پەنا دەباتە بەر داخستنی دەوامی زانکۆکانو دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی نەزانیی».

ئاماژە بەوەش کراوە: «راگرتنی خوێندن، کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر پرۆسەی زانستو مەعریفە».

**داوا لە مامۆستایانو خوێندکارانو کارمەندانی زانکۆو پەیمانگاکان دەکەین هاوکارمان بن**

**راگرتنی خوێندن، کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر پرۆسەی زانستو مەعریفە**

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگەوبانی سلێمانی: ئەو سێ پردە کێشەی دەرخستەی هەیە

بەدواداچوون

# تەزکیەی حیزبی دامودەزگاکانی بادینان دادەپۆشێت

راپۆرتی: دیاری خالید

**دهۆک**

بڕوانامەو لێهاتوویی پێوەرنین بۆ ئەوەی لە دامەزراوەیەکی حکومییو تەنانەت ئەهلیش لە دەڤەری بادینان دابمەزرێیت، بەڵکو تاکە پێوەر بۆ وەرگرتنی ئەو دەرفەتانە تەزکیەی حیزبی باڵادەستە لە ناوچەکە، ئەمەش هاوڵاتییانی بێزار کردووە.

عەلی ئەحمەد (٢٤) ساڵ، گەنجێکی دەرچووی زانکۆیەو تائێستا لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومیی دانەمەزراوە، هۆکاری ئەمەش بۆ نەبوونی پشتگیریی حیزب دەگێڕێتەوەو دەڵێت: «تەزکیەی حیزبی بووەتە بەڵاو پاشەڕۆژی هەمووی خستووەتە مەترسییەوە، ئەگەر واسیتەت نەبێت پاشەڕۆژت فەوتاوە هەرچەندە بەتوانابیت و خاوەن شەهادەبیت، لەبەرئەوەی سەر بە حیزبی دەسەڵات نیت داتنامەزرێنن».

هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار پارتیو یەکێتی وەک چۆن دەسەڵاتیان لە هەرێمی کوردستان بەسەر خۆیاندا دابەشکردووە، ئاواش ئیمتیازو خێرو بێری ئەم وڵاتەیان بەسەر خۆیانو بەشێک لە لایەنگرانیاندا دابەشکردووەو دڵی جەماوەریان لە خۆیان زویر کردووە.

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە تەزکیەی حیزبی کاری پێدەکرێتو هەندێک دەزگا بەبێ واستە کار بۆ هاوڵاتییان ناکەن، تەنانەت ئەم دیاردەیە زانکۆشی گرتووەتەوە.

محەمەد مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەم ناوچەیەدا ناتوانیت ببیتە پۆلیسو پێشمەرگە بەبێ ڕەزامەندیی حیزب، لە زانکۆی دهۆکیش واسیتەو تەزکیەی حیزب بە تەواوی دیارە».

بزووتنەوەی گۆڕان لە (٢٩)ی کانوونی دووەمدا، بەیاننامەیەکی (٧) خاڵیی ڕاگەیاندو تیایدا جگە لە پەرلەمانی کوردستان داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم «حکومەتە حیزبییەی» هەرێمی کوردستانی کردو بە پێویستی زانی ئامادەکاریی بکرێت بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت لە هەرێمی کوردستان.

خەلیل تولکەبەر، تەمەن (٢٧) ساڵ، کرێکاری دانیشتووی زاخۆیەو ئاماژە بەوە دەکات؛ کە کرێکاریش بووە بە واستەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «چەندین جار چووم بۆ وەرگرتنی مادەی کیمیاییو گەنم بۆ کاری کشتوکاڵیی، بەڵام نەمتوانی وەریبگرم، لەبەرئەوەی واستەم نییە، هەر جارەو بە پاساوێک دوای دەخەن بۆ ئەو کاتەی کە خۆیان دەیانەوێت، ئەوەندە بێزارت دەکەن تاکو تەسلیمیان دەبێت».

ئەو هاوڵاتییە وتیشی: «زۆرجار چووم بۆ کرێکاریی ئیشم دەست نەکەوتووە، لەبەرئەوەی خاوەن ئیشە کە سەربەخۆیان بووەو کەسانی نزیکی خۆی بانگکردووە».

ڕۆژنامە بۆ وەرگرتنی بۆچوونیان سەبارەت بە دیاردەی تەزکیەی حیزبی پەیوەندیی کرد بە بەهزاد عەلی، جێگری پارێزگاری دهۆک، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو لێدوان بدات.

لای خۆیەوە شێروان عەبدولواحید، سەرۆکی شارەوانی دهۆک ئەم دیاردەیەی بە کارێکی نادروست زانیو بۆ ڕۆژنامەی ڕەتکردەوە، کە دیاردەیەکی لەو جۆرە هەبێتو وتی: «هەمووی درۆیەو هیچ ڕاست نییە، هەرگیز لای ئێمە تەزکیەو واستەی حیزبیی ناخوات، ئێمە تائێستا جیاوازیمان نەکردووە لەنێوان هاوڵاتییاندا».

وتەکانی سەرۆکی شارەوانی دهۆک لە کاتێکدایە، جگە لە ئۆپۆزسیۆنو هاوڵاتییانو ڕۆشنبیرانی دهۆک، حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشی دان بە بوونی گەندەڵییو تەدەخولاتی حیزبی لە کاروباری حکومەتدا دەکات، بەڵام چاکسازیی ناکات.

میهڤان محەمەد، مامۆستا لە زانکۆی زاخۆ ئەوەی نەشاردەوە؛ کە واسیتە هەر بوونی ماوەو کاری پێدەکرێت، ئەگەرچی لە ئێستادا کەمبووەتەوەو تا ڕادەیەک لەپێشتر باشترە، جەختی لەوەشکردەوە؛ کە هەبوونی واستەی حیزبیی کاریگەریی زۆر خراپی هەیە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی زاخۆ، بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «لە زانکۆ ئەو مامۆستایەی بە واستەی حیزبی دامەزراوە زوڵم لە جیلێک دەکات، چونکە توانای نییەو لایەنی زانستیی لاوازە».



**لەم ناوچەیەدا ناتوانیت ببیتە پۆلیسو پێشمەرگە بەبێ ڕەزامەندیی حیزب، لە زانکۆی دهۆکیش واسیتەو تەزکیەی حیزب بە تەواوی دیارە**

# کارکردن لە (١٥) پردی نێوان کەلارو دەربەندیخاندا کێشە دروست دەکات

راپۆرتی : زمناکۆ ئیسماعیل

نۆژەنکردنەوەی (٣) پردی نێوان کەلارو دەربەندیخان وێڕای بێزارکردنی هاوڵاتییانو شۆفێران چەندین ڕووداوی هاتوچۆو زیانی گیانیی لێکەوتووەتەوەو بەرپرسانی حکومییش ئۆباڵی ئەو ڕووداوانە دەخنە ئەستۆی شۆفێران

لەسەر بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کۆمپانیای فەلاح حەسەن، پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی (١٥) پردی نێوان کەلارو دەربەندیخانی وەرگرتووە، کە تێکڕای بودجەکەی (١, ١٩١, ٥٨٨) دینارەو لە (٢٠١٠/٥/٢٨)وە کۆمپانیای ناوبراو دەستی کردووە بە کارکردن لەو پرۆژانەدا کە ماوەکەی (٢١٠) ڕۆژە، تائێستا نۆژەنکردنەوەی (١٢) پردیان تەواو بووە، بەڵام (٣) پردەکەی هێشتا کاری تێدا دەکرێت، ئەمەش بووەتە جێگەی بێزاریی شۆفێرانی ئەو ڕێگەیە.



ڕێگەی تونێلی دەربەندیخان

فۆتۆ: ئینتەرنێت

سەرکەوت ئەحمەد، کە ماوەی دوو ساڵە شۆفێری خەتی کەلار - سلێمانییەو ئاماژە بەوە دەکات؛ کە زۆرێک لە شۆفێرو هاوڵاتییان، نیگەرانن بە تەواو نەبووبی نۆژەنکردنەوەی پردەکانی ڕێگەی کەلار - دەربەندیخان، کە ماوەی (٩) مانگە ئەو ڕێگەیە بووەتە جێگەیەکی مەترسیدار بۆ شۆفێرانو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو پردانە کێشەی زۆری بۆ ئێمە دروستکردووە، چونکە ڕێگەی سەرەکیی کەلار سلێمانییەو هێڵی خێرای ئۆتۆمبێلی لەسەرە، بەردەوام بۆ ماوەی (٢٤) سەعات ئۆتۆمبێل لەسەر ئەو ڕێگەیە هاتوچۆ دەکاتو چەندینجار ئۆتۆمبێل تیایدا وەرگەڕاوەو لە کاتی لافاو و بارانیشدا ڕێگەکە دەگیرێتو دەبێت لەو کاتەدا شۆفێر بچێتە مەیدانو سەرتەکو بگەڕێتەوە بۆ دەربەندیخان».

سەرکەوتی شۆفێر، ڕوونیشی کردەوە: کە ئەو نەفەرانەی کە لەگەڵیاندان، تووشی نیگەرانیی دەبن، چونکە زۆرکات بۆ کاری بەڕێوەبەرێتیو دامودەزگاکان دەچنو دوادەکەونو ناتوانن کارەکانیان ڕایی بکەن، کە لە نێوانی ئەو دوو ڕێگەیەدا (٢٥) خولەک لە کاتیان دەڕوات، بەهۆی چەمی نزیک ئەو پردانەوە کە نۆژەن دەکرێنەوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێلی ئەو هێڵە دەچەقنو بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە لە کاتی کارکردنەوە لەو پردانەدا تائێستا، نزیکەی (١٢) ئۆتۆمبێل وەرگەڕاون، تیایدا (٨) کەس گیانیان لەدەست داوەو (٢٧) کەسی تریش بریندار بوون.

لەوبارەیەشەوە، مولازم ڕێژەن بورهان، دەربارەی کێشەی هاتوچۆ، بەڕێوەبەری بنکەی هاتوچۆی دەربەندیخان ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئامارێکی تەواویان لانییە سەبارەت بە ڕێژەی قوربانییانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەو ناوچانە، هۆکاری ڕووداوەکانیشی گەڕاندەوە بۆ پابەند نەبوونی شۆفێرانی ئەو هێڵە بە هێماکانی هاتوچۆوە.

کاروان تەها، کە خوێندکارە لە پەیمانگەی تەکنیکی کەلار گلەیی لە تەواونەبوونی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ئەو پردانە دەکات کە کێشەی بۆ هاتوچۆی خوێندکاران دروستکردووە و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چەندینجار بەهۆی ئەو کێشەیەوە لە دەوامی پەیمانگە دواکەوتووین، چەندینجاریش چووینەتەوە پەروێزخانو سەرتەکو مەیدان، پاشان توانیومانە بگەینەوە دەربەندیخان، یاخود بە پێچەوانەوە بگەینەوە کەلار».

کاروانی خوێندکار، ئەوەشی خستە ڕوو؛ کە بە هۆی داخستنی ڕێگەی سەرەکیی بەهۆی چاککردنی ئەو پردانەوەو چوونەوەیان بۆ مەیدانو سەرتەک، بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە کرێیەکی زۆر بدەنە ئۆتۆمبێلو دەڵێت: «ئێمە (٦٠) هەزار دەرماڵەمان هەیەو بە پاس هاتوچۆ دەکەینو ڕۆژانە بە (٥) هەزار دینار دەگەڕاینەوە بۆ سلێمانی، بەڵام ئێستا دەبێت (٢٥) هەزار بدەین بە پاس تا بتوانین بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی».

هاوکات، بەرپرسێکی وەزارەتی پلاندانانیش ئۆباڵی ئەو کێشەیە دەخاتە ئەستۆی پابەندنەبوونی شۆفێران بەو ڕێنماییانەی کە تا نۆژەنکردنەوەی ئەو پردانە بۆیان دیاریکراوە.

توانا کەمال، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی گشتیی ئاوەدانکردنەوەی ڕێگەوبانی سلێمانی ئاشکرای کرد، کە ڕێگەی کاتییان دروستکردووە، بۆ ئەوەی کە هاتوچۆ ئاسان بکەن، بە هۆی گەورەیی چەمەکەو زۆریی ئاوەکەی کە ڕێگەکە تێک دەداتەوە، وتیشی: «لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی کەلارو دەربەندیخان هەمئاهەنگیمان کردووە بۆ چاودێریکردنی ڕێگەی کەلار - دەربەندیخانو ڕێنماییمان داوە بە شۆفێران کە بە ئۆتۆمبێلی بچووک لە ڕێگەی (ژاڵەو ناوهۆڕێن) هاتوچۆ بکەنو ئۆتۆمبێلی گەورەو بارهەڵگریش لە ڕێگەی سەرەکیی دەربەندیخان -کەلار هاتوچۆ بکەن»، بەڵام بە وتەی ناوبراو ئۆتۆمبێلە بچووکەکان لەدوای ئۆتۆمبێلە گەورەکانەوە دەڕۆنو تووشی ڕووداو دەبنو هاوڵاتییان پابەند نابن بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە.

لەلایەکی ترەوە، فوئاد حەمە باقی، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕێگەوبانی سلێمانی سەبارەت بە تەواوبوونی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی سێ پردەکەی تر وتی: «ئەو سێ پردە کێشەی دەرخستەی هەیە لای بەڵێندەرەکە، کە خاوە لە کارکردن تیایدا».

بەدواداچوون

## بڕەپارەی قەرەبووی بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان، دابەش دەکرێت

رۆژنامە: وەزیری بازرگانیی عێراق، رایگەیاند کە بڕەپارەی قەرەبووی بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان، لەم هەفتەیەدا دابەش دەکرێت.

خەیروڵا حەسەن بابەکر، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا روونیکردەوە، وەزارەتەکەیان هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی کردووە بۆ گەیاندنی ئەو بڕەپارەیە بۆ پارێزگاکانو بڕیاریشە لەلایەن ئەو لیژنانەی لە پارێزگاکاندا پێکهاتوون، بڕەپارەکە بەسەر هاوڵاتییاندا دابەش دەکرێت.

وتیشی: وەزارەتی بازرگانی، لە رێگەی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانەوە، هەوڵدەدات بەشەخۆراکی هاوڵاتییان دابین بکات.

لەماوەی رابردوودا، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری دا بۆ ئەو بەشەخۆراکەی کە لە رابردوودا فەوتاوە، قەرەبووی هاوڵاتییان بکرێتەوەو بری (١٥) هەزار دینار بۆ هەر نەفەرێک لە بری ئەو بەشەفەوتاوە دابنرێت.



# «بنکەمان هەیە خزمەتی (١٠) ماڵ دەکات، ئەمە بەهەدەردانی سامانی دەوڵەتە»

سازدانی: بەرزان عەلی حەمە

**د. تاهیر هەورامی، ئاماژە بەوە دەکات، کە لە هەرێمی کوردستاندا بنکەی تەندروستی هەیە کە تەنیا خزمەتی (١٠) ماڵ دەکات. لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا، وەزیری تەندروستی وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوە سەبارەت بە پێشوازینەکردن لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو گرنگیدان بە دامەزراندنی پزیشکە هەورامییەکانو کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی هەولێر لەسەر بودجەی تەندروستی سلێمانی.**



د.تاهیر هەورامی

**رۆژنامە: با لە رەخنەیەک لە بەڕێزتەوە دەستپێبکەم، دەڵێن زۆرترین کەست لەناوچەی هەورامان دامەزراندووەو کەمترین کەسیش بۆ گەرمیان، هەندێک پێیان وایە، ناوچەگەرێتی دەکەیت، وەڵامت چییە؟**

* من، زۆر پێم ناخۆشە کە خەڵک باس لە ناوچەگەرێتی دەکات.ساڵی (١٩٣٦) هەورامان (١٨٣) دێ بووە، تەوێڵە کە من خەڵکی ئەوێم، (٦٠٠) ماڵ بووەو هەڵەبجەی شەهید (٤٠٠) ماڵ بووەو سلێمانی دوو هەزار ماڵ بووە، واتە ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ سلێمانیدا، تەنیا خەڵکی تەوێڵە دەبێت ٢٥٪ی دانیشتووانی سلێمانی بن، ئەگەر تەنیا خەڵکانی دەرچووی پزیشکی هەورامان حساب بکەیت، سەدو چل پزیشک خەڵکی هەورامانن، مەنتیقی تیایە تۆ بڵێیت، لەبەرئەوەی هەورامینو خزمی تاهیر هەورامین ئیتر دەبێت دانەمەزرێنرێن؟ ئەوە قسەی هەندێک برادەرە کە زۆر بەچاوتەسکی سەیری کوردستان دەکەن، ئەگەر نا ئێمە ناوچەگەرێتیمان تێدا نییە.

**رۆژنامە: بەڵام براکەی خۆت لە نووسینگەکەتدایەو دەوترێت ئەو کەسانەی کە بۆ دامەزراندن دێنە لات، بەئارەزووی خۆی لێیان هەڵدەبژێرێت بۆ دامەزراندن؟**

* نەخێر، ئێمە خەڵک لە لیستەکەدا دەرناهێنینو بیخەینە ژێرەوە، ئەو ناوانە لەسەر داواکاریی بەڕێوەبەرە گشتییەکان دادەمەزرێن، لە گەرمیان خەڵک زۆرتر دامەزرێنراوە تا هەڵەبجە، ئێمە گرنگی زۆر بە گەرمیان دەدەین، لەبەرئەوەی پاشکۆی ئەنفالەو یەکێکە لەشوێنە لێقەوماوەکانی گەلی کورد، بۆیە ئێمە هەتا بۆمان بکرێت، شتی بۆ دەکەین، هەر کەسێکیش لەگەرمیانەوە بەرزکرابێتەوە بۆمان، درێغیمان نەکردووە.

**رۆژنامە: وەزیری پێش بەڕێزت، باسی دەکرد کە چەند پزیشکێکی سزاداوە، ئایا تۆ تا ئێستا هیچ پزیشکێکت سزاداوە؟**

* بەڵێ، سزامان داوە، لەسەر مەسەلەی ئەخلاقی پزیشکیو هەندێک کێشەی تر، دوو شت هەیە، مافی پزیشکو مافی نەخۆش، پزیشک ئەستەغفیروڵڵا خوا نییە، پزیشک تەنیا ئەوەی لەسەرە کە یارمەتی نەخۆشەکە بدات، واتە بەرپرسیارێتییە یاساییەکەی پزیشک چاککردنەوەی نەخۆش نییە، بەڵکو چاککردنەوەی نەخۆش لای خوایە، ئەو لیژنەیەش کە لەسەردەمی د.زریان بۆ لێکۆڵینەوە لەهەڵەو کەموکورتی پزیشک دروستکرابوو، ئێستاش هەرماوەو بەو جۆرە کاردەکات، بەڵام پزیشکیشی سزادابێت، بە تۆ ناڵێم.

**رۆژنامە: لەماوەی رابردوودا، کۆمەڵێک خەڵک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە قسەیان هەبوو لەسەر گرانیی نرخی نۆڕینگەکان، تۆش نەتبینینو وتووتە، کۆمەڵێک هاوڵاتی بەناوی رێکخراوی مەدەنییەوە هاتوون، ئەوان رەخنەیان لێت هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئایا هاوڵاتی کەمەو بۆی نییە وەزیرێک ببینێت؟**

* نوێنەرەکانیانم بینی، نەک هەموویان، چونکە بەبێ مۆڵەت هاتبوون، ئێستا تۆ بەمەوعید هاتوویت، ئەوان ئەو کاتە کە هاتن من لەگەڵ لیژنەی راوێژکاریدا کۆبوونەوەم هەبوو، کۆبوونەوەکەم بەجێبهێشتایە؟ دەبێت مەوعید وەربگیرێت، بەڵام ئەوان مەوعیدیشیان وەرنەگرتبوو، هەموو راگەیاندنەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، بەشێوە موزاهەرەیەکو بەبێ ئیزنیش هاتبوون.

**رۆژنامە: لەشوێنێک باس لەوە دەکەیت کە بنکەی تەندروستیمان زیادە، ئەی پزیشکو کارمەند؟**

* بەپێی ستانداردی جیهانیی، دەبێت هەموو دە هەزار کەسێک یەک بنکەی تەندروستی هەبێتو هەموو هەزار کەسێک یەک سەرینی نەخۆشخانەی هەبێتو هەموو دەهەزار کەس دەبێت یەک مێزی نەشتەرگەریی لەشارەکەی خۆیدا هەبێت، ئێمە ئەگەر رێژەی دانیشتووانی هەرێم وەربگرین، نزیکەی پێنج ملیۆنو پێنجسەد هەزارە، دەکاتە (٥٥٠) بنکەی تەندروستی، ئێمە (٨٨٠) بنکەی تەندروستیمان هەیە، بەڵام کارمەندی تەندروستیمان کەمە، دەتوانیت لەبری ئەوەی (٨٨٠) بنکەی تەندروستیمان هەبێت، (٥٥٠) بنکەی زۆرچاکمان هەبێت، بەڵام ئەگەر بۆنموونە، دوو بنکەی تەندروستیمان لە هەولێرو یەکێکیشمان لەشەقڵاوە هەبێتو دوو دکتۆری پسپۆڕیشیان هەیە، دەبێت یەکێکیان لەشەقڵاوەو یەکێکیشیان لە هەولێر دابنرێت، بێگومان ئەمە شتێکی خراپە، بنکەمان هەیە خزمەتی (١٠) ماڵ دەکات، ئەمە بەهەدەردانی سامانی دەوڵەتە.

**رۆژنامە: لەشارەکانی هەرێم چەندین دەرمانخانەی نایاسایی هەن، بۆچی دایانناخەن؟**

* دەتوانیت بچیت لە سلێمانیو هەولێرو سۆران بپرسیت کە چەندمان داخستووە.

**رۆژنامە: باس لە نەخۆشخانەیەک دەکرێت لە شاری هەولێردا کە بڕیار وابووە لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە پارەکەی بدرێت، بەڵام پارتی پارەی نەداوەو دواتر بەرهەم ساڵح لەسەر بودجەی تەندروستی سلێمانی پارە بۆ تەواوکردنی ئەو نەخۆشخانەیەی هەولێر تەرخان دەکات، لەکاتێکدا هەولێر خۆی بودجەی هەیە، راستی ئەوە چۆنە؟**

* ئەوە نەخۆشخانەیەکی خەیرییەو هەموو کەسێک یارمەتی داوە، پێدەچێت تەندروستی سلێمانی تەنیا لەچەند ئامێرێکدا یارمەتی ئەو نەخۆشخانەیەی دابێت، نەک لەپارەدا، من نازانم بۆ مەسەلەی پارتیو یەکێتی، ئەگەر هەر نەخۆشخانەیەکی خەیریی هەبێت، ئێمە یارمەتی دەدەین.

## مونتەدای ئابووریی: خەڵک بەدەست بێکاریو هەژارییەوە دەناڵێنن

رۆژنامە

مونتەدای ئابووریی کوردستان رایگەیاند: خەڵکی ناوچەکە بە کوردستانیشەوە ماوەیەکی زۆرە بەدەست ناعەدالەتیی و بێکاریی و هەژاریی و گرانییەوە دەناڵێنن.

لە بەیاننامەیەکدا کە رۆژی هەینی رابردوو بڵاویانکردەوە، مونتەدای ئابووریی کوردستان پشتگیریی خۆیان بۆ خۆپیشاندانەکان دەردەبڕن، چونکە بڕوایان وایە کە خەڵک «بەدەست ناعەدالەتییو بێکارییو هەژارییو گرانییەوە دەناڵێنن».

لە بەیاننامەکەدا (٧) خاڵیان خستووەتە روو سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە.

جەختیان لەوە کردووەتەوە کە «داخوازییەکانی خەڵک رەوایە»و پێویستە بودجەی گشتیی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان بە شەفافانەو بە دادپەروەرانە بەشبکرێت.

هەروەها داوای «چالاککردن یەکخستنەوەی دەزگای چاودێریی داراییو دوورخستنەوەی دەستی حیزب تێیدا» دەکەن.

بەپێویستیشی دەزانن بە یاسا دەستی حیزب لە حکومەت و بازاڕ دەربکرێت و دەرفەتەکانی بازاڕو بازرگانیو وەبەرهێنان بۆ هەمووان وەک یەک بێت، پەرلەمانیش پەلە بکات لە دەرکردنی یاسای کێبڕکێو قەدەغەکردنی ئیحتیکاری بازاڕ.

## گوڵی سوور، تەقەکردن رادەگرێت

ئاکام ئەبوبەکر

گوڵی سوور، پێشمەرگەو خۆپیشاندەران لێک نزیک دەکاتەوەو تەقەکردن لە خۆپیشاندەران رادەگرێتو هاوڵاتییەکی بەشداربووی خۆپیشاندانەکانی مەیدانی «سەرای ئازادیی» سلێمانیش داوا لە پێشمەرگە دەکات لە بری گوللە، گوڵ هەڵبدەن.

دوابەدوای خۆپیشاندانەکەی (٢/١٧)ی شاری سلێمانیو تەقەکردن لە خۆپیشاندەران چەند شەهیدو بریندارێکی لێکەوتەوە، هاوهەنگاوی میسرو تونس خۆپیشاندانی بەردەرکی سەرا کە ئێستا بە مەیدانی (سەرای ئازادیی) ناودەبرێت گوڵی سوور پێشکەش بەو پێشمەرگانە کرا کە لە دەوروبەری خۆپیشاندەراندا بوون.

ئەحمەد محەمەد، کە هاوڵاتییەکی بەشداربووی خۆپیشاندانەکانی سەرای ئازادیی سلێمانیە پێیوایە؛ ئەو پیشمەرگانە کە هاتنە مەیدانی ئازادیی تا رادەیەک بێلایەننو دوای ئەوەی خۆپیشاندەرەکانی مەیدانی ئازادیی لە بەردەرکی سەرا گوڵی سووریان دا بە پێشمەرگەو لایەنە ئەمنییەکانی تر بارودۆخەکە باشتر بووەو وتیشی: «ئەمەش مانای ئاشتیو پێکەوە ژیانە، هیوادارم یەک گوللەی تر نەتەقێنرێتو هێزە ئەمنییەکان لە بری گوللە گوڵەکان هەڵدەن».

هەندێکی تر لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە سوپاسی هێزی پێشمەرگە دەکەنو بە پێویستیشی دەزانن بێلایەنیی خۆیان بپارێزن.

محەمەد عومەر، ئەندازیار کە بەشداربوویەکی تری خۆپیشاندانەکەی سلێمانی بوو وتی: «بە هاتنی هێزی پێشمەرگە ئاڵۆزییەکە کەمتر بووەتەوەو ئەو هێزانە برای ئێمەن، ئەوان سەرو ماڵمان دەپارێزن، تکا دەکەم بێلایەنانە مامەڵە بکەنو دووربکەونەوە لە هەموو جۆرە توندوتیژییەک».

مەحمود، باس لە هەڵوێستی ئیجابیی گرووپی سپیش دەکات، کە لە مەیدانی ئازادیی شاری سلێمانی بەربەستێکی ئاشتییانەیان لەنێوان خۆپیشاندەرانو هێزی پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکانی تردا دروستکردووەو دەڵێت: «گرووپی سپی لە سەرای ئازادیی شوێن دەستیان دیارە بە دروستکردنی پەرژین لەنێوان هێزە ئەمنییەکانو خۆپیشاندەراندا».

هاوڵاتییەکی تریش پێیوایە؛ هێزی پێشمەرگە دڵسۆزیی خۆیان بۆ سلێمانی دەرخستووە کە بە درێژایی (٢٤) سەعات لە واجبدانو داواش دەکەن رێزیان لێ بگیرێت.

جەمال جەلال، کە کاسبکارێکی شاری سلێمانییە بە رۆژنامەی راگەیاند: «هێزە ئەمنییەکان شوێن دەستیان دیارە لە ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە، ئەوان هەموو براو کەسمانن پێویستە هێزە ئەمنییەکان ئێمەش بە برای خۆیان بزاننو داوادەکەم هێزی پێشمەرگە بێلایەنانە مامەڵە بکات لەگەڵ هاوڵاتییانو ئەوەی لوولەی چەکەکەی گوڵی پێوە بوو پیرۆزبایی لێدەکەم، نیشانەی خۆشەویستی نیشتمانو خەڵکە».

«گوڵە سوورەکە گرژییەکەی کەمکردەوە» ئەمە وتەی رێباز ئەحمەد، بوو لەنێو خۆپیشاندەرانی مەیدانی ئازادیی شاری سلێمانیداو ئەو نیگەرانە لەوەی کە سەرەتا هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس نەیانتوانی وەک پێویست بێلایەن بنو دەپرسێت چۆن توانییان تەقە لە برا بچووکەکانیان بکەن؟!!




فۆتۆ: عەبدوڵڵا گۆران

بۆچوون

ئازاد قەزاز: ئەمانە کە لافی دیموکراسیەت لێدەدەن، لە چ قوتابخانەیەکی دیموکراسی دەرچوون؟!

# (مافی سەرۆکبوون)ی بارزانیو تاڵەبانی دەمێکە بەسەرچووە، بەڵام دەرنەکەوتووە!!



ئازاد قەزاز

بەهای هەر سەرکردەیەک، بەستراوەتەوە بە مافی بوونییەوە، مەبەست لە مافی بوون، ئەوەیە کە دەبێت ئەو کەسە کاراکتەرێکی بنەڕەتی وەهای تیادا کارا بێت، مافی بوون بەو کەسە وەک سەرکردەیەک ببەخشێت، بە مانایەکی تر دەبێت ئەو کەسە هەڵگری سیفەتێک بێت کە زۆر تایبەت بێت، تا مانایەکی تایبەتیش بە دەوروبەرەکەی ببەخشێت، بۆ نموونە مەهاتما گاندیو نیلسۆن ماندێلا، ئەو دوو مرۆڤە کامڵو تایبەتە بوون کە مانایەکی تایبەتیان بە گەلەکەیان بەخشیوە، ئەو مرۆڤە تایبەتانە بە ئاراستەیەکدا هەنگاودەنێن، کە ئەو ئامانجەی چاوەڕوانکراوە، بەدیدەهێنن، ئەو دەزگایە یان رێکخراوەی کە بەدەسیانەوەیە، بە جۆرێ رایدەگرن، تا گوزەرانی ئەندامەکانی بە خۆشییەوە دابین بکەن، بە جۆرێک لە ژیان بیردەکەنەوە کە قوربانیدانی خۆیان بەخۆشحاڵییەوە دەبەخشنو چاویان نە لە کورسییەو نە تەماعێکیشیان لەم دنیایەدا هەیە.

زۆر دەمێکە بگرە ئەو کاتەش کە تاڵەبانیو بارزانی، هێشتا لە سەردەمی شاخیشدا بوونو لای گەلی کورد زۆر پیرۆزو پڕ بەها بوون، هەر ئەو کاتەش لەم سەرکردانەی کورد بە هیچ جۆرێک مافی بوونم نەدەبینییەوە، ئەو دەهۆڵەی لێیدەدەن کە گوایە بە هەڵبژاردن هاتوونەتە سەر حوکم، ئەوە چاوبەستێکەو هیچیتر نییە، چونکە ئەوانە کە هاتنەوە کوردستان لە پاش راپەڕین دەسەڵاتیان بێ هەڵبژاردن هەردەمێک بوو گرتبوویە دەست، لە سیستمێکی دیکتاتۆریدا گومان لەوەدا نییە کە هەڵبژاردنیش بکرێت، هیچ مانایەکی نییەو هیچ شەرعیەتێک بە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە نادات، پاشان شەڕێکی خوێناویی چەندساڵەیان ئەنجامداو ئەمیان بەپشتی حکومەتی ئێرانو ئەویشیان بە پشتی حکومەتی عێراق لە (١٩٩٦) دا یەکتریان راوناو شەرعیەتی ئەو حکومەتە ناشەرعیەشیان رووخاند، ئەوە دوایین هەڵبژاردنیشمان بینی، بە چ ساختەکارییەک بەڕێوە چوو، ئیتر ئەوان شەرعیەتی خۆیانو مافی بوونیان لە چیو لە کوێدا دەبیننەوە! هیچ کاتێک متمانەم بەم کەسانە نەبووەو زۆرجاریش دەرەنجامی رەخنەگرتنم لەم سەرکردانەی کە بە زۆری زۆردارەکیی بوونەتە سەرۆکمان، دووچاری گرفتو گلەیيو گازندەی کردوومەتەوە تەنانەت پاش ئەوەی هاتمە هۆڵەندا ساڵی (١٩٩٧)، هەر لەو ساڵەدا لەوێش رووبەڕووی لەو جۆرە گرفتە بوومەوە، هەر لەبەر ئەوەی وتم؛ ئەم مرۆڤانەی کە بوونەتە سەرکردەی ئێمە گشتیان دیکتاتۆرن، کۆمەڵێک کەس کە ئەوکاتە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوونو ئێستا لەناو گۆڕاندان، لەسەر ئەو قسەیەم، ویستیان دەستدرێژیی بکەنە سەرمو لەناو ماڵی خۆمدا لە هۆڵەنەدا ویستیان بێنە سەرم، منیش لەوانم پرسیو وتم: ئەرێ من لە هۆڵەندام، یان لەبەر دەرکی سەرام؟ لێرەش ئەو مافەم نییە بە ئازادیی رای خۆم دەربڕم!

ئێستا دەڵێم؛ هەزار ئۆخەی کەوا ئێستا نیو ملیۆن کوردی باشوور گەشتووەتە ئەو قەناعەتەی، کە بڵێ، بەڵێ ئەم سەرکردانەی کورد دیکتاتۆرن، لەوەتی هەن، بە جۆرێک سۆزی نەتەوایەتی بۆ مەرامو مەبەستی خۆیان بەکاردەهێنن، کە زۆر بەدەگمەن مرۆڤی کورد دەرک بەو خراپ بەکارهێنانەی ئەوان دەکات، بیرم دێت ساڵی (١٩٩١) لەبەر تەلەفزیۆنی (ی.ن.ک)دا لەگەڵ باوکم دانیشتبووین، تاڵەبانی لەو کاتەدا هاتە سەر تەلەفزیۆنو خوتبەیەکی دا، لەو خوتبەیەدا وتی: مژدە، ئەوا دەوڵەتی کوردی دامەزرا، ئا لەو کاتەدا باوکم لەتاو تاسەی دەوڵەتی کوردی لە خۆشیا گریا، منیش وتم؛ بابە گیان تۆ چۆن باوەڕ بەو قسەیە دەکەیت، ئەوە هەڵخەڵەتاندنی هەزاران دڵسۆزی وەک ئێوەیە، ئەوە گەمەیەکی سیاسییەو هیچ راستییەکی تیدا نییە، کەچی هەر ئەم تاڵەبانییە، پاش ئەوەی دەبێتە سەرۆک کۆمارو دەگاتە مەرامی تایبەتی خۆی، دەڵێت: دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانەیە، من خۆم ئەوەم دەزانی کە تا ئەمانە سەرکردەی کورد بن، بێگومانە، کە دەوڵەتی کوردی خەونێکی شاعیرانە دەبێت، چونکی خەونی ئەوان لە خەونی گەلەکەیان جیاوازە، بەڵام چۆن دەتوانن ئەمانە ئەو درۆیانە بکەنو جەماوەری کوردی پێهەڵخەڵەتێنن، بارزانی، هەر کە زەختی دەکەوێتە سەر ئیتر لە هەر لایەکەوە بێت، یان پەلاماری ئاڵای کورد، یان پەلاماری کێشەی کەرکوک دەدات، بۆ ئەوەی سۆزی نەتەوایەتی کورد بجوڵێنێتو جەماوەری کورد بەرەو خۆی کێش بکات، مەخابن زۆربەی جاریش ئەم پیلانانە سەریگرتووەو جەماوەرێکی زۆری کوردیان پێ مەستکردووە، ئەو رێبازەی کە بارزانی گرتوویەتیەبەر، نەک کەرکوکی بۆ نەهێنایەوە، بەڵکو سلێمانیشی لە دەستدا، زۆر خۆشحاڵم ئێستاکە نیو ملیۆن کورد چیتر بەم گەمەیە هەڵناخەڵەتێن.

ئەمان هەر لە سەرەتاوە کە رێبازی کوردایەتیان گرتووەتە دەستیان، رێبازێکی هێندە هەڵەیان گرتبووە بەر، کە زۆربەی جار، فرۆشتنی بەرژەوەندیی باڵای کورد بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیانی لێکەوتووەتەوە، هەر بە پەلە بۆ خۆدامەزراندنیان پەنایان بردووە بۆ ئەم وڵاتو ئەو وڵات، چەکو پارەیان لێوەرگرتوون، یەکەم: خۆیان کردووەتە کۆیلەی ئەم وڵاتانەو و دووەم: ئەو چەکە هێندەی بۆ ئەوە بووە کە بارزانیو تاڵەبانیی، دژ بە یەکتر شەڕ بکەنو ئەمیان ئەویتریان لەناو بەرێت، بۆ هیچیتر نەبووە، ئەم شەڕەی ناوشاخیشیان بۆ ناو شار گوێزایەوە، تا بۆیان لوا جەنگانو پاشان کە کەسیان ئەویتری بۆ لەناو نەبرا، بە ناچاریی کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، ئەمە جگە لەوەی بۆ رازیکردنی ئاغاکانیان، چیان بوویستایە دەیانکردو سڵیان لە هیچ نەدەکردەوە.

ئەمانە کە لافی دیموکراسیەت لێدەدەن، لە چ قوتابخانەیەکی دیموکراسی دەرچوون؟! یان لە چ کەلتوورێکی دیموکراسیدا پەروەردە کراون؟! مرۆڤ بە دیموکراسی لەدایک نابێت، بەڵکو دیموکراسیەت فێربوونو مومارەسەیە، ئەمانە هەروەک دەسەڵاتییان بە وەرەسە وەرگرتووە، وەیانزانیوە دیموکراسیەتیش هەر بە وەرەسە بۆیان دەمێنێتەوە، ئەوان بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە دیموکراسین، پێویست بوو هەروەک ماندێلا، پاش (٢٦) ساڵ بەندیخانەو بێ ئەوەی منەتێک بەسەر خەڵکیدا بکات، کورسی حوکمی جێهێشت، ئەمانیش دەستیان لە حوکم هەڵگرتایە، نەک سەرباری ئەوەی کە ئەوەشیان نەکردووە، منەتمان بەسەرا بکەن، ئاخر ئەمانە لە کوێوە فێری دیموکراسیەت بوون، تا ئەمرۆکە بتوانن دیموکراسییانە بژینو دیموکراسییانە حوکم بکەن!

بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی بزافی گۆڕان، لەژێر سانسۆری ئەو بزافەدا بەتایبەتی لەکاردانەوەی ئەوان بۆ بەیانە حەوت خاڵییەکەی گۆڕان، تاڵەبانیو بارزانیو شوێنکەوتووانیان، سیفاتی ترساندیان تێدا دەرکەوت. ئەگەر ئەم مرۆڤانە لەناو شاخدا ئەم رەفتارانەیان بۆ شارابێتەوەو لەناو شاریشدا بۆ ماوەیەک شاردبێتیانەوە، گومان لەوەدا نییە ئەو هەرێمەی دایانمەزراند، ئەوەی دەرخست لەبری کوردستانێکی ئازاد، ئاوەدانو بەختیار، ئەوە جەنگەڵستان، گەندەڵستانو کوردستانێکی وێرانیان وەبەرهێنا، واتە جیهانی شاراوەیان لە رەفتاری ئاشکرایاندا دەناسرێتەوە، گەر ئەمانە هەر لە سەرتاوە ئەم کاراکتەرانەیان هەبووبێت، شایانی ئەوە نەبوون سەرکردایەتی کوردیان بەدەستەوە بێت، واتە هەر لە سەرەتاوە ئەمانە مافی بوونیان نەبووە، وەلێ بۆ مرۆڤی کورد دەرنەکەوتووە، خۆشبەختانە وا ئێستا ناسرانەوە، زۆرجار نیگەران دەبووم بەوەی ئاخۆ ئەم سەرۆکە کوردانەش وەک دیکتاتۆرەکانی تری جیهان بە شکستی ئەم سەرزەمینە جێدەهێڵن؟ هەمیشە ئەم پرسیارەم لەخۆم دەکرد، هەرجارەی شتێک، یان رووداوێک بە خەیاڵمدا دەهات کە ئەمانیش ئاشکرا بکاتو نوشستی خۆیان بە چاوی خۆیان ببینن، هەرگیز چاوەڕوان نەبووم وا بە زوویی ئەمانە بۆ جەماوەری کورد ئاشکرابن، خۆزگەم بەوە نەدەخواست کە هەرەسی دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵات بە جۆرێک بێو لە کاتێکدا بێ، کە تاڵەبانیو بارزانی لەسەر کورسی دەسەڵات بنو ئەو شاڵاوە ئەوانیش بگرێتەوە، بەڵام وادیارە شایستەی ئەوەن، بۆیە ئەوانیش بەر ئەو شەپۆلە کەوتن، لێرەشدا ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە ئەگەر کۆمەڵگە هوشیار بێت، ئەم جۆرە کەسانە ناتوانن ببنە سەرکردەیان.

## دەسەڵاتی ترسنۆک



رەزا جەبار

یەکێک لە نیشانەو خاسیەتەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، ترسنۆکییە، ترسنۆکیی بەو مانایە نا، گەر هاوڵاتی، یان ئۆپۆزسیۆن رەخنەیەکی جدیی خستە روو، ئیدی ئەو لەترساندا بێدەنگ بێتو قبووڵی هەموو بەرنامەو پرۆژەو رەخنەیەک بکات، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ترسەکەی بە جۆرێکە هەرکەس فزەی لێوە بێت، ئەو زمانی دەبڕێت، هەرکەس دەنگ بەرز بکاتەوە، ئەو خەڵتانی خوێنی دەکات، هەرکەس لە ریتمی ئەو ژیانە دەربچێت کە ئەو دروستی کردووە، ئەو وەک ئەوەی شەرعیەتی لە ئاسمانەوە وەرگرتبێت فەتوای سیاسیی دەردەکاتو دەیکات بە دوژمنی هەمووانو بەخیانەتکردن مەحکومی دەکات.

ترسنۆکیی سیفەتێکی بەردەوامی دیکتاتۆرەکانە، نەخۆشییەکی دەروونییە بەردەوام لەگەڵیاندا دەژیو تا کۆتایی ژیانیان لەکۆڵیان نابێتەوە، گەر بپرسین ئەم ترسەی دیکتاتۆر بۆچی؟ ئەوا وەڵامەکەی لە کردەوەکانی سەرکردەی دیکتاتۆرو دامودەزگاکانی سیستمی دیکتاتۆرییەوە سەرچاوەکەی وەردەگرین.

سەرکردەی دیکتاتۆرو دەسەڵاتەکەی بە هۆی دروستکردنی ژیانی جیاوازی کۆمەڵایەتی هاوڵاتییان مەحکوم دەکەن بە دۆزەخێک بە ناوی ژیانەوە، بە بێگومان قبووڵیان نییەو ئەو جۆرە ژیانەیان ناوێت، هەروەک لەو رێگەیەوە دنیایەک دێننە بەرهەم چەمکێک بە ناوی «یەکسانیی»، نەک لە ژیانی هاوڵاتییاندا بە گشتیی بوونی نییە، بگرە لە ژیانی هەموو ئەوانەشدا بوونی نییە، کە بەشێکن لە دەسەڵات، واتە یەکسانیی لەنێو نوخبەی دەسەڵاتداری دیکتاتۆریشدا ئامادەیی نییە! لە لایەکی دیکەوە دیکتاتۆرییەت بڕوای بە یاساگەلێک هەیە، لەبری ئەوەی بە یاسا ماف بۆ خاوەن مافەکان دیاریی بکات، بەڵکو بە یاسا ماف وەردەگرێتەوە، ئیدی ئەو مافە، هەرجۆرێک لە جۆرەکانی مافی مرۆڤ بێت، یەکێکی دیکە لە خاسیەتەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری گەندەڵییە، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین؛ گەندەڵیی لە سیستمی دیکتاتۆریدا جیاوازییەکەی لەگەڵ سیستمەکانی دیکەی حوکومڕانیی ئەوەیە، لە لای دەسەڵاتی دیکتاتۆر گەندەڵییو بردنی سەروەتو سامانی گشتیی بە بەرچاوی هەموانەوەیەو بە ئاشکرا گەندەڵیی دەکرێت، بە جۆرێک خودی دەسەڵاتەکە دەیدرکێنێو دەڵێت: «راست دەکەن، ئێمە گەندەڵین». ئەمە جگە لە دەیان خاسیەتی دیکەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییو سیستمە دیکتاتۆرەکان.

هەر بۆیە ناومانناوە دەسەڵاتی ترسنۆک، چونکە خودی دەسەڵاتەکە لە هاوڵاتییان باشتر دەزانێت رۆژانە چ غەدرێکی گەورە ئەنجام دەدات، خۆی باش دەزانێت چ دنیایەکی پڕ لە جیاوازیی دروستکردووە، هەر دەسەڵات خۆی باش دەزانێت لە ئەنجامی کردەوەکانییەوە چ کارەساتێکی خوڵقاندووە، بە چەشنێک خۆخواردنەوەی هاوڵاتییان وا دەکات رۆژێک ئەو دەسەڵاتە رووبەڕووی لابردنو پاشان دادگایکردن بکاتەوە، ئینجا داوای ژیانێک بکات کە شایستەی مرۆڤبوونی بێت، ئەو ترسەی خستمانە تەنیشت دەسەڵاتەوە ئا لەم ساتەوەختەدا دروست دەبێت کە مرۆڤ ئیتر قبووڵی شکاندنی کەرامەتی مرۆڤبوونی ناکات. بە پێچەوانەشەوە لە لای دەسەڵاتی دیموکراتی، بەردەوام لەبری ترس بوێریی بوونی هەیە، تا ئەو رادەیەی ئەوانەی دەسەڵاتدارن، گەر کێشەیەک لە جۆری بەڕێوەبردنیاندا هەبێتو ببێتە هۆکاری توڕەبوونی هاوڵاتییان، دیسان بوێرنو ناترسن، چونکە لە لوتکەی کاردانەوەیاندا هاوڵاتییان داوای دەستلەکارکێشانەوەی دەسەڵات دەکەن، بێگومان دەسەڵاتیش لەگەڵ داوایەکی لەوجۆرەدا کێشەی نییە، چونکە لە بنەمادا کورسی دەسەڵات تاپۆی کەس نییە.





٢٠١١/٢/٢٥ یەکێک لە درۆشمی خۆپیشاندەران

فۆتۆ: هیوا جەمال

بۆچوون

سەمەد بێتواتەیی: ئەگەر شۆڕش لەپێناوی ئاوەدانییو بووژانەوەی وڵات بووە، ئەمڕۆ کاربەدەستان مافیان نییە فەرهودی داهاتی وڵات بکەن

## خۆپیشاندان... بەرەو ڕێگەی سێیەم



کارزان محەمەد

خۆپیشاندانو ڕێپێوانی ئەم دوایییەی چەند شارو شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستان بۆ گەیاندنی دەنگی داواکانیان بە دەسەڵات، بە پێچەوانەی هەموو ئەو کەسانەی بە گێرەشێوێنو ئاژاوەگێڕ ناوزەدیان کردن، هەوڵێکی دیموکراسیانەی نائۆرگانیزەکراو بوو لەپێناو ئەو هەقیقەتەی دەسەڵاتی کوردی هەروەکچۆن لەناو هەناوی جەماوەرەوە هەڵقووڵاوە، بە هەمانشێوەش دەبێ لایەنی کەم کار بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ژیارییەکانی خەڵک بکەن، ئەگەرنا ئەم جۆرە ناڕەزایەتیانە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زیادبوون دەچنو هاتنە ئارای چەند ڕەفتارێکی توندوتیژیش، لە بەهای راستەقینەی ناڕەزایەتییەکان کەم ناکاتەوە.

دەسەڵاتی کوردی کە ئێستا خاوەنی حکومەتێکی یەکگرتووەو لەسەر ئاستی عێراقیش چەند پۆستێکی گرنگی هەیە، هەرگیز نابێ ئەو هەقیقەتە فەرامۆش بکات کە سەرکەوتنو شانازییەکانی بەندن بە کێشکردنی ڕەزامەندیی هاوڵاتییەکانییەوە، هەر جەماوەریش ئەو دەسەڵاتەی پێبەخشیونو لە ساتی دوورکەوتنەوەیاندا، کۆتایی بە ڕەوایەتی دەسەڵاتەکەش دێت.

ئەمڕۆ کە یەکێک لە خەسڵەتە جوانەکانی دیموکراسیش بڕوابوونە بە نوێبوونەوەو خۆریفۆرم کردن تا بتوانرێ لەگەڵا هەلومەرجی کاتو شوێندا، ململانێ بۆ ڕازیکردنی زۆرترین ژمارەی خەڵک بکرێت، دەسەڵاتی کوردیش لە چەند ڕوویەکەوە پێویستیی بە بەخۆداچوونەوەیەکی بەرفراوان هەیە، کە لە سێ ئاراستەوە دەتوانرێ کاری لەسەر بکرێت.

یەکەمیان: ئەکتیڤکردنی دەسەڵاتی لێپرسینەوەیە لە هەموو ئەو بەرپرسو دامەزراوە حکومییو حیزبیانەی بوونەتە مایەی ناڕەزایی جەماوەر، باشترین نموونەش ئەوەیە، کە بۆچی بەرپرسێک، یان دامەزراوەیەکی حکومیی هەتا جەماوەر دەست نەداتە خۆپیشاندانو ڕێپێوان، ئامادە نییە چەند داواکارییەکی سادەی وەک دابینکردنی سووتەمەنی، ئاوو کارەباو ڕێگەوبانێکی شیاو...هتد دابین بکات؟.

دووەمین: ئاراستەی حکومەت، دروستکردنی پردێکی پەیوەندییە لەنێوان خۆیو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانو جەماوەردا، بەو مانایەی هەر لە ساتی هەڵبژاردنو دەنگداندا خەڵکو گروپەکانی فشاریان بیر نەکەوێتەوە، بەڵکو هەمیشە میکانیزمی کارکردنیان لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی خەڵک بێت، نەک ڕەزامەندیی بەرپرسێک، یاخود کۆمپانیایەک، لەمڕووەوە لە مێژووی گەلانی جیهانیشدا، چەندین ئەزموونی حکومڕانیی هەن گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، کە ئەو کاتە دەسەڵاتێک مەحکومە بە شکستو دۆڕان کە لە هاوڵاتییەکانی داببڕێت، بە پێچەوانەشەوە هەتا ڕێژەی ریفۆرمی راستەقینەو پرۆسەی بەخۆداچوونەوە لە حکومەتێکدا پیادە بکرێت، بە هەمان ئاستیش سەرکەوتن بۆخۆی مسۆگەر دەکات.

ئاراستەی سێیەم: بەرنامەی حکومەتە بۆ دوورخستنەوەی بارەگا حیزبییەکان لە شەقامە قەرەباڵغەکانەوە بۆ دەرەوەی شار، تا سیمایەکی مەدەنیو جەماوەریی بە ناو شارەکان بدرێتو خودی ئەو بارەگایانەش ئاسوودە بن لە هەر گرفتێک.

دواهەنگاویش؛ کە زیاتر پەیوەستە بە ستراتیژێکی دوورمەوداوە، کارکردنە بۆ بەدابەشکردنەوەی ڕۆڵەکان لەناو خەڵکدا، ئەویش لە ڕێگەی ئەنجامدانی پرۆسەکانی هەڵبژاردن بۆ ڕێگەخۆشکردن لەپێناو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی تا بەشداریی لە دەسەڵاتدا بکەن.


هێزە جەماوەرییو ئۆپۆزسیۆنەکانیش چەند ئەرکێکیان دەکەوێتە ئەستۆ. ئەو جەماوەرەی ئەمڕۆ ڕژاونەتە سەرشەقامەکان، لە چەند دەیەی ڕابردوویشدا ئەرکی شۆڕشی کوردیان لە ئەستۆدا بووە، هەنووکەش کەم تا زۆر خاوەنی گرفتی تایبەت بە ناوچەکەی خۆیانن، لە کاتی نەهاتنەدی هەر داواکارییەکی ڕەوادا مافی خۆیانە کە بە شێوازێکی دیموکراسیانە، کە باوترینیان خۆپیشاندانو ناڕەزاییە، داخوازیی خۆیان ئاراستە بکەن.

ئەوەی لێرەدا پێویستە هێزە ئۆپۆزسیۆنو جەماوەرییەکان ئەنجامی بدەن، کارکردنە بە چەند ئاراستەیەک:

– یەکخستنی گوتارو دەستنیشانکردنی داواکارییەکانی جەماوەرو هێزی ئۆپۆزسیۆن، بە شێوەی داخوازیی هەنووکەییو ئایندە، بە مەرجێک خشتەی کات بۆ جێبەجێکردنیان دەستنیشان بکرێت، واتە (مەسەلەی کات)ی پراکتیزەکردنی داواکارییەکان نەکرێتە لاستیکیی.

– دوورخستنەوەی خۆپیشاندان لە توندوتیژیی، بەو مانایەی گەنجانی ناڕازی تا دەگاتە هێزەکانی چالاکیە مەدەنییەکانو ئاسایش، هەر کوڕی ئەم میللەتەنو کاتێکیش جەماوەر لەسەر هەق بێت، ئەوا پێویست ناکات لە سنووری دیالۆگ بچینە دەرەوە، پەیامیش تا ئەو ساتە شیاوی ئاڵوگۆڕو تێگەیشتنە لەنێوان دوو بەرەدا کە فۆرمێکی ئاشتیانە بەخۆوە بگرێت.

لە سیستمی دیموکراسیدا، دەشێ جگە لە (لوولەی تفەنگ)و (بەردی خۆپیشاندەر)، دەستنیشانکردنی مێزی دیالۆگ بە یەکلاکردنەوەی گرفتەکانو بەدیهێنانی داواکارییەکان، بە ڕێگەی سێیەم دابندرێت، کە ئێستا گەرمەیەتی.




٢٠١١/٢/٢٥ یەکێک لە دروشمی خۆپیشاندەران

فۆتۆ: هیوا جەمال

# لە نێوان ماکیاژو چاکسازیی سیاسیدا



سەمەد بێتواتەیی

سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی تونسو میسرو دواتریش بە سەرکەوتن گەیشتنیانو هەڵتەکاندنی تەختی تاکڕەوییو حیزبی قائد، ئنجا پەڕینەوەی پریشکی ئاگری شۆڕش بۆ وڵاتانی ناوچەکە لە چەند ڕۆژێکی کەمدا، ئەگەر هۆکارە بابەتییەکانی ئەو شۆڕشانە لە ناوخۆی ئەو وڵاتانەدا بریتی بێت لە سەرکوتی دەیان ساڵەی ئازادیییە گشتییو تایبەتییەکانی هاوڵاتی، ئەوا لە سەرێکی ترەوە بەرهەمی پێشکەوتنە سەرسووڕهێنەرەکانی بواری گەیاندنو پەیوەندییەکانن لە دنیادا، وەک: (ئینتەرنێت، مۆبایلو سەتەلایت)، هەر لەبەر ئەوەش بوو لە ڕاگەیاندنەکاندا بە شۆڕشەکانی فەیسبووکو تویتەر ناسران.

هەر لەگەڵ دەرپەڕاندنی زەینەلعابدین، لە تونس کاربەدەستانی وڵاتانی دەوروبەر کەوتنە خۆو دەستیان کرد بە هەندێک هەنگاوی رووکەش بە مەبەستی چەواشەکردنی شەقام، بەڵکو بتوانن ڕێگە لە گۆڕانی ریشەیی بگرن، شا عەبدوڵڵای کوڕی حسێن، لە ئەردەن بڕیاری دا بۆ هەر فەرمانبەرێک مانگانە بیستو هەشت دۆلار لە مووچەکەی زیاد بکرێتو نرخی سووتەمەنیو نان هەرزان بکرێت، ئەم هەنگاوە بە پەلەو کتوپڕانە کۆمەڵێک پرسیار دێننە پێشەوە: ئایا پێشتر تیکڕای مووچە لە ئاستی پێویستییەکانی ژیان نەبووە؟ ئەگەر لەو ئاستە نەبووە بۆچیو کێ لەوە بەرپرسە؟ دیارە وەڵامی هەموو ئەوانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە نەخێر سەرچاوەکانی داهاتی وڵات کەم نین، بەڵکو ئەوە ئێوەی دەسەڵاتدارن کە ناتانەوێت گەلەکانتان تێرو ئاسوودەو ئازاد بن، گەر وانییە بە (کن فیکون)ێک ئەم پارەیە لە کوێ هات؟!

### سیناریۆی گۆڕینی حکومەت:

دەڵێن؛ جارێکیان ڕاوێژکارەکانی حوسنی موبارک، باس لەوە دەکەن بە سەرۆک بڵێن جەنابت دەمێکە سەرۆکی وڵاتیتو میسریش پێویستی بە گۆڕانەو واچاکە واز لە سەرۆکایەتی بهێنی، بەڵام هیچیان لە خۆیان ڕانابینن ڕووبەڕوو ئەمەی پێ بڵێن، تا لە ئەنجامدا گەورە ڕاوێژکارەکەی ئەمەی پێ دەڵێتو لە وەڵامدا موبارەک دەڵێت: بۆچی گەلی میسر بڕیاری داوە بڕوات؟ واتە تا گەلی میسر نەڕوات منیش ناڕۆم!! من بەش بە حاڵی خۆم نازانم، ئایا هەر بەڕاستی ئەو وتووێژە ڕوویداوە، یان وەک نوکتەیەکی سیاسیی دروستکراوە بۆ تەعبیر لە لەخۆباییبوونی ئەو تەرزە سەرۆکانە؟ بەڵام شەوی ١٦-٢٠١١/٢/١٧ دروشمێکی هاوشێوەم بەدەست گەنجێکی یەمەنییەوە بینی لێی نووسرابوو (النظام یرید رحیل الشعب)، واتە: ڕژێم دەیەوێت گەل بڕوات!!! حوسنی موبارک، دوای سی ساڵ سەرۆکی (عومەر سلێمان)ی کردە جێگری خۆی گوایە دەسەڵات دابەش دەکات!

ئنجا ئەحمەد نزیفی، سەرۆک وەزیر لادەباتو ئەحمەد شفیقی، لە شوێن دادەنێت .... هتد.

بەڵام گەلی میسر پاش ئەو هەموو ساڵە لە سەرکوتو پەنگخواردنەوەو گەندەڵییو سووکایەتی پێکردن، ئیدی لەوە ئازاترو هوشیارتر بوون بە هەندێک ماکیاژی سیاسیی ڕووکەشی ڕژێمەکە فریو بخۆن.

### ئامانجو هۆکاری پشت ئەو شۆڕشانە:

لە گشت ئەو شۆڕشو ڕاپەڕینانەی باکووری ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە، کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە زۆر بە جدیی لە هەوڵی ئەوەدابوون وا وێنای ئەو شۆڕشانە بکەن، گوایە تەنیا لەپێناو چاککردنی بازاڕو هەندێک گرفتی ئابووریی سەریان هەڵداوەو هیچ شتێک ئەو شۆڕشە جەماوەرییە فراوانانە لەگەڵ سیاسەتو سەقەتی سیستمی سیاسییو تاکڕەوییو ژێرپێخستنی ئازادییەکان پێکیانەوە نابەستێتەوە، گوایە جەماوەر قسەیەکی ئەوتۆی لەسەر کۆی سیستمی سیاسییو حیزبو شاو سەرۆکەکان نییە!

سەبارەت بە لیبیاش هەر زوو سەرهەنگ قەزافی، بۆ بەرگرتن لە شۆڕشی لیبییەکان بیستو چوار ملیار دۆلاری تەرخان کرد بۆ سێکتەری نیشتەجێکردنو بەپێی هەندێک هەواڵ مووچەی فەرمانبەرانیشی بە ڕێژەی (١٠٠٪) زیاد کردووە، سەیرکەن لیبیایەک کە پانتاییەکەی (١٧٦٠٠٠٠) کیلۆمەتری چوار گۆشەیەو ئاو و هەوای جۆراو جۆری هەیەو یەک لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی دنیایەو ژمارەی دانیشتووانیشی نزیکەی (حەوت) ملیۆنێکە، ئاخر ئەگەر سەقەتی سیستمی سیاسیی نەبێت، بۆچی دەبێت دەیانو بگرە سەدان هەزار هاوڵاتی لیبیا هێشتا پێویستییان بە کونجێک هەبێت تیایدا بژین!! سەرهەنگ قەزافی، زۆر یارمەتی گەلانی تری داوە بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی، بەڵام کە کار دەگاتە سەر مافو ئازادیی خەڵکی لیبیا (شئونی داخلی)، ئەوا هاوکێشەکان پێچەوانە دەبنەوە، ئەو مافو ئازادییانە بە لیبییەکان ڕەوا نابینێت، ئا لێرەدایە یارمەتیدانی گەلانی تریشی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

سەرنج بدەن تەعلیقی قەزافی، بۆ شۆڕەشەکانی دژ بە بن عەلیو موبارک چی بوو، ئەو وتی: تونسیەکان بۆیە رقیان لە بن عەلی یە، چونکە ژنەکەی ترابلسییە واتە لیبییە! سەبارەت بە موبارەکیش قەزافی، وتی: موبارەک گەندەڵ نییەو پارەی ئەو قاتەی نییە لەبەریایەتیو ئێمە یارمەتی دەدەین!! بەڵام ئێستا تونسیو میسرییەکان مافی خۆیانە لە (اخ القائد) بپرسن: ئەی ئێستا خەڵکی لیبیا بۆچی رقیان لە تۆیە؟!!

شای بەحرەینیش لەجیاتی چاکسازیی سیاسیی بکاتو گوێ لە دەنگی گەل بگرێت، بڕیار دەدات هەر خێزانێک هەزار دیناری بداتێ، ئەمەش وێڕای ئەوەی سیناریۆیەکی بێمانایە، دەیەوێت شا بە بەخشندەو گەلیش بە سواڵکەرو چاوبرسیی وێنا بکات، کە ئەمەش شێوازێکی ترە لە بە سووک سەیرکردنو چاو شکاندنی جەماوەر.

وا پێدەچێ سوریاش هەژارانی وەبیر هاتبێتەوەو پارەیان بەسەردا پەخش دەکات !!!

لەسەر زاری بەرپرسێکی عێراقی، شەوی ١٦-٢٠١١/٢/١٧ (الجزیرە) وتی: لە عێراقدا تەنیا ساڵی ٢٠١٠، (٣١) سیو یەک ملیار دۆلار چووەتە گەندەڵییەوە!! هەروەها زیاتر لە (٤٠٠٠) بەرپرس لە لایەن دەزگای نەزاهەوە داوا کراون بۆ دادگاییکردن، بەڵام لەوە ناچێت حیزبەکان بیانەوێت ئەو دزانە ڕادەستی دادگا بکەن!!!

هەموو ئەو دەرسو پەندانە پێماندەڵێن: خەباتو تێکۆشانی ڕابردوو ئەگەر بە ڕاستی لەپێناوی ئازادییو دیموکراسی گەلدا بووبێت مافی ئەوە ناداتە کاربەدەستان پەراوێزی ئازادییو دیموکراسی لە هەمان ئەو گەلە بەرتەسک بکەنەوە.

هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن: ئەگەر شۆڕش لەپێناوی ئاوەدانییو بووژانەوەی وڵات بووە، ئەمڕۆ کاربەدەستان مافیان نییە فەرهودی داهاتی وڵات بکەن.

هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن: ئەگەر خەبات لەپێناوی نەوەی دوارۆژی میللەت بووە، پێویست ناکات هەموو ڕۆژێ بەچاوی ئەو نەوەیەدا بدرێتەوە.

شۆڕشەکانی فەیسبووکو تویتەرو یوتیوب، پێماندەڵێن: ناکرێتو نابێت دەسەڵات تا هەتایە گەل بە مێگەلو گاگەل تێبگات.

ئەو شۆڕشانە پێماندەڵێن: دەسەڵات لە وڵاتە دیکتاتۆرییو نیمچە دیموکراسییەکاندا (٣) ڕێگەی لەبەردەمدایە:

١/ یان ئەوەتا چی کردووە هەر وا دەکات، واتە هیچ نابینێت لە ڕەنگو سێبەری خۆی زیاتر، هیچ نابیستێت لە ئاوازو دەنگدانەوەی خۆی زیاتر.

٢/ یان ئەوەتا دەست دەداتە پرۆسەیەکی بەناو چاکسازیی، بەڵام نیوە ناچڵو لە ماکیاژی سیاسیی جوانکاریی ڕواڵەتی دەرەوە شتێکی تر نییە، دیارە ئەمەش تەنیا (مسکن)ێکی کاتیو زووتێپەڕە، چونکە لە ڕاستیدا ئەوانە چاکسازیی نین، لەبەر هیچ نا، لەبەرئەوەی لە دواجاردا حکومەت بریتییە لە دەزگایەکی دەستەمۆی حیزب!.

٣/ یان ئەوەتا شان دەدەنە بەر چاکسازییەکی ڕاستەقینە، ئەمەش بەوە دەبێت کە سەرەتا ویستێکی ڕاستەقینەی چاکسازیی لە لای حیزب دروست بووبێت، دوای ئەوە دەست بکرێت بە بەرنامەیەکی فراوانی هەمەلایەنە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسییو دەستووریو یاسایی نیشتمانیدا.

چونکە ئەگەر پاش ئەم هەموو ساڵە لە وەستانی شەڕی ناوخۆو ئازادکردنی عێراق هەر نەتوانرێت حکومەت یەکخەنەوە، نیشانەی ئەوەیە کە نایانەوێت یەکیبخەنەوەو هەرگیز ئەو دوو حیزبە باوەڕ بە یەک ناکەن، هەر ئەمەش بوو خاڵی سەرەتای گشت کێشەکانی ئەم هەرێمە، لە کۆتاییدا من ئاواتەخوازم کاربەدەستانی وڵاتەکەم ڕێگەی سێیەم هەڵبژێرنو سنوورێکیش بۆ نەهامەتییەکانی ئەم گەلە دابنێن.

بۆچوون

## د.محەمەد ئەمین: تا کەی چاوەڕوانی ئەوەبین لەشکرێکی نیشتمانیمان هەبێت سەر بە حیزبەکان نەبن؟

# سەرۆکەکان جیاوازن



ئازاد چالاک

لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، کاتێک هاوڵاتییەک لەوپەڕی دنیاو دوور لە وڵاتو سەرۆکە دیموکراتخوازەکەی خۆی تووشی مەترسییەک دەبێتەوە، یاخود هەڕەشە لە ژیانی دەکرێت، حکومەتی ئەو وڵاتە لە ڕێی سەفارەتو کونسڵگەرییەکانیەوە پارەو ئیمکاناتێکی گەورە دەخاتە خزمەت پرۆسەی ڕزگارکردنو نەقڵکردنی هاوڵاتییانی خۆی، جا چ ئەوانە بن کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەوێن، یاخود ئەوانەش کە بیانین، بەڵام ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان هەڵگرتووە.

ئەم پەرۆشیی و بەتەنگەوەهاتنەی بەرپرسانی وڵاتە دیموکراسیەکان بۆ ژیانو گوزەرانی هاوڵاتییانیان لە هەر شوێنێکی ئەم زەمینە فراوانە، وا لە هەموو تاکێک دەکات کە هەست بکات چەند مرۆڤێکی بەنرخە لای سەرکردەو لای ئەو سیستەمەی وڵاتەکەی بەڕێوە دەبات، هەر بۆیە ئەویش ئەو هەستونەستە پاکو ئینتیمایەی بۆ گەلو نیشتمانەکەی بەهێزتر دەبێتو متمانەی زیاتریشی پێ دەبەخشێت.

سەرۆک لەوێ بە یەک چاو سەیری هاوڵاتییانی خۆی دەکات، جیاوازیی لەنێوان ئەندامی حیزبەکەی خۆیو حیزبێکی تر ناکات، جگە لەوەش جیاوازیی نێوان هاوڵاتییەکی ئاسایی لەگەڵ بەرپرسێکی حیزبەکەی ناکاتو کە لێیان دەقەومێ هەموو هەر هاوڵاتیی دەرەجە یەکنو هەندێکجار سەرۆکو بەرپرسان گرنگیی زیاتر بە هاوڵاتییانی ئاساییو ژنو منداڵ دەدەن لە کەسێکی سەر بە حیزبەکەیان، یان حکومەتەکەیان.

لە کوردستانەکەی خۆمان کە تائێستا بەدەر نییە لە شێوازو بیرکردنەوەو ڕەفتاری دەوڵەتە دیکتاتۆرییو دواکەوتووەکانی دەوروپشتمان، بێ هیچ دوو دڵییەک سەدا سەد پێچەوانەی ئەو وڵاتو سیستمانەیە کە زۆر جار بەرپرسانی کوردستان خۆیانی پێ دەشووبهێنن.

خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی شاری سلێمانیو ناوچەکانی تر جارێکی تر لەو خەوە خۆشە ڕایچڵەکاندینو پێیوتین؛ ئێمە وەک تونسو میسر نین، ئێمە زیاتر لە سەرۆکی لیبیا نزیکترین، ئێمە ئامادەین بە خوێنساردییەوە تەقە لە هاوڵاتییانی ناڕازیی خۆمان بکەین، تاوانباریان بکەین، ڕاپێچی دەزگا ئەمنییەکانیان بکەین.

هاوڵاتییانی کورد بەدەر لە سیناریۆ ئامادەکراوەکانی دەسەڵات، پەلاماری دامودەزگای حکومەتو تەنانەت بارەگا حیزبییەکانیشیان نەداو نەیان سووتاندن، کەچی ئەو هەموو کوشتارو بریندارەیان لێکەوتەوە، لەجیاتی خۆپیشاندەران دەسەڵات هەر خۆیان کەناڵی ئاسمانیی سەربەخۆی (نالیا)یان سووتاندو هێزە سەربازییەکانیان خستە ئینزارەوەو جوڵەیان پێکردنو لولەی دەبابەکانیان ئاراستەی ئۆپۆزسیۆنی بێ چەکو نەخشەی داگیرکردنو قەتڵو عامی شاریان دارشت.

باوکی ڕێژوان، بە چاوی پڕ فرمێسکو دڵی پڕ لە قووڵپی گریانەوە وتی؛ با خوێنی کوڕەکەم دوا خوێنو دوا شەهید بێتو کوڕەکەی کردە قوربانیی پاراستنی بارودۆخی کوردستانو ئارامیی شاری سلێمانی، کەچی دەسەڵات ئەو قسانەی بۆ مەرامی سیاسیی بەکارهێنا، سەرۆک لە جیاتی ئەوەی لە خۆی بپرسێت؛ بۆچی هاوڵاتی کوردستان ئەوەندە بەتەنگ شارو خەڵکو خوێنی هاوڵاتییانی ترەوەنو بۆچی ئەوەندە خۆڕاگرنو دنیا کاول ناکەن، ئەی بۆچی ئەوانی خاوەن دەسەڵات وا بە ئاسانییو بێ سێو دوو بێ هەستکردن بە هیچ بەرپرسیارێتییەک خەڵک بە گێرەشێوێنو دەستی دەرەکیی تۆمەتبار دەکەنو ئەمری تەقەکردنو ڕەشەکوژیی بەرامبەر هاوڵاتییانی خۆیان دەردەکەن، هەقە سەرۆک لە مەکتەبی سیاسییەکەی خۆی بپرسێ، بۆچی وەک خەڵکی کوردستان لێدوانەکانیانو ڕەفتاریان ژیرانەو ئاشتیخوازانە نەبوو؟!

من دڵنیام ئەگەر ئەو کوژراوانە هی هەر بەرپرسێکی ئەوان بوایە، ئەوا سەدان ڕێژوانو باوکی وەک (حاجی عەلی کاشی)یان دەکوشت، بە دوژمنو خیانەتکار تۆمەتباریان دەکردن، ئەو گیانی لێبووردنەی هاوڵاتییانیان بۆخۆیان بەڕەوا نەدەبینیو بە زمانی تۆڵەسەندنەوەو (تەعدا قبووڵنەکردن) شەڕێکی خوێناوییان هەڵدەگیرساند.

گەنجانی زانکۆو سەرای سلێمانی بە گوڵ ڕووبەڕووی پێشمەرگە بوونەوەو بۆ قەرەبووکردنەوەی بارەگای لقی چواری پارتی بانگەشەی کۆکردنەوەی پارەیان بۆ جامو شووشە شکاوەکانی ڕاگەیاند، بەڵام نە سەرۆکو نە بەرپرسانی حیزب هەتا ئەمڕۆ دانیان بەوەدا نەنا کە ئەوان هەڵەیان کردووەو خەڵکیان شەهیدو بریندار کردووەو داوای لێبووردنیشیان لە خەڵکی تووڕەی کوردستان نەکرد.

سەرۆکەکانمان خۆیان لە سەروو خەڵکو لە سەروو نیشتمانەوە دەبینن، خۆیان بە موقەدەسو خەڵکیش بە پێپەتیو کۆیلە سەیر دەکەن.

کاتی ئەوە هاتووە، سەرۆکەکانی کورد چەند پلەیەک بێنە خوارەوەو نزیکتر ببنەوە لە هاوڵاتییان، چونکە ئێستا خەڵکو ئەوان لە دوو دونیای زۆر جیاوازدا بیردەکەنەوەو ژیان بەسەر دەبەن.

سەرۆکەکانمان دەبێت بزانن هەموو شتێک تەمەنێکی هەیەو هەموو قۆناغێکیش لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی جیاوازەو بە یەک شێوە مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

REKLAM

پڕۆژەی یەکێتی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان/ لقی سلێمانی
بۆ پەرەپێدانی ئابووری کوردستان

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی پێداتێدەپەڕێتو هەموو لایەک بەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێن، ئێمە لەیەکێتی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان/ لقی سلێمانی لەڕوانگەی هەستکردنمان بەبەرپرسیارێتی ئەم پڕۆژەیە بۆ پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان دەخەینە بەردەستی پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستانو کەرتی تایبەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەستی تاوتوێکردنو خستنەبواری جێبەجێکردنەوە.

• پڕۆژەی کورت خایەن

١- تاوتوێکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١١ بەشێوەیەکی شەفاف لەگەڵ ڕێکخراوە ئابووریەکانو کەرتی تایبەتو کەسانی شارەزاو پسپۆڕ پێش پەسەندکردنی لەپەرلەمانی کوردستان.
٢- خانەنشینکردنی هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە تەمەنیان چۆتە سەروو ٦٠ ساڵیەوە، لەبەرامبەردا دامەزراندنی ئەو گەنجە بێکارانەی کە خوێندنیان تەواوکردووە.
٣- دامەزراندنی پەیمانگای ڕاهێنانی پیشەیی لەسەرجەم بوارەکاندا بۆ ئەوەنەی بێکارنو فێرکردنیان لەو بوارەی کە خۆیان ئارەزوومەندنو خەرجکردنی موچە بۆیان تا کاتی بەکارخستنیان.
٤- هاندانی ئەو فەرمانبەرانەی کە لەکەرتی گشتیدا دامەزراونو حکومەت پێویستی پێیان نییە، بۆ کارکردن لەکەرتی تایبەت لەهەمان پسپۆڕی خۆیاندا، لەبەرامبەردا ٥٠٪ی مووچەکانیان بۆ ماوەی لانی کەم ٣ ساڵ لەکەرتی تایبەت وەربگرن.
٥- دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنو باری تەندروستیان بۆ کارکردن گونجاوەو بێکارنو ناویان لەفەرمانگەیەکی تایبەتی حکومی تۆمارکراوە، تا ئەو کاتەی کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە.
٦- چاوخشاندنەوە بە سیستمی مووچەو گەڕاندنەوەی ئەو پارە بەهەدەردراوانەی کە لەبودجەکانی ساڵانی ڕابردوودا لەسەرجەم بوارەکاندا خەرجکراوە.
٧- لابردنی هەموو ڕێگریو ڕۆتینێک لەبەردەم ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەی دامودەزگا حکومیەکاندا، بەتایبەت لەبواری وەبەرهێنانداو لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە دەبنە هۆکاری ڕێگریەکان.

• پڕۆژەی ناوەند خایەن

١- کاراکردنی بانکەکانو دابەزاندن یان لابردنی نیسبەی سوود لەسەر ئەو قەرزانەی لەبوارەکانی پیشەسازیو کشتوکاڵ دەدرێت.
٢- بۆ بەرهەڵستکردنی هەڵاوسانی دەستکرد، پێویستە لەسەر حکومەت بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان قەرز لەڕێگەی بانکە نێودەوڵەتیەکانەوە بەگەرەنتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینبکات، بۆ پڕۆژەکانی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان بەیەکسانی.
٣- دامەزراندنی پڕۆژەی کشتوکاڵی پیشەسازی کە سوود لەبەروبومی کشتوکاڵی ناوخۆیی وەربگرێت.
٤- دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەش (شەریکەی موساهەمە) لەبوارەکانی (کارەبا، نەوت، غاز، کشتوکاڵ، پیشەسازی) بەپشتگیری حکومەتو بەشداریکردنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.
٥- بەگەڕخستنەوەی پارێزگاریکردن لەپیشەسازیە ناوخۆییەکانو هاندانیان بۆ زیادبوون.

• پڕۆژەی درێژ خایەن

١- دووبارە دیزاینکردنەوەی شارەکان لەچوارچێوەی خزمەتکردنی ژینگەو کۆمەڵگە، بەشێوەیەک شوێنە بەپیتەکان بەکشتوکاڵو سەوزایی بمێنێتەوەو ناوچە بەردەڵانو بێ پیتەکان بکرێت بەپڕۆژەی نیشتەجێبوون.
٢- دامەزراندنی کۆمپانیای پترۆکیمیاویات بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ناوتی خاوی هەرێمی کوردستان، بۆ پیشەسازیو دروستکردنی ئەو موادانەی لەنەوتی خاو دەردەهێندرێت.
٣- هاندانی کۆمپانیا نێودەوڵەتیە ناسراوەکان بۆ هێنانی کارخانەی کۆکردنەوەو بەستن (الصناعات التجميعيه) بەهاوکاری لەگەڵ بریکارەکانیان لەبوارەکانی پیشەسازی ئامێرەکانو تەکنەلۆجیای زانیاری.

یەکێتی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان/ لقی سلێمانی پێشنیاز دەکات بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو کەرتی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەی سەرەوە، کە لەبەرژەوەندی سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندایە.

# چاوەڕێ بووم سەرۆکەکانی وڵاتەکەم بێدەنگ



د.محەمەد ئەمین عەلی عومەر

زۆر چاوەڕوانی سەرۆکەکانی وڵاتەکەم بووم (سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی عێراقی فیدراڵو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) بێدەنگو هەڵوەستەکردن بە شێوەیەکی مرۆڤانەو باوکانە، بەڵام ئەوە زیاتر لە (٢) هەفتە بەسەر ڕووداوە دڵتەزێنەکەی شاری سلێمانی تێپەڕی، کە خوێنی لاوانی لەسەر جادەکان ڕژان، بێئەوەی یەکێک لە سەرۆکەکان هەستی هاوڵاتییبوونو مرۆڤایەتی بجووڵێنێتو باسو هەڵوەستەیەک بکات! تۆ بڵێیت دڵیان بە هاوڵاتییانی وڵاتەکەیان بسووتێت! باشە ئەگەر کوڕێکی ئەوان، یان خزمێکیان خوێنی لووتی بەربوایە، هەروا بێدەنگ دەبوون، یان ئەو کاتە هەڵوەستەیان دەکرد؟!، پرسیارەکە لێرەدایە، ئایا ڕۆڵەی ئەم وڵاتە بە هاوڵاتی خۆیان دەزانن؟ بە هەرحاڵ لەگەڵ ئەو هەڵوەستەنەکردنەی سەرۆکەکانمان بە پۆزێتڤو نەگێتڤ، کە سەیری میدیاکانی سەر بە دەسەڵات دەکەیت سەروبنی زمانیان گێرەشێوێنییە، وەک ئەوەی هاوڵاتی ئەم وڵاتە هەمووی گێرەشێوێن بن، بۆ ئەم گەنجانە هاوڵاتی ئەم وڵاتەنین؟! باشە ئەو دوو حیزبەی ئێستا دەسەڵاتی سیاسیان بەدەستە لەبیریان چووەوە ئەو کاتەی ئێمە لە زانکۆ دەڕژاینە سەر شەقامەکان دژی حیزبی بەعسی داگیرکەر گێرەشێوێنو موخەڕیب بووین؟! بڵێی ئەو کاتە حیزبی بەعس لەسەر هەق بووبێت، کە بە موخەڕیبو گێرەشێوێن ناویان دەبردین؟! وەک بیرکردنەوەی ئێستای ئەم حیزبانە کە خۆیان بە هەق دەزاننو هاوڵاتیش بە گێرەشێوێنو تێکدەر.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی سیاسیی خۆیان بە نیشتمانپەروەر دەزانن، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن، چ پاسەوان، یاخود خۆپیشاندەران هاوڵاتی ئەم وڵاتەن، دەبێ عەقڵیەتی سیاسیان بگۆڕن، پاساو نییە بۆ خوێنڕشتنی هاوڵاتی بە هیچ شێوەیەک، خوێنڕشتنی هاوڵاتی خەتی سوورە.

زۆرم بەلاوە سەیرە کە باس دێتە سەر ئەو بوومەلەرزە سیاسییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، دژ بە گەندەڵییو نادادوەریی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتدارانی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان دەڵێن؛ ئێمە لە میسرو تونس ناچین، بەڵکو ئێمە زۆر لە پێش ئەوانەوەین، نازانم لە چ ئاستێکدا لەپێش ئەوانەوەین؟ لە نەبوونی سوپایەکی نیشتمانیی وەک ئەوەی میسرو تونس! یان لە نەبوونی موئەسەساتی مەدەنی! یان لە نەبوونی حکومەتێکی نیشتمانیی دوور لە دەستێوەردانی حیزبایەتی! یان لە بوونی حکومەتێکی خێڵەکیی؟!!!.

بەردەوام ترسی ئەوەمان هەیە کە دەسەڵاتی سیاسیی ڕێڕەوی ئەم خۆپیشاندانە بگۆڕێت، لە خۆپیشاندانی هاوڵاتی دژی گەندەڵیی سیاسییو نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ ململانێیەکی حیزبی خێڵەکیی بە بەرنامەیەکی داڕێژراو بۆ شێواندنی ڕاستییەکان، کە خودی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لێی بەرپرسە، ئەوەش بە مەبەستی تەسفیەکردنی لایەنێکی دیاریکراو.

بۆیە داوا لە هاوڵاتییانو گەنجەکان دەکەین هێمنیی بپارێزن تا دەتوانن لە خۆپیشاندنەکاندا شارستانییانە هەڵسوکەوت بکەنو هیچ پاساوێک مەدەنە دەست دەسەڵاتی سیاسیی کوردی گوللەبارانتان بکەن، هەرچەندە دەزانین خوێنی هاوڵاتی خەتی سوورە، بەڵام لەوە دەچێت ئەوان ئەم ڕاستییە نەزانن.

ئەوەی منی سەرسام کردووە، ئەم پرسیارانەیە کە پێویستیان بە وەڵامدانەوەیە:

١- ئایا هاوڵاتی لەم وڵاتە پیرۆزە؟
٢- ئایا خوێنی هاوڵاتی خەتی سوورە؟
٣- ئایا شەقام بە گوللە بێدەنگ دەکرێت؟
٤- ئایا گرفتی دەسەڵاتی سیاسیی، یان ئەولەویاتی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان بازرگانییو بەرهەمهێنانە، یان بەرگریکردنە لە ژیانی هاوڵاتی، ئایا ئەوان بازرگانن، یان سیاسی؟
٥- ئایا هاوسەرگیریی دەسەڵاتو سامانو خزمایەتی پیرۆزترن، یان ڕازیکردنی هاوڵاتییان؟
٦- ئایا دەسەڵاتی سیاسیی جدییە لە گۆڕانکاریی سیاسییو چاکسازیی بنەڕەتی؟
٧- ئایا تا کەی چاوەڕوانی ئەوەبین لەشکرێکی نیشتمانیمان هەبێت سەر بە حیزبەکان نەبن؟

رۆژنامە

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات | خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە | سەرنووسەر: ئازاد چالاک | www.sbeiy.com

بەڕێوەبەری نووسین: سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com — هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری: شاخەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕیو ڕیکلامو ئاگاداریی: ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ info. rozhnama@gimail.com riklam.rozhnama@gimail.com

ناونیشان: سلێمانی: زەرگەتە. گردی زەرگەتە. کۆمپانیای وشە. هەولێر: گەڕەکی زانکۆ. چوارڕیانی حەمرین. تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە (٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢)

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠ ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١

بۆچوون

**د.دانا سەعید سۆفی: داوای ڕەوای نەوەی سەرشەقامەکان، داوایەکە بۆ پەڕینەوە لە پارادایمی شۆڕشەوە بۆ پارادایمی جەماوەر**

## جنۆکە



**پشکۆ ناکام**

بڕواناکەم کەس هەبێت لە هەرێم ئاگاداری گەندەڵیی‌و تێوەگلانی گەورە بەرپرسانی (جووت حیزب) نەبێت لە گەندەڵیی‌و گەندەڵچییەکان، خەڵکی داماوە هەر لە بەخەبەربوونیانەوە تا نووستن‌و زۆرجاریش لە خەویشدا تێکەڵ بە گەندەڵیی بوون، کە خەو بە بەرپرسێکی گەندەڵ ببینی خەوەکەشت لێ حەرام دەبێت، کەچی تازە بە تازە سەرۆکی هەرێم دەڵێت: (ئەی من بۆ گەندەڵیی نابینم! توخوا کێ (گەندەڵ)ی بینی ئاگادارم بکاتەوە)، لەوەش دەچێت گەندەڵیی تەبیعەتی جنۆکەی هەبێت، هەموو کەس باسی دەکات‌و خۆشی دیارنییە، هەر بۆیە ئەو زاتەش نایبینێت!، جا چی بکەین باشە بۆ ئەوەی گەندەڵیی بدۆزینەوە؟ خۆ ئایەتێکیش نییە باس لە گەندەڵیی بکات وەک ئەوەی باس لە جنۆکە دەکات، تا ترسەکەمانی پێبشکێنین... دەوترێت کە بڵێیت؛ (بسم الله) جنۆکە دەترسێت‌و خۆی ون دەکات، چی بدۆزینەوە بیڵێین؛ بۆ راونانی گەندەڵیی؟!، یاخود وەک ئەمریکای زەمانی (کاوبۆی) کە بەدوای تاوانبارێکدا بگەڕانایە، ئەفیشێکیان دروست دەکردو دەیاننووسی (wanted) واتە داواکراوە، تۆ بڵێی هەرێم‌و سەرۆکەکەی نەتوانن ئەفیشێک، پۆستەرێک دروستبکەن‌و بە گەورەیی لێی بنووسن (داواکراوە)، بەڵام لێرەدا گرفت ڕەسمەکەیە، کام ڕەسم دروست بکەن بۆ ناسینەوەی گەندەڵیی لەسەر ئەفیشەکە، تا جەنابی سەرۆک بزانێت کێیەو گەر سوتفەی کرد بە (زێرەڤانی) بیدا بە گرت، دەکرێت ڕەسمی هەرچی دەستڕۆشتووەکانی (جووت حیزب) هەیە تێکەڵی بکەیت‌و چی لێ دەرچوو، ئەوە ڕەسمی گەندەڵیی خۆیەتی‌و با لەسەر ئەفیشەکە چاپ بکرێت، گەر «گەندەڵیی» ئەوەندە بچووکە سەرۆکی هەرێم نەیبینێ، ئەوا دابەشکردنی (میکرۆسکۆپ) بەسەر هەموو هاوڵاتییان چارەسەرێکی خراپ نییەو ناوبنرێت (گەندەڵیی سکۆپ) هەرکەسێک شتی لێ دۆزییەوە ئاگاداری «دژە تیرۆر» بکات!، چونکە گەندەڵیی لە خانەی «تیرۆرە»، ئەگەر ئەو هێزە مەشغوڵی راونانی خۆپیشاندەرەکان نەبێت، یان هەر حیزبییەک دامەزرا سوێندو تەڵاقی بدەن کە گەندەڵیی نەکات، هەرچەندە ئێستا سوێندو وعود (کەمالیاتە)... دەشکرێت لە هەرێم ڕۆژێک بکرێت بە (پشووی گشتیی)و هەریەک لە شوێنی خۆیەوە بە گەندەڵیی سکۆپ‌و کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکانیان بەدوای گەندەڵیدا بگەڕێن... کە (مار) بە قسەی خۆش لە کونەکەی بێتە دەرەوە، بڕواناکەم بە هەموو (نوکتە)ی (دنیا) گەندەڵیی خۆی بە ئاسانی پیشان بدات، چونکە هەر ماڵە بەرپرسێک دە پانزە ماری خۆحەشاردراوی گەندەڵیی تیایە، من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە (خەڵات)ی (پارە) دابنرێت بۆ ئەوانەی یارمەتی سەرۆک! دەدەن لە دۆزینەوەی گەندەڵیی، چونکە نیوەی بودجەکەی هەرێم بەشی ناکات!! با هەموومان یەک دەستو دوو چاو بگەڕێین بەدوای جنۆکەی ئەزموونەکەمان، کە (گەندەڵیی)یە...

# ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان‌و قەیرانی پارادایمی شۆڕش



**د. دانا سەعید سۆفی***

لەم وتارەدا، دەمەوێت باس لەوە بکەم کە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو سەرهەڵدانی ڕاپەڕین‌و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی لای خۆشمان وەک وەئاگاهاتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی، پێمان دەڵێن کە سیستمو بەهاکانی شۆڕش یان پارادایمی شۆڕش کە تا ئێستا شەرعییەتی بە ڕەفتارو گوفتاری سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی داوە، ئێستا لەقەیراندایە، بەڵام سەرەتا دەبێت باس لە هەردوو تێرمی شۆڕش‌و پارادایم بکەم.

مانا فراوانەکەی شۆڕش، واتە گۆڕینی یان هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری سیستمێک، بۆ نموونە لە بواری پیشەسازیی‌و ئابووریی، زانستی‌و فیکریی یان سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەم گۆڕینە مەرج نییە هەموو کاتێک پۆزەتیڤ بێت.

تێرمی پارادایم، زۆرجار لەگەڵ سیستم، یان گوتار تێکەڵ دەکرێت، یان وەک هاوواتا بەکاردەهێنرێت. تێرمی پارادایم، پەیوەست دەکرێتەوە بە تۆماس کۆن کە لە کتێبی ستراکچەری شۆڕشە زانستییەکان (١٩٦٢) باس لەو تێرمە دەکات وەک نموونەیەکی ئایدیال، یان قاڵبێکی داڕێژراو لەنێو زانستدا کە شەرعییەت دەدا بەوەی کە چ پرسیارێک گرنگە بکرێت‌و چاوەڕوانی چ وەڵامێکیش بکرێت. لەنێو پارادیمێکدا، شارەزاو لایەنگران بەگوێرەی ڕێساو بەهاکانی ئەو نموونەیە رادەهێنرێن‌و مەعریفەی ئەو پارادایمە وەک فاکتو هەقیقەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. پارادایمێک ئەو کاتە دووچاری قەیران دەبێت کە کۆمەڵێک ئەنۆمالی، واتە ئینحیراف لەو ڕێسایانە ڕوودەداتو دامەزراوەکانی ئەو پارادایمە وەڵامی پێ نییە بۆ ئەو لادانانە، یان ئەو پرسیارە نوێیانەو ئیدی لێرەوە شۆڕش ڕوودەداتو پارادایمەکە دەگۆڕێت. تۆماس کۆن، گۆڕینی تیۆرەی میکانیکی کلاسیکی نیوتۆن بۆ نەزەرییەی ڕێژەیی ئەنیشتاین بە نموونەیەک بۆگۆڕانی پارادایم دادەنێت، لای تۆماس کۆن گۆڕانی پارادایم جۆرێک لە ناعەقڵانییەتی تیایە، لەبەر ئەوەی ناتوانرێت دوو پارادایمی جیاواز لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن، حەقانییەتی پارادایمەکان دەبێت لە مەوقیعییەتێکی ناو خودی پارادایمەکە هەڵسەنگێنرێت، بەهەرحاڵ ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

واتە، سەرەتا پارادایم هەیە کە ئەو پارادایمە ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی سەردەم بێت، دووچاری قەیران دەبێت، ئیدی بواری سەرهەڵدانی شۆڕش هەیە، دوای شۆڕش لایەنگران‌و پسپۆڕانی شۆڕش کار لەسەر چەسپاندنی بەهاو ڕێساکانی پارادایمە تازەکە دەکەن‌و وەک هەقیقەتو فاکت دەیانناسێنن، دوای ماوەیەک لەوانەیە ئەو پارادایمە تازەیەش کە کۆن دەبێت‌و لەکاردەکەوێت، دووچاری قەیران دەبێت، دواتر شۆڕشێکی تر سەرهەڵدەداو ئیدی بەم شێوەیە تادوایی پرۆسەکە بەردەوام دەبێت. دیارە ئەو بیردۆزەیە جێگای ڕەخنەیە، بەڵام من ناچمە سەر ئەو باسەو ئەگەر ئاوا بەکاری بهێنین، دەمەوێت بڵێم ئێمە ئێستا لە رووی سیستمی سیاسییەوە لە قۆناغی قەیرانەکەداین کە سەختترین‌و ناڕوونترین قۆناغە لەپرۆسەکەدا.

لە ڕووی سیاسییەوە، لە شۆڕشدا ڕێکاری توندوتیژیی میتۆدێکە شەرعییەتی هەیە، هەربۆیە زۆرجار جیاوازیی نێوان کودەتاو شۆڕش تاڵەمویەکە، بەڵام جیاوازییەک کە بتوانین کە دڵمان پێی خۆش بێت لە نێوانی شۆڕش‌و کودەتادا، ئەوەیە کە شۆڕش دەبێت پشتیوانیی جەماوەریی هەبێت.

ڕاپەڕینی جەماوەریی (١٩٩١) لە کوردستان، بزووتنەوە شۆڕشگێڕە چەکدارییەکەشی وەک بەشێک لەو ڕاپەڕینە، ویستی گەل بوو بە ئامانجی ڕزگاربوون لە زوڵم‌و چەوسانەوە لەژێر ڕۆشنایی بەهاکانی پارادایمی شۆڕشی بەعس. ئاکامی ڕاپەڕین، پەڕینەوە بوو لە پارادایمی بەعس بۆ پارادایمی شۆڕشی کوردستان‌و هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە، هەوڵدرا لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە کۆمەڵێک بەهاو سیمبولی هاوبەش وەک گوتاری ڕەسمیی بناسێنن، بە واتایەکی تر کەلتوورێک دروست بکەن کە ببێتە بنەماو ڕێنیشاندەر بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان، دابەشکردنی ئیمتیازاتو بەڕێوەبردنی وڵات، بەشێکی باڵادەستی ئەو کەلتوورە بەهاو سیمبولەکانی شۆڕش بوون، بۆ نموونە پێشمەرگەو قوربانیی. ئەم بەهایانە تا ماوەک کاری خۆیان کرد، بەڵام لەبەرئەوەی خراپ بەکارهێنران لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بووە هۆی دروستکردنی جیاکاریی لەنێوان گرووپو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا. مەبەستی من ئەوەیە کە سەرچاوەکان لەهەموو کۆمەڵگایەک سنووردارن‌و کاتێک کە بەهاکانی شۆڕش وەک پرەنسیپێکی خۆبەڕێوەبردن ڕەوایەتی دەدەن بە نایەکسانی لە دابەشکردنی سوودو سامانە کۆمەڵایەتییەکان، لەهەمانکاتیشدا ڕەوایەتی دەدەن بە جیاوازیی نێوان گرووپو چینە کۆمەڵایەتییەکان، دەوڵەمەندو هەژار، سوودمەندو هاوڵاتی، شۆڕشگێڕو جەماوەر. پرسیاری «چیت کردووە؟» یاخود گرنگی سی ڤی هەرکەسێک بەگوێرەی پێوەری توانایی‌و پسپۆڕیی نەبووە، بەڵکو دوورو نزیکی لە بەهاکانی شۆڕش‌و حیزبەکان بووە. ئاکامەکەش حاڵەتێکە لە نائومێدیی‌و لەدەستدانی متمانە لای زۆرینەی خەڵک، وەک ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەستی پێدەکەین، لەبەرئەوەی بەهاکانی شۆڕش، زۆر قورس کەوتەوە لەسەر ژیان‌و خۆشگوزەرانی زۆرینەی خەڵک، بەتایبەتیش لەسەر ژیانی نەوەی نوێی گەنج، نەوەی دوای ڕاپەڕین.

زۆربەی شۆڕشە سیاسییەکان، دوای ماوەیەک جۆرێک لە نائومێدیی جەماوەرییان بەدوادادێت، بە هۆی چەقبەستن‌و مانەوە لەنێو سەروەریی شانازییەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕش، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە چوارچێوەی کەلتووری شۆڕشگێڕیدا، مەترسی دروستبوونی دیکتاتۆرو دیکتاتۆرییەت هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە شۆڕش ڕەوایەتی دەدات بە دەسەڵاتی کاریزمایی‌و ڕەهای سیمبولەکانی شۆڕش‌و جیاکاریی لەنێوان ئەوانەی کە لەبەرەی گەل‌و شۆڕشدان‌و ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئەو بەرەیەدان، ئەوانەی کە لەبەرەی شۆڕشدا نین، وەک ئەوەیە کە هەمان مافو ئازادییەکانیان نەبێت وەک «شۆڕشگێڕەکان» یان «حیزبییەکان».

زۆر لە دیکتاتۆرەکانی دنیا، لەڕێی شۆڕش یان کودەتاوە هاتوونەتە سەرحوکم، بەشێکی زۆر لە سەرۆکو دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دوای حوکمێکی دوورودرێژیش، لە ڕێی گوتاری شۆڕشەوە ڕەوایەتی بە گوفتارو کردارەکانیان دەدەن، ئیدی زۆر سەیر نییە کە موعەمەر قەزافی دوای زیاتر لە چل ساڵ حوکمکردن، ئەو پێیوایە کە هێشتا ئەو پێشەوای شۆڕشەو شۆڕشیش هەر بەردەوامە، لە ڕێی ئەو گوتارەوە ڕەوایەتی نەک هەر بەدەسەڵاتی خۆی دەدا، بەڵکو بە لەسێدارەدانی هەموو بەرهەڵستکارانیشی. لەوانەیە زۆر کەس بڵێن، جا قەزافی دەسەڵاتدارێکی شێتە، بەڵام بە باوەڕی من هەموو کەلتوورێکی شۆڕشگێڕیی بواری ئەوەی تیایە گەشەبکات بۆ مۆدێلێکی دیکتاتۆریی لە بابەتی قەزافیی‌و هاوشێوەکانی، لەبەرئەوەی ڕەوایەتیدان بەبەردەوامیی‌و بەهاکانی شۆڕش، ڕەوایەتیدانە بە دەسەڵاتێکی دیاریکراو بە قازانجی گرووپێکی دیاریکراو.

شۆڕش لای ئێمە بە کۆمەڵێک بەهاو سیمبولی سیاسییەوە بەستراوەتەوە، بۆ نموونە: پێشمەرگە، شەهید، سەرکردە، خوێن، قوربانی. ئەو بەهایانە لە زۆربەی بوارەکانی ژیان لای ئێمە بەکارهاتوون، بۆ نموونە لە سیاسەت، ئابووریی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕەوایەتیدان بە دابەشکردنی ئیمتیازات، عەرزە وەرگرتن، دامەزراندن، تەندەرووەرگرتن، وەرگیران لە زانکۆ، پلەوپایەو هتد. دیارە بەهۆی ململانێی حیزبایەتی‌و پەیوەندیی خێڵەکییەکان ئەو بەهایانە زۆر بە خراپی بەکارهاتوون، بەشێوەیەک کە زیاتر لە خزمەتی گرووپێکی کەمی «شۆڕشگێڕەکان» بووەو زیاتر خەڵکانێکی نزیک لە دەسەڵات لێی سوودمەند بوون. ئەو بەهایانە، بەهاکانی شۆڕش بەشێوەیەکی زۆر چڵێسانە بەکارهاتوون بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایەو دەسەڵات کە بەتاڵبوونەتەوە لە مانا «پیرۆزەکانیان»، بەهاکانی شۆڕش ئیدی هێندە بەکارهاتوون، ڕەونەقیان نەماوەو تەنیا دەلالەت لە سوودی مادیی دەکەن بۆ گرووپێکی دیاریکراو.

من خۆم کەسێکم کە هەموو بەهاکانی شۆڕشم تیایە، زیندانی بەعس بووم، پێشمەرگە بووم، برا شەهیدم، ئاوارە بووم‌و ماڵەکەمان چەندین جار سووتێنراوە، هەم لەلایەن عەرەبەو هەم لەلایەن کوردەوە، خێزانەکەمان هەمووی پێشمەرگە بوون‌و زیندانیان بینیوە، بەڵام بەویژدانەوە دەڵێم کە پارادایمی شۆڕش‌و بەهاکانی بەسەرچوون، ئەمەش لەبەر چوار هۆی سەرەکی:

١- ئەو بەهایانە بۆ ماوەکی زۆر کاری خۆیان کردووەو قەرەبووی جیاوازییە کۆمەڵاتییەکانی بەزیادەوە کردووەتەوە کە بەهۆی قوربانیدان دروست ببوو، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەهاکانی قوربانیی‌و شۆڕش خراپ بەکارهێنراون‌و کۆمەڵێک کەسی نزیک لە دەسەڵات کە شایستە نەبوون، سوودمەندی پلە یەک بوون لەژێر ناوی قوربانیی‌و شۆڕشەوە، واتە بەهاکانی شۆڕش بوونەتە هۆیەک بۆ سەرهەڵدانی نیپۆتیزم، خزمخزمێنەو مەحسوبییەت، بە واتایەکی تر گەندەڵیی‌و نادادپەروەریی.

٢- ئەمە بێجگە لەوەی کە پارادایمی شۆڕش کۆمەڵگای کوردستانی دوولەت کردووە، بەو مانایەی کە جیاکاریی دەکات لە ڕووی ئیمتیازاتو ستاتوی کۆمەڵایەتییەوە لەنێوانی ئەوانەی کە شۆڕشگێڕن‌و ئەوانەی کە شۆڕشگێڕ نین، لەنێوانی حیزبیی‌و ناحیزبیی، مەسئول‌و جەماوەر... هتد.

٣- دەبێت ئەوەش بزانین کە بیست ساڵ بەسەر باڵادەستی بەهاکانی شۆڕش تێپەڕیوە، لەدوای ڕاپەڕینەوە نەوەیەکی نوێ دروست بووە کە سەروەریی‌و بەهاکانی شۆڕش هیچ سوودێکی مەعنەویی‌و پراکتیکی ڕاستەوخۆی نییە بەسەر ژیانی ڕۆژانەیداو لەوانەیە هەندێک بڵێن ڕزگاریی‌و ئازادیی سوودێکی گەورەو گەوهەرییە بۆ گەشەسەندنی ئەو نەوەیە، لەڕاستیدا وایە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو نەوە لەنێو خودی ئازادیدا چاویان هەڵێناوە، یان گەورەبوون‌و لەزاکیرەی جەماعی ئەو نەوەیە نوێیەدا بەهاکانی شۆڕش زۆر جێگیر نییە، هۆیەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگنەدانەوەی بەهاکانی شۆڕش لەژیانی ڕۆژانەی ئەو نەوەیە، هۆی دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ فەشەلی سیستمی پەروەردە لە تەوزیفکردنی بەهاکانی شۆڕش وەک بەهایەکی کۆمەڵایەتی گشتگیر. مەسەلەیەکی تریش ئەوەیە کە گوناحی نەوەی نوێ چییە کە لەسەردەمی شۆڕش لەدایک نەبووە بۆئەوەی ئیمتیازاتەکان بیگرێتەوە؟

٤- دواجار تێکەڵاوبوونی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیاو گۆڕانکارییەکانی سەردەم، لەگەڵ بەهاکانی شۆڕش ناگونجێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە بەشێوەیەکی گشتیی مەفهومی شۆڕش لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی مودێرن‌و دیموکراسی ناگونجێت. وەک وتم، بەهاکانی شۆڕش دەبنە مایەی بە پیرۆزکردنی دەسەڵاتێکی کاریزمایی‌و بنەمایەک بۆ جیاکاریی لەنێوان چین‌و توێژە کۆمەڵایەتییەکان کە لە سیستمی دیموکراتی‌و مۆدێرندا بەو شێوەیە نییە.

ناڕەزاییە زۆرەکانی هاوڵاتییان لەسەر ئەدای دەسەڵاتی کوردی، بوونی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەروەها خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی بەردەرکی سەراو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، پێمان دەڵێن کە پارادایمی شۆڕش بەسەرچوو، پێویستە بپەڕینەوە بۆ بەڕێوەبردنی مۆدێرن‌و دیموکراسی، ئەو پەڕینەوەیە زۆر ئاساییە، لەبەرئەوەی بەهاکانی شۆڕش لەکارکەوتوون‌و ناتوانن لە خزمەتی تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵدا بن، بە تایبەتیش ئەو نەوە نوێیەی کە ئێستا تووڕەیەو سەرشەقامەکانی لەدەسەڵات گرتووەو کردوویەتی بە مینبەرێک بۆ داواکارییەکانی، ئەو نەوەیەی کە پەراوێزکراوەو نامۆیە بە بەهاکانی شۆڕش، لەسەر شەقامەوە دەیەوێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی‌و دەسەڵات ناچاربکات گوێی لێبگرێت‌و چاکسازیی بنەڕەتیی ئەنجام بدات. داوای ڕەوای نەوەی سەرشەقامەکان، داوایەکە بۆ پەڕینەوە لە پارادایمی شۆڕشەوە بۆ پارادایمی جەماوەر.

*** ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**




REKLAM
KONKA
LED TV
دیزاینێك لەوپەڕی خەیاڵ...
1.99 cm
HDMI
USB
VGA
Al-Sard Group Co., LTD.
www.askome.com


REKLAM
نزیکتر لە سروشت
نزیکتر لە ژیان
گاردن سیتی
شـــارێک لەسەر ١٢٠٠٠٠م٢ کە ٧٥٪ی باخچەو ســـەوزاییە
دابین کردنی مەسعەد لە پارکی داخراوەوە بۆ شوقەکان
گـــەیاندنی بـــۆری غـــاز بـــۆ شوقەکان
دوو جۆر عەزلی سەرماو گەرماو دەنـگ
شـوقەی دوو نهۆم ٢٨٥ م٢
شوقەی یەک نهۆم ٢٢٠ م٢
لـەگەڵ گەراج و گەنجینە
halabjagroup
گرووپی هەڵەبجە
ناونیشان: سلێمانی _شەقـامی بازنەیی مەلیك مەحمود - گەڕەکی کوردسات _خوار نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی
مۆبایل:٠٧٥٠١١٤١٨٨٨-٠٧٥٠١١٤١٨٨١ | ئیمەیل: gardencity@halabjagroup.com